د. فەرهاد پیرباڵ

# ژەنەراڵ شەریف پاشا

( ١٨٦٥ - ١٩٥١ )

یەکەمین سیاسەتمەداری کورد

کە داوای دەوڵەتێکی سەربەخۆی بۆ کورد کرد



# ژەنەراڵ شەریف پاشا
## (١٨٦٥-١٩٥١)

**یەکەمین سیاسەتمەداری کورد**

**کە داوای دەوڵەتێکی سەربەخۆی بۆ کورد کرد**

**نوسینی: د. فەرهاد پیربال**

**سەرنج :**

هەرکەموکوڕیو ناتەواویەك لە وێنەو بەڵگەنامـەکاندا هـەبێت ، نووسـەر لێـی بـەر پرسـیارە، چونکە نووسەر جگە لەو وێنەو بەڵگەنامانە هیچی تری نەبووە بۆ بڵاوکردنەوەو بوونیشیان لـە کتێبەکەدا گرنگ بوو.


- ناوی کتێب: ژەنەڕاڵ شەریف پاشا
- ناوی نووسەر : د. فەرهاد پیرباڵ
- بابەت: تۆژینەوە
- ئەرشیفی: ماڵی شەرەفخانی بەتلیسی لە هەولێر
- مۆنتاژ: سەیران عبدالرحمن
- تیراژ: ٦٠٠ دانە
- ژمارەی سپاردن : ٣٣٦ ی ٢٠٠١
- چاپی یەکەم : سلێمانی
- کۆمپیوتەرو ئۆفسێتی دەزگای سەردەم

زنجیرە کتێبی دەزگای چاپو پەخشی سەردەم ( ١٦٨ )

## پێشکەشە :

ئەم کتێبەم، پێشکەشە بە باوکم، **پیربـاڵ قـەصاب**، کە ئێستاش، لـە تەمەنی ٩٢ ساڵیی خۆیدا، کاتێ لە بەختی کورد تووڕە دەبێ، بە هـەمان ئاوازی دڵشکاوی ژەنەراڵ شەریف پاشاوە، دەڵێ:

"ئەجاغدەن مەشە ئۆڵماز
کوردتەن پەشە ئۆڵماز"
"جەمشیدی شا ئۆڵرسەو
کیمسە بەخماس یووزووە
مەعریفەت مەنقرە دەگماس
ئەهلی پوول دەورانیدیر".
واتە :
دار ماشەی لێ دروست نابێ
کورد پاشای لێ پەیدا نابێ
با جەمشیدی پاشاش بیت
کەس تەماشای چەهرەت ناکا
ئەمڕۆ سەردەمی پارەدارانە



**وێنەی ژەنەراڵ شەریف پاشا**

# له جیاتی پێشەکی

ئـەم کتێبـە هەوڵدانێکـە بـۆ نیگـاراندنی پۆرترێتـی سیاسـەتمەدارێکی کـوردی "دووره وڵات"، کە بۆ یەکەمین جار لـە مێـژووی خـەباتی نێودەوڵـەتیدا، خـەونی بـە دامـەزراندنی دەوڵەتێکی کوردییەوه دەبینی و کاریشی بۆ دەکرد؛ هەروەها هەوڵدانێکە بـۆ کۆکردنـەوەی پارچە زیواڵ زیواڵەکانی مێژووی نەتەوەیـەك کـە لـە چـارەکی یەکـەمی سـەدەی بیسـتەمدا چاوی ئاواتی پڕیبووه ئەم سەرکرده تێکۆشەره.

ژەنـەراڵ شـەریف پاشـا (١٨٦٥-١٩٥١) ڕیشـەی لـە سـلێمانی، دڵـی لــە دیاربــەکر، دەستێکی لە ئەستەمبوڵ، دەستەکەی دیکەی لە ستۆکهۆڵم؛ قاچێکی لە پاریس، قاچەکـەی دیکـەی لـە پایتـەختی بـەریتانیا.. هەشـتا سـاڵ ژیـا و خــەباتی لــە پێنــاو دامــەزراندنی دەوڵەتێکی کوردیدا کـرد؛ کـەچی هیچـی بـە هیـچ نـەکرد. گۆڕەکـەی، ئێسـتا، ئـەوەتا لـە قاهیره: نازانین لە کام گەڕەك و لە کام گۆڕستان کەوتووه.

دەبێ دانی پێدابنێـم: ئـەوەی وای لێکـردم ئـەم سـەرکرده کـورده "نەناسـراو"ەم خـۆش بوێت، ئەوەی هانی دام بچم بـۆ مـاوەی حـەوت سـاڵان لـە پـاریس بـە دووای ئـەم ژەنەراڵـە کوردەدا وێڵ بم و بەدووای ساغکردنەوەی پارچە ونبووەکانی ژیانیدا بگەڕێم؛ پێـش هـەموو شتێك: سەرسامیی خۆم بوو بۆ شەخسیەت و ژیانی جەنجاڵی پڕ جەربەزەیی ئەم پیاوه. مــن، بە تەواوەتی، ژیان و شەخسیەتی خۆمم لە ئەودا دەدیتەوه. بە تایبەتیش، کاتـێ لـە ڕێگـەی پشکنینی دۆسییە شەخسییەکانی خۆیەوه لە پۆلیسخانەیەکی گـەڕەکی پێنجـەمی پـاریس، بۆم بە دیار کەوت کە ئەم زاته گەورەیە، لە کۆتایی ژیانیدا -دووای ئەم هەموو سەڵتەنەتو سامـان و تێکۆشانه، کە دەیویست ببێتە سـەرۆك دەوڵـەتی کوردسـتانی گـەوره!- نـائومێد دەبێت: هەموو پارەو سامـان و ژیـانی خـۆی لـە قومـارو کـەیف و نـایت کڵەبـەکان سـەرف

دەکات. لە کۆتاییشدا کە ئیفلاس دەکات، بێ پارەو پوول، بێ ماڵ و حاڵ، لەسەر جادەکانی پاریس دەکەوێت: وەك هەر لانەواز و لاکەوتەیەکی سەر شەقام ژیان بەسەردەبات. ئەم شکستە سیاسییە، ئەم نائومێدییە، ئەم ئاخرشەڕییە.. بەهرەی نووسینی ڕۆمانێکی دامێ. بەڵام پێش کەوتنە سەر نووسین، هەستام هەرچی بەڵگەنامەیەکی پەیوەندیداری ئەم ژەنەڕاڵە کە من دەستم دەیگەشتنێ، لە کتێبخانەکانی پاریس کۆم کردنەوە و تەرجەمەم کردن، وردە وردە لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاوم کردنەوە، ئیدی، وردە وردە، ناوی ژەنەڕاڵ شەریف پاشا کەوتە سەر زمانی شاعیرانیشەوە.

ئەم کتێبەی بەردەست، کەواتە، کتێبێکی ئەکادیمی نیە: هەرچەند، لە ئاکامدا، ئەم بەڵگەنامانە، زیاتر هەر خزمەتی تۆژەرو مێژوونووسان دەکەن، بەڵام کولتوور، لە ئاکامدا، هەموو ئەم تام و بۆ و بینینە یەکانگیرانەیە بەسەر یەکترەوە. من بۆ خۆیشم ، هەرگیز، نەمتوانیوە -ناشزانم بتوانم- کە مێژوو لە هونەر جودا بکەمەوە.

ژەنەراڵ شەریف پاشا (١٨٦٥-١٩٥١) جگە لەو یاداشتنامەیەی بە زمانی فەرەنسی لە بارەی (داخوازییەکانی گەلی کورد ) لە ساڵی (١٩١٩)دا لە پاریس بڵاوی کردۆتەوە، هەروەها بڵاوکردنەوەی گۆڤارێك بە ناوی مەشرووتیەت بە زمانی فەرەنسی؛ بە پێی لیستی ئەو کتێبە کۆنانەی لە ئەرشیفخانەی ئینالکۆ لە پاریس پارێزراون: خاوەن چەندین کتێبی دیکەشە بە زمانی عوسمانلی و فەرەنسی، لەوانە: کوردامان- اهل صلیب- بە فەرەنسی، هەروەها (قرواسان).

کوردستان لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا، واتە لە سەردەمی شەریف پاشادا- کە سەردەمی دابەشکردنێکی تازەی کوردستان و پلانە گڵاوەکانی داگیرکەران بوو- بە ژیانێکی هەژەند و پڕ لە کارەساتی ئەوتۆدا ڕەت دەبوو کە هەر هەفتەیەکی ژیان: ڕاپەڕینێك بوو، هەر مانگێك: لاپەڕەیەکی درەوشاوەی مێژوویی بوو، گۆڕانکارییەك بوو، هەنگاوێکی شێرانەی تازە بوو.

(گەنجە کوردەکان)[1] ئەو نووسەر و رووناکبیرە کوردانە بوون کە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا، بەشی هەرە زۆریان، بە خواستی خۆیان، پەرتەوازەی شاری ئەستەمبول ببوون، لەوێ -لە لایەکەوە لەژێر کاریگەریتیی کولتووری ناسیۆنالیستی تورك و ئەرمەن و عەرەبدا، لە لایەکی دیکەشەوە لەژێر کاریگەریتیی راستەوخۆی کولتووری ئەوروپی، بە تایبەتی فەرەنسیدا- دەیانویست دووره ولاتبوونی خۆیان بکەنە تریبوونیك بۆ بووژاندنەوەی جموجولی ناسیونالیستی کوردو تازەکردنەوەی کولتووری کوردی. یەکیك لە دیارترین ئەو رووناکبیرە دووره ولاتانە، ژەنەرال شەریف پاشا بوو.

ئەم دووره ولاتییە خواستمەندانەیەی (گەنجە کوردەکان) لە ئەستەمبولدا بە یەکەمین هەنگاو لە قەلەم دەدریت لە میژووی دوورەولاتیی کورددا، کە وەك دەستاوەردیك، بە شیوەیەکی نەخشە بۆکیشراو، بەکاری بهینن بۆ دروستکردنی دیالۆگیکی شارستانیانە لەگەڵ جیهان و کولتووری رۆژئاوادا: لە پیناو تازەکردنەوەو بوژاندنەوەی ژیانی کولتووریو سیاسی کورد[2].

ئەم رووناکبیرە گەنجە کوردانە، لەهەر چوارپارچەکەی کوردستانەوە روویان کردبووە ئەستەمبول. گەلیك لەو رووناکبیرانە، لە زانکۆکانی ئەنقەرەو ئەستەمبول و پایتەختەکانی ئەوروپا خویندبوویان و بروانامەی بەرزیان هینابۆوە یان بەلای کەمییەوە فیری زمانەکانی تورکی و فەرەنسی و ئەلمانی و رووسی و یۆنانی و ئینگلیزی ببوون. ئەو زمانە بیگانانەیان بەکاردەهینا بۆ دەولەمەنکردنی ئەدەبیاتی کوردی و بەرەوپیشەوەبردنی دۆزی کورد.

بە کورتی: لەسەر دەستی ئەو نووسەر و رووناکبیرە گەنجە کوردانەدا بوو کە بیر و نووسین، بیری نەتەوایەتی و رۆژنامەنووسی، تیکەل بە یەکتر بوون؛ چەمکی تازە لە بارەی سیاسەت و ژیان و ئەدەب و شارستانیەت هاتنە ئاراوە.

(گـە نجـە کوردەکـان) یەکـەمین نـەوەی ڕووناکبـیرانی کـوردن کـە دووره وڵاتییـان، بـۆ یەکەمین جار، وەك "پرۆژەیەکی مەعریفی" بەکارهێنابێت و بە ڕاسـتیش لـە سـتراتیژیەتی ئـەو دووره وڵاتییـە تـێ گەیشـتبن. یەکـەمین هـەنگاوی ئـەم سـتراتیژیەتەیان بڵاوکردنـــەوەی یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی بوو لە ساڵی ١٨٩٨دا لە شاری قاهـیره. پاشـانیش -لـە مـاوەی ساڵانی ١٩٠٠-١٩٢٣دا دامەزراندنی یەکەمین چاپخانە و قوتابخانە کوردییەکان و چەندین کۆمەڵـە و ڕێکخـراوی پیشـەیی و ڕووناکبـیری و سیاسـی، هـەروەها بڵاوکردنـەوەی دەیـان کتێبی دانسقەی تازەو ڕۆژنامە و گۆڤاری جۆراوجۆر لە دەرەوەو ناوەوەی کوردستاندا[٣].

جگە لە ئەستەمبوڵ و قاهیره، کە لـەو سـەردەمەدا دوو مـەڵبـەندی بڵاوکردنـەوەی بـیری نەوژەن بوون -نەك تەنیا بۆ کورد بـەڵکو بـۆ گـەلانی فـارس و عـەرەب و ئەرمـەن و تـورك خۆیشی- لە هەمان کـاتدا ئـەورووپاش (بـە تایبـەتی پـاریس و ژنێـڤ و لـەندەن) بـە سـێ مەڵبەندی گرنگ دەژمێردرێن کە نووسەرو سیاسەتمەدارو ڕووناکبیرانی کـوردی دووره وڵات چالاکییە جۆراوجۆرەکانی خۆیان تێدا ئەنجام دابێ[٤].

لە ماوەی ساڵانی ١٨٩٧-١٨٩٩دا، ڕووناکبیری کورد، د. عـەبدوڵڵا جـەودەت، لەگـەڵ هاوڕێکەی ، د. ئیسحاق سکووتی، کە پێکەوە لە زیندان و لە دەست زەبروزەنگـی سـوڵتان عەبدولحەمیددا ڕایانکردبوو، خۆیان گـەیاندبووە ژنێـڤ: لـەوێ دوو ڕۆژنامـەیان بـە زمـانی عوسمـانلی (تورکـی) دەردەکـرد؛ یەکـەمیان عوسمـانلی (١٨٩٧-١٩٠٤). دووەمیشـــیان اجتهاد (١٩٠٤). لەگەڵ ڕۆژنامەیـەکی دیکـە بـەزمـانی فەرەنسـی بەناونیشـانی osmanli (١٨٩٧ـ ١٨٩٩) کە پاشکۆی ڕۆژنامەی (عوسمانلی) بوو[٥].

لە لایەکی دیکەشەوە، ژەنەراڵ شەریف پاشا، لە ماوەی ساڵانی ١٩٠٩-١٩١٣دا، واتـە دوای هاتنـە سـەر حوکمـی تورکـە لاوەکـان Juns rurcs گۆڤـارێکی بـە ناونیشـانی (مـەشروتیەت Mechroutiette) بە زمانی فەرەنسی لە شاری پاریسـدا بڵاودەکـردەوە، ئـەو

گۆڤـارە ئۆرگـانی حزبەکـەی خـۆی بـوو، حزبـە رادیکـــالی عوسمـــانی- Parti Radicali Ottoman)[٦].

خوێنەر کە لاپەڕە درەوشاوەکانی ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانــە دەخوێنێتــەوە، زۆر بـە باشــی لەوە تێدەگـات کـە لـەو ماوەیـەدا، لـە ئـەورووپا، (عـەبدولڕەحمان بـەدرخان) و (عـەبدوڵڵا جەودەت) و (شەریف پاشا) و (ئیسحاق سکووتی) لە پاریس، لە ژنێڤ، لە لەندەن.. تـا چ ڕادەیـەك لـە غـەمی چـارەنووس و داهـاتووی نەتـەوە ژێردەسـتەکەی خۆیـان بوونـــە؛ چـۆن توانیویانە دوورە وڵاتیی خۆیان بکەنـە سـتراتیژیەتێك بـۆ خـەباتی سیاسـیو ڕووناکبیرانـەی خۆیان. ئەمەش، بێگومان، نەك تەنیا لە ڕێگای نووسین بـە زمـانی فەرەنسـی، عوسمـانی، کوردی لەو گۆڤارانەدا بەڵکو بە خەباتی سیاسیو ڕێکخراوەیـی و بەشـداربوون لـە چـەندین کۆنفرانسی نێودەوڵەتیانەی جۆراوجۆر لە ماوەی ساڵانی ١٩٠٠-١٩٢٣دا[٧].

ئەو ڕووناکبیرە گەنجە کوردانە، کە ژەنەراڵ شەریف پاشا یەکێك بوو لە ئەوان، بزووتنــەوە نەتەوەخوازییەکەی ئەو سـەردەمەی کوردسـتانیان، لـە ئاسـتی سـەرزارەکییەوە، لـە ئاسـتی کارەسـات و ڕاپەڕینـە ڕۆژانەکانـەوە گـەیاندە ئاسـتی نووسـین و هۆشـیاری و ئایدیۆلۆژیـا: ئاستێك کە ئیـتر "مێژوونووسـەکان" ئـەم بزووتنـەوە ڕۆژنامەنووسـییە بکەنـە بەڵگەیـەك و سەنەدێك.

خاسیەتێکی دیکەی ئەم بزووتنەوە نەتەوەخوازییەی گەنجە کوردەکـان: جیـاوازیی دیـدی سیاسیو فرەیی بیرەکان بوو. دەبینین، لە هـەمان کـاتدا، بـۆ نموونـە بـیری پـان ئیسـلامیو ریفۆرمیزم، ڕووبەڕێکی فراوانیان لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا داگیرکردووە.

زۆربەی نووسـەرو ڕووناکبـیرە گەنجـە کوردەکـان، لـەو سـەردەمەدا، سـەر بـە ڕێکخـراوی "ئیتیحادو تەرەقی" بوون: هـەر لـە د. عـەبدوڵا جـەودەت و د. ئیسـحاق سـکووتییەوە کـە دامـەزرێنی ڕێکخراوەکـە بـوون تـا دەگاتـە ژەنـەراڵ شـەریف پاشـاو میقـداد- مـەدحـەت و عبدالرحمان بەدرخان.

به شیوەیەکی گشتی، لە بواری بزووتنەوەی سیاسیی ئەو ڕووناکبیرە گەنجە کوردانەدا، پێنج ڕەوتی سیاسیی جیاواز لەو سەردەمەدا بەدی دەکرێن:

١- ڕەوتی عەلمانی و فیدرالی، کە لەژێر کاریگەریتیی ئەزموونی ڕۆژئاواو بیری ئەورووپیدا، باوەری وابوو کە نەتەوەی کورد، وەك ئەرمەن و عەرەب و تورك و چەرکەس، پێکەوە، لە چوارچێوەیەکی فیدرالی عوسمانیدا، بە ئاسانی، دەتوانێ بە ئامانجەکانی خۆی بگات. ئەمەش، پرۆگرامی گشتیی "ئیتیحادو تەرەقی" بوو. د. عەبدوڵا جەودەت دامەزرێن و سەرگەڤازی ئەم ڕەوتە بوو، تەنیا لە کۆتایی ژیانیدا لیی پەشیمان بۆوە. ئەم ڕەوتە بە هیچ شیوەیەك لە ژیان و بەرژەوەندییەکانی کوردەوە نزیك نەبوو، خزمەتی کوردیشی نەکرد.

٢-ڕەوتی پان ئیسلامی، کە باوەری وابوو دین (شەریعەت ویاساکانی ئیسلام) دەتوانێ هەموو ئازادی و مافە نەتەوەییەکانی کورد، لە چوارچێوەی هەمان ئیمپراتۆریەتی کۆنی عوسمانیدا دابین بکات. سەعید نەورەسی و عبدوالرحیم ڕەحمی هەکاری نموونەی دیاری ئەم ڕەوتە بوون. دیسان ئەمانیش نەیاندەتوانی لە ژیان و ڕۆحییات و بەرژەوەندییەکانی کورد تێبگەن.

٣- ڕەوتی ریفۆرمیستەکان، کە لەوانەیە ژمارەیان، لە چاو ڕەوتەکانی دیکە، زۆر کەمتر بووبێت. باوەریان وابوو کە دەکرێ بە ئامۆژگاری و پارانەوەو ریفۆرم، هەندێ لە ئازادیو مافە نەتەوەییەکانی کورد لە سولتان عەبدوالحمید وەربگیرێت نموونە و سەرگەڤازی ئەم ڕەوتە، میقداد- مەدحەت بەدرخان بوو کە لە یەکەمین پێنج ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستان (قاهیرە: ١٨٩٨) ئەم ڕەوتەی گرتبووەبەر؛ کە بێگومان سەرنەکەوت، تەنانەت بە زیانیش شکایەوە.

٤-ڕەوتی شۆڕشگێرە چەکدارەکان، کە باوەریان وابوو بە ڕاپەڕینی چەکداری و هێزی پەلاماردەر هەموو ئازادی و مافە نەتەوەییەکان وەدەست دەهێنرێن. شێخ عوبەیدولای

نەهریو کوڕەکانی، نموونەی ئەم ڕەوتەن. دیارترین کەماسیو هەڵەی ئەم ڕەوتــە ئـەوەبوو کـە نــەیاندەتوانی لــە چوارچێــوەی جوگرافیــی خۆیــان بچنــە دەرەوە: سروشــتێکی دینــیو عەشــایەرگەرییان هــەبوو نــەك کوردســتانی. جگــە لەمانــەش، پەیوەندییــەکی تونــدو نەخشەسازییان لەگەڵ ڕووناکبیرە ناسیووناڵیستەکان نەبوو.

٥-ڕەوتــی ڕووناکبــیرە ناسیووناڵیســتە جوداخوازەکــان، کــە باوەڕیــان وابــوو پێویســتە نەتەوەی کورد سەربەخۆبیت ، لەژێرئاڵای نەتەوەیی خۆیدا بژیت ٠حاجی قــادری کۆیـی وەك شاعیرێك، دەمێك بــوو بــە شیعر ئــەم ئاڵایــەی بــەرزکردبۆوە،٠ لــەناو ڕووناکبیرەکانیشـدا، هەندێ لەوانەی کە لە سەرەوەدا ئاماژەمان بۆ کردن، وەك سورەییاو عبدوالرحمان بەدرخان، پاشانیش ژەنەراڵ شەریف پاشا لە ١٩١٩دا نموونەی ئەم ڕەوتە بوون.

بە شێوەیەکی گشتی، ئاڵاهەڵگرانی ئەم ڕەوتە ناسیوناڵیســتە ئـازادیخوازە، زۆر درەنـگ بەدیارکەوتن، ڕاستتریش وایە بڵێین: زۆر درەنگ لە یەکتر کۆبوونـەوە. ئەمــەش چونکــە هــەر هەموویان، پێشتر، بە شێوەیەکی جیاواز بیریان دەکردەوە: لەناو ڕێکخراوەکانی "ئیتیحــادو تەرەقی"، "پارتی ڕادیکاڵی عوسمانی"، یان لەناو حزب و کۆمەڵە پرژوبڵاوە بچووکــەکانی دیکــەدا کاریــان دەکــرد. هــەرگیز نــەیانتوانی و نــەیانزانی کــە حزبێکــی کوردســتانیی سەربەخۆی یەکدەست و یەکڕا دروست بکەن. هەرسێ چوارێك، یان شەش حەوتێك پێکــەوە، بە جیا، لەناو ڕێکخراوێك، جەمعیەتێك، حزبێکدا بوون.

ســاڵی ١٩٠٨ ئاوێنەیــەك بــوو کــە ڕووی ڕەشــی دکتاتۆرییانــەی حزبــی "ئیتیحــادو تەرەقی"ی زۆر بە ڕوونی پیشانی "گەنجە کوردەکان"دا. ئیتر لەم ســاڵە بــەملاوە ڕووناکبـیرە گەنجە کوردەکان تێگەیشتن کە ئەو حزبەی بــە درێژایـی ژیانییــان کاریــان بـۆ دەکـرد، هیــچ مـاف و ئازادییەك نابەخشێتە کورد. بەم شێوەیە، وردە وردە، ئەو ڕووناکبیرە گەنجــە کوردانــە لە "ئیتیحادو تەرەقی" و ڕەوتەکانی دیکە پاشگەز بوونەوە: ڕوویــان کــردە ناســیووناڵیزم و پێکهێنانی "تەشکیلاتی" تازە.

ژەنەراڵ شـــەریف پاشـا یـەکێك بـوو لـەو پاشـگەزانە. بـە ڕاسـتیش، خوێندنـەوەی بـیری سیاسیی ئەم سیاسەتمەدارە، تۆژینەوە لە پەرەسەندنی بیری نەتەوەیی ئەم کەڵەپیاوە، کارێکی زۆر سەنجڕاکێش و لە هەمان کاتدا بەسوود دەبێت بۆ مێژووی کورد.

پەرەسەندنی بیری سیاسـیی بەرهەڵسـتکارانەی ژەنـەراڵ شـەریف پاشـا (١٨٦٥-١٩٥١ سێ قۆناغی ئاشکرای تێدا دەبینرێت:

-قۆناغی ئیتیحادو تەرەقی (١٩٠٠-١٩٠٨).

-قۆناغی ڕادیکاڵیزم (١٩٠٩-١٩١٤).

قۆناغی ناسیووناليزمی کوردی (لە ١٩١٨ بەملاوە).

دووقۆنـاغی یەکـەم، هـەردووکیان، دەکـرێ بـە پـان عوسمـانیزم بژمـێردرێن. قۆنـــاغی سێیەمیش بە چڵەپۆپەی ناسیووناليزم دادەنرێت، چونکە ئەو، یەکەم سیاسـەتمەداری کـوردە کە داوای دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردیی کردبێت لە ئاستێکی نێو دەوڵەتیدا.

بـەم شـێوەیە، دەبینـین: وازهێنـان لـە ئایدیۆلۆژییـەتی پـان عوسمـــانیزم، فیدڕاڵـیزم، ڕادیکـاڵیزم.. وەك لای شـەریف پاشـا دەبینـین، وای کـرد کـە ئـەو تۆخمانـەی جموجوڵـی ناسیووناليزمی کورد پێکدەهێنن، هێدی هێدی، لە یەکتری کۆببنەوە.

**د. فەرهاد**

**هەولێر: بەهاری ١٩٩٩**

# سەرچاوەو پەراویزەکانی پیشەکی:

١-د. عەبدولاّ جەودەت، لەسەر وەزنی (تورکە گەنجەکان) بۆ یەکەمین جار ناو لەم نەسلە کوردە دەنیّ "کوردە گەنجەکان". بروانە: عبدالله جودت: بیر خطاب، گۆڤاری (رۆژی کورد)، ئەستەمبول، ژمارە (١)، ئەستەمبۆل: ١٩١٣، ل ٤. پاشانیش، حاجی مووسای سەرۆك عەشیرەتی کۆرچیخان، یارمەتیدەری ریکخراوی هیڤی، ئەم زاراوەیەی بەکارهیناو گوتی: "ئەگەر گەنجە کوردەکان کوورەیەك دروست بکەن، ئیمە ئامادەین ببین بە دارو خۆمان لەو کوورەیەدا بسووتینین). بروانە: عبدالله بابەکر حەمەد ئاغا: رۆژنامەوریکخراوە کوردییەکانی تورکیا ،لەتورکییەوەئامادەی کردووە، کاروان، ژمارە ٦٤، س ١٩٨٨، ل ٨٨-٩٢. هەروەها کوردناسی رووس، ڤ. ئە. گەردلیڤسکی، بە هەمان شیوە، زاراوەی (گەنجە کوردەکان)ی بەرامبەر (گەنجە تورکەکان) بەکارهیناوە. بروانە: لاهووتی: کوردستان و کورد، و جەبار قادر، گ. هەزارمیرد، ژ (٣)، سلیمانی: ١٩٩٨، ل ١٦٢.

٢=جليلي جليل، نهضة الاكراد الثقافة و القومية في نهاية القرن التاسع عشر و بداية القرن العشرين، ترجمه باظآ نازي، د. ولاتو، كدر، الطبعة الاولى: ١٩٨٤.

٣-Malmisanij u M. Lawendi: rojnamegeriya Kurd 1908-1981, JN stockholm 1980.

٤- روناکبیری کورد، قەدرجەمیل پاشا (زنار سلوپی) دەلی کە سای ١٩١٣دا لقیکی ریکخراوی هیڤییان لە شاری ژنیڤ کردۆتەوە. بروانە کتیبەکەی زنار صلوبی في سبيل كردستان. ت: ر. علي، رابطة كاوا، دار الكاتب بيروت. ١٩٨٧ ص: ٢٨.

G. Grac- I. Caglar: la Presse Fransaise de Tur quie de 1795 a nos Jours-٥
(historire et catalogue) Ed.. Paris: 1985. Pp. 192-193, 196- 197.

٦-د. فەرهاد پیربال: ڕۆژنامەگەریی کوردی بە زمانی فەرەنسی، بڵاوکراوەکانی سەنتەری برایەتی، هەولێر: ١٩٩٨، کۆدی ئەم گۆڤارەی شەریف پاشا لە کتێبخانەی لانگزۆ لە پاریس، ئەمەیە: (ڕۆژنامەکە: Per 18). (گۆڤارەکە: Per. 5423).

٧-بڕوانە وتاری (کرۆنۆلۆژیای دووره ولاتی)، گۆڤاری یەکگرتن،ژمارە:١١ کۆپنهاگن:٠ ١٩٩٠

# ژەنەڕالْ شەریف پاشا

( ١٨٦٥-١٩٥١ )

## کورتەی ژیان و چالاکییەکانی



کاریکاتێری شەریف پاشا بە پەڕەمووچێکی سویدی لە ١٨٩٩

**:١٨٦٥**

**محەمەد- شەریف پاشا، برای گەورەی سێ برایان (عیزەت بـەگ، سـلێمان بـەگ، فوئـاد پاشا) کە هەرسێکیان ئەفسەری بەرزبوون لە لەشکری دەوڵەتی عوسمانیدا، لە ئەسـتەمبوڵ چاوی بۆ دنیا هەڵێناوە[1].**

**باوکی شەریف پاشا، کە لـە بنەماڵـەی (خـەندان) بـووە، نـاوی سـەعید پاشـای کـوڕی حوسێن پاشای ئەحمەد ئاغای خەندان بووە. لە ئەستەمبوڵ لە (غلطة سـرای) لـە مەکتـەبی سوڵتانی خوێندوویەتی، پاشان لە نەظارەتی دەرەوە لە تەرجومـەی زمـاندا دانـراوە، پاشـان هاتووە بۆ نەظارەتی ناوخۆ. زۆر وەزیفەی گەورەی لە قـەفقاس و قـارس بولگاریـادیوە.بۆتـە پارێزگـاری (ڤارنـا)، پاشـان کـراوە بـە والیـی جـەزائیری بـەحری سـفید، ئینجـا لـە سـاڵی (١٨٨٦)دا، سەعید پاشا، بۆ ماوەی سێ ساڵ، کراوە بـە بـاڵوێزی فەوقـەلعادە لـە بـەرلین. دووای ئەوە کراوەتە باڵوێزی دەوڵـەتی عوسمـانی لـە پـاریس. لـە کۆتاییشـدا بۆتـە وەزیـری دەرەوەو جێگری وەزیری تەندروستی لە دەوڵەتی عوسمانیدا. لە دووا قۆناغـەکانی ژیانیشـدا کراوەتە سەرۆك شوورای دەوڵەت، تامردنی لەم پایەدا ماوەتەوە[2].**

**سەعید پاشای باوکی شەریف پاشا، مەکتەبی ڕوشدیەی عەسکەریی لە شاری سلێمانی کردۆتەوە، ئەمـەش لـە سـاڵی (١٨٩٣)دا کـە دەرچووانـی پـۆلی یەکـەمینی بـۆ ئامـادەیی عەسـکەری لـە سـاڵی (١٨٩٥)دا بـۆ بـەغدا نـێردراوە. دووای سـێ سـاڵی تریـش، لـە (١٨٩٩)دا ئەم پۆلە چۆتە قوتابخانەی جەنگی ئەستەمبوڵ. محەمد ئەمین زەکی بەگ یـەکێك بووە لەو قوتابییانە[3].**

**سـەعید پاشـا(١٨٢٦ -١٩٠٩) کچـی یـەکێك لـە وەزیرەکـانی دەوڵـەتی عوسمـانیی هێناوە، سەعادەت خانم. لەم ژنـەدا، لـە سـاڵی (١٨٦٥)دا شـەریف پاشـا لـە دایـك بـووە.**

دووای جودابوونـەوەیان لەگـەڵ سـەعادەت خـانمی دایکـی شـەریف پاشـا، ژنیکـی دیکـەی چەرکەسی هیناوە بە ناوی گولعوزار خانم کە دەبیتە دایکی فوئاد پاشا[٤].

**:١٨٧٥-١٨٧١**

شـەریف پاشـا چـەند سـالیك لـە سـلیمانی، لـە قوتابخانـەی خواجـەکاندا لەگـەڵ شـیخ مەحموود پیکەوە فیری خویندن و نووسین بووە: عوسمانلیو عەرەبیو فارسی.

**:١٨٨٤-١٨٧٦**

لە ئەستەمبول دەخوینیّ، پاشان خۆی فیری زمانی ئیتالی و فەرەنسی و یۆنانی دەکات.

**:١٨٨٤**

یەکەمین پلە وپایە ئیدارییەکانی دەولەتی عوسمانی وەردەگریت بە روتبەی (فەریق).

**:١٨٨٩-١٨٨٥**

لە پاریس، لە قوتابخانەی عەسکەریی سـانت- سـیر دەخوینیـت[٥] هـەر لـەو سالەشـدا پایەی ژەنەرالی پی دەبەخشن.

**سەرەتای ١٨٩٠:**

دەگەریتەوە بۆ ئەستەمبۆل و دەکریتە یاوەری پاشا.

**ناوەراستی ١٨٩٠:**

ژنهینـان: ئەمینە خـانمی کچـی عـەباس حیلمـی کـوری تۆسـۆنی کـوری محەمـەد عـەلی پاشای والیی میسر دەخوازیت باوکی ئەمینە خانم لە سالآنی (١٨٤٨-١٨٥٤)دا خدیویـی میسر بووە.

ئەمینە خانمی ژنی شەریف پاشا، کە دەکاتە کچی مامی مەلیك فارووقی میسر، ئافرەتێکی سەنگین و تێگەیشتوو بووە، زمانەکانی فەڕەنسی و سوێدی و ئینگلیزیی زانیوە، لە ساڵی (١٨٦٨) لە قاهیرە لە دایکبووەو لە ساڵی (١٩٢٦) لە پاریس مردووە.

شەریف پاشا سێ کچی لە ئەمینە خانم هەبووە: زەینەب، شەریفە، سزا. کچی یەکەمیان هەر بە منداڵی لە ئەستەمبوڵ مردووە.

**١٨٩١-١٨٩٧:**

شەریف پاشا پلە وپایەی لە دەوڵەتی عوسمانیدا وردە وردە و ساڵ بە ساڵ بەرزتر دەبێتەوە بە تایبەتی لە بواری ئیداری و سەربازیدا لە ئەستەمبوڵ[٦].

**٤/٣/١٨٩٨:**

دەنێردرێتە ستۆکهۆڵم، لەوێ دەبێتە ئامباسادۆری باڵوێزخانەی دەوڵەتی عوسمانی (نوێنەری دەوڵەتی عوسمانی) لە سوید، تا ساڵی (١٩٠٨)[٧]. هەر لەوێ فێری زمانی سوێدی و ئینگلیزی دەبێت.

**١٨٩٩:**

لە ستۆکهۆڵم هاوڕێیەتی لەگەڵ پاشای سوێد، ئۆسکاری دووەم (١٨٢٩-١٩٠٧) پەیدا دەکات.

لە پاییزی ئەم ساڵەدا، لە کاتی مانۆڕێکی سەربازیدا لە مەڵبەندی سکۆنە لە سوێد، لەگەڵ ئۆسکار پاشای وڵاتی سوێد بە جووتە سەفەرێك دەکەن؛ دەچنە ڕاوو شکار[٨].

**١٢/٩/١٨٩٩:**

لە سوێد، خەڵاتی نیشانەی شمشێری پێ دەبەخشرێت[٩].

**:١٩٠٠**

یەکەم نیشانەکانی بەرهەڵستکاریی شەریف پاشا دژی دەوڵەتی عوسمانی لە ستۆکهۆڵمدا دەردەکەوێ. شەریف پاشا لە کاتێکدا نوێنەرو باڵوێزی دەوڵەتی عوسمانییە لە سوێد، لە ژێرەوەدا پێوەندی بە _(حزبی ئیتحادو تەرەقی)یەوە دەبەستێت و هاوکارییان دەکات، بێ ئەوەی دەوڵەتی عوسمانی پێ بزانێت(١٠).

**:١٩٠٢**

(سزا)ی کچی شەریف پاشا لە ستۆکهۆڵم لە دایك دەبێت.

نامەگۆڕینەوەیان لەگەڵ د. عەبدوڵڵا جەودەت لە بارەی چارەنووس و داهاتووی دەوڵەتی عوسمانی و (حزبی ئیتحادو تەوقی)یەوە، بە نهێنی(١١).

**:١٩٠٣-١٩٠٤**

ئەحمەد ڕەزا، یەکێك لە سەرکردەکانی حزبی ئیتحادو تەرەقی، کاتێ دەچێتە ستۆکهۆڵمو بۆ کاری دژایەتی کردنی دەوڵەتی عوسمانی، چاوی بە شەریف پاشا دەکەوێت؛ موختاربەگی سکرتێری شەریف پاشا ئەم خەبەرە دەگەیەنێتە سوڵتانی عوسمانی و پەردە لە ڕووی پێوەندیی شەریف پاشا بە ئیتحادییەکانەوە هەڵدەماڵێ. سوڵتانی عوسمانی داوا لە شەریف پاشا دەکات کە ئەحمەد ڕەزای ئەندامی ئیتحادییەکان بگرێت و تەسلیمی دەوڵەتی بکاتەوە. شەریف پاشا بۆ ئەم کارە ڕازی نابێت و نایکات. لە ئەنجامی ئەوە، پێوەندیی سوڵتان عەبدولحەمیدی عوسمانی بە شەریف پاشا کز دەبێتەوەو گومانی بەرامبەر پەیدادەکات. بۆیە سوڵتان عەبدولحەمید فەرمانی دەرکرد کە نابێت شەریف پاشا بگەڕێتەوە ئەستەمبوڵ و پێویستە هەر لە سوێد بمێنێتەوە(١٢).

**:١٩٠٧**

باوکی شەریف پاشا، سەعید پاشای خەندان، دەکرێتە سەرۆکی شووڕای دەوڵەتی عوسمانی، لە کاتێکدا پلەی شەریف پاشا دەگاتە پلەی فەریقی یەکەم(١٣).

سولتان عەبدولحەمید، لەبەرئەوەی شەریف پاشا زۆر بە باشی نوێنەرایەتیی حکومەتەکەی کردووە، هەروەها لەبەرئەوەی سەعید پاشای باوکی شەریف پاشا زۆر دۆستی بووە، لەبەر خاتری خێزانەکەیشی کە خانەدانی میسر بووە؛ چاوی لە خەوشەکانی شەریف پاشا پۆشیبوو(١٤).

**:١٩٠٨/٨/٥**

شەریف پاشا خەڵاتی نیشانەی (ئەستێرەی باکوور) لە پاشای سوێد وەردەگرێت(١٥).

**مانگی ١٩٠٨/٩:**

کاتێ گەنجە تورکەکان( حزبی ئیتحادو تەرەقی) بە سەرۆکایەتیی ئەنوەر پاشاو تەڵعەت پاشاو جەمال پاشا، جڵەوی حوکمی دەستووری لە دەوڵەتی عوسمانیدا دەگرنە دەست؛ هەلێك بۆ شەریف پاشا دەڕەخسێت کە بگەڕێتەوە ئەستەمبوڵ(١٦).

**:١٩٠٨/٩/٢٥**

شەریف پاشا، لە ئەستەمبوڵ، لەگەڵ ئەمین عالی بەدرخان و شێخ عەبدولقادری شەمزینی و داماو ئەحمەد و زولکەفەل پاشا کۆمەڵەی (کورد تەعالی و تەرەقی جەمعیەتی) دادەمەزرێنن(١٧). لە هەمان ڕۆژدا یانەی کۆمەڵەکەش لە ئەستەمبوڵ دەکرێتەوەو نوێنەری شاری مووش، ڕەشید بەگ، وتاری کردنەوەی یانەکەی تێدا دەخوێنێتەوە. ئەم کۆمەڵەیە (٥٠٠) ئەندام زیاتری هەبووە. ڕۆژنامەیەکیشیان بڵاوکردۆتەوە بە ناوی (کورد تعاون و ترقی غزتەسی) کە (پیرەمێرد) سەرنوسەری بووە. هەر لەو

سەردەمەشدا پیرەمێرد لەگەڵ شەریف پاشا دەبنە هاوری و مەعرووف جیاوکیشی پێدەناسێنێ[18].

-هەندێ سەرچاوەی دیکەش جەختی لەسەر ئەوە دەکەن کە لە ۱۹۰۸/۹/۱۹ شەریف پاشا لەگەڵ عەبدولقادر شەمزینی و ئەمین عالی بەدرخان لە ئەستەمبول کۆمەڵەییەکیان بە ناوی (کوردستان تەعالی و عەزمی قەوی جەمعیەتی) دامەزراندووە. لەوانەشە هەمان کۆمەڵەی پێشووبێت.

-لەم ساڵەدا، پێوەندیی شەریف پاشا لەگەڵ رووناکبیرە کوردەکانی ئەستەمبول (پیرەمێرد، ئەمین عالی بەدرخان، عەبدولرەحیم رەحمی هەکاری، عەبدولرەحمان بەدرخان د. عەبدوللا جەودەت..) پتەوتر و خۆشتر دەبێت. هەر بۆیەش، درەنگتر دەیکەنە نوێنەری خۆیان لە پاریس. پیرەمێردە لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا، لە ژمارە (۸۲۰)ی رۆژنامەی (ژین. سلیمانی: ١٩٤٦)، بە فراوانی باسی پێوەندییەکانی نێوان خۆیان دەکات.

**۱۲/۱۹۰۸:**

حکوومەتی ئیتحادییەکان، ریکخراوە کوردییەکەی (کورد تعاون و ترقی جمعیەتی) دادەخات، دکتاتۆرییەتیکی سەختیش دەچەسپێنیتە سەر ئازادی و مافەکانی گەلی کورد[19]. شەریف پاشا کە تا ئەم ساڵەش خۆی بە هەوادارو لایەنگیریکی ئیتحادییەکان دەزانی، سەبارەت بەم هەلویستە تۆرانچیتییەیان دەرهەق بە کورد لییان هەلدەگەریتەوەو دژیان دەوەستێ.

## مانگی ۱۹۰۹/۱:

میانەی نیوان شەریف پاشاو سەرکردایەتیی حکوومەتی ئیتحادو تەرەقی، بە تەواوەتی تیکدەچێ: لەسەر ئەوەی کە ئیتحادییەکان رازی نابن شەریف پاشا ببیتە بالویزی دەولەتی تورکیا لە پاریس[20].

## مانگی٢/١٩٠٩:

شەریف پاشا دەگاتە پاریس، خۆیو خێزان و دوو کچەکەی، لەم ناونیشانە جێگیر دەبن: شەقامی ڤیکتۆر هۆگۆ، خانووی ژمارە (١٩٩). ژیانێکی شاهانە دەژین.

## ناوەڕاستی ١٩٠٩:

حزبێك بەناوی حزبی ڕادیکاڵی عوسمانی دژ بە حکوومەتی ئیتحادییەکانی تورکیا، لە شاری پاریس دادەمەزرێنێ[٢١].

## ١٥/١٠/١٩٠٩:

گۆڤارێك بە ناوی مەشرووتیەت کە ئۆرگانی حزبەکەی خۆیەتی، لە پاریس بلاودەکاتەوە تا مانگی شوباتی (١٩١٤) بەردەوام دەبێت و (٥٥) ژمارەی لیٚ بە زمانی فەرەنسی لیٚ بلاودەکاتەوە.

شەریف پاشا، لەم گۆڤارەیدا، کە ئۆرگانی حزبەکەی خۆیەتی، تەنانەت تا ساڵی (١٩١٤)، لە هیچ برگە و وتارێکی بلاوکراوەی نێو گۆڤارەکەیدا باسی "سەربەخۆیی کوردستان" و "دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی" ناکات، بەڵکو دیدێکی ڕادیکاڵی و لیبرالی پێشکەش دەکات بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی دەستووریی عوسمانیی ڕادیکاڵدا[٢٢].

## ١٩١٠-١٩١٤:

پێوەندییەکی بەردەوام و پتەوی، لە پاریسەوە، هەبووە لەگەڵ (جەمعیەت) و (کلّووب)و (_شەخسیات) و ڕێکخراوە نهێنییەکانی کوردستان، بە تایبەتیش لەگەڵ ئەوانی ئەستەمبوڵ و قاهیرەو ژنێف. (مەسەلەی کورد) لە ڕێگای ئەم گۆڤارەی شەریف پاشاوە دەگاتە ئاستی گفتوگۆ لەسەرکردن لە بواری دیبلۆماسی و نێودەوڵەتیدا[٢٣].

١٩١١:

شەریفە خانم؛ کچە گەورەکەی شەریف پاشا، شوو بە ساڵح بەگی پوورزای عەبدولعەزیز یامولکی دەکات کە ئەفسەری خەیالەو لە پاریس یاوەری شەریف پاشا بووە. ئەم ساڵح بەگەی زاوای، درەنگتر، شەریف پاشا لەدەست مەرگێکی مسۆگەر رزگار دەکات. شەریفە خانم دوو کوڕی دەبێت کە هەردووکیان دەبن بە ئەندازیار، یەکێکیان کچی تۆسۆن پاشای ناودار دەخوازێت.

١٩١٢:

-لە لایەن تورکە ئیتحادییەکانەوە تاوانبار دەکرێت بەوەی کە سەرۆك وەزیران، مەحموود شەوکەت پاشای (الصدر الاعظم)ی کوشتووە، لە ئەستەمبوڵ بێ ئەوەی خۆی لەوێ بێت (غیابیا) حوکمی لە سێدارەدانی بۆ دەردەکەن.

-ئیتحادییەکان (کەمال) ناوێك دەنێرن بۆ پاریس بۆ ئەوەی شەریف پاشا بکوژێت. کاتێ دەگاتە ماڵی شەریف پاشا، ساڵح بەگی زاوای شەریف پاشا (مێردی شەریفە خانم) کە یاوەری خەزووری خۆیەتی، لە "تاوانبار" دەستوبردتر دەبێت و دەسبەجێ نێردراوەکە دەکوژێت[٢٤].

-ژەنەراڵ شەریف پاشا لە ژمارە (٤٧)ی گۆڤارەکەی خۆیدا نامەیەکی پیرۆزبایی بە زمانی فەرەنسی بە بۆنەی دامەزراندنی (جەمعیەتی هیوای طە لەبەی کوردان) بڵاودەکاتەوەو داوا لە گەلی کورد دەکات کە خەبات پتەوتر بکەن بۆ ئەوەی "لە دەست ئەو بەڵایەی وڵاتەکەمان رزگارمان بێت کە ناوی ئیتیحادو تەرەقییە". لە هەمان وتاردا پیرۆزبایی لە دەرچوونی گۆڤاری (رۆژی کورد) دەکات لە ئەستەمبوڵ کە ئۆرگانی کۆمەڵەی هیوای کوردانە.

**سەرەتای ١٩١٤:**

-شەریف پاشا لە حکوومەتی ئینگلیزەکان نزیك دەکەوێتەوە بۆ چارەکردنی کێشەی کورد لە چوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانیدا، بەڵام کەڵکیان لێ وەرناگرێ.

-لەگەڵ بێرس کۆکس، باڵوێزی بەریتانیا لە پاریس، کۆدەبێتەوە، ئامادەیی خۆی نیشان دەدات بۆ هاوکاریکردنی حکوومەتی بەریتانیا لە بارەی نەخشەدانانێك بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد لە چوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانیدا. "کورد لایەنگیری دەوڵەتە هاوپەیمانەکان دەبێت لە جەنگدا، بە مەرجێك ئەگەر هاوپەیمانەکانیش بەڵێن بدەن کە کێشەی کورد چارەسەر دەکەن"(٢٥).

**ناوەڕاستی ١٩١٤:**

-حزبە ڕادیکاڵەکەی هە ڵدەوەشێنێ. کاتێ جەنگیش دەست پێدەکات، حکوومەتی تورکیا دەچێتە پاڵ ئەڵمانیا دژ بە وڵاتە هاوپەیمانەکان، ژەنەراڵ شەریف پاشا دژی ئەم کارەی ئەنوەر پاشا دەنگ هەڵدەبڕێت و لەگەڵ دەوڵەتە هاوپەیمانەکان دژ بە تورکیاو ئەڵمانیا دەوەستێت.

-لەبەر ئەوەی دەزانێت کە جەنگ دەست پێدەکات و دەوڵەتە هاوپەیمانەکان سەرقاڵی جەنگ دەبن، شەریف پاشا بۆ ماوەی (٥٤) ساڵ "دۆسیەی کورد" لای خۆی دادەخات.

**کۆتایی ١٩١٤-١٩١٨:**

ژەنەراڵ شەریف پاشا لە ماوەی چوار ساڵی جەنگدا لە سیاسەت و خەباتی سیاسی مەیلە و دوور دەوەسێت.

خۆی و ژنەکەی، کە هەردووکیان زۆر دەوڵەمەند بوون، لە پاریس، دوو سێ خانووی هاوینە و زستانەی خۆشیان لە بۆلڤاری هۆسمان و باڵزۆدا هەبوو. هاوینان، گەلێك جاران

بەهارانیش، دەچوونە (مۆنتـی کـارلۆ) کـە شـەریف پاشـا پیـی دەوت (مـۆن کیـف واتـە( کەیفی من) .

شەریف پاشا، بـە دریژایـی چـوار سـالی جـەنگ، دوور لـە سـەداو هـەرای جـەنگ، لـە (مۆنتـی کـارلۆ) سـەرقالی قومـارکردن بـوو. ژیـانی خـۆی لـەناو (کلـۆب نـایت) و (قومارخانە)و بارەکاندا بەسەربرد. لەبەرئەوەی قۆز و ریکپۆش و کەشخە بوو، فەرەنسیەکان پییان دەوت (شەریف لۆبۆ) واتە (شەریفە قۆز)[٢٦].

## سەرەتای ١٩١٨:

-ژەنەرال شەریف پاشا دەکەویتە سەر خویندنەوەی ئەو کتیبانەی کوردناسـە فەرەنسـیو ئینگلیزەکان لە بـارەی کوردسـتان نووسـیویانە، هـەروەها کۆکردنـەوەی زانیـاریی زیـاتر و پەیداکردنی بەلگەنامەی باوەرپییکراو لە بارەی میژووی کورد و کوردستان. سەرەتای نوقتـە گۆرانیك لە بیرکردنەوەی سیاسییانەی شەریف پاشا روودەدات: لە پان عوسمانیزمـەو بـەرەو ناسیونالیزمی کوردو کوردایەتی[٢٧].

-پیوەندی دەبەسـتیت بـە سـەرکردە چـەکدارەکانی کوردسـتان: سمکـۆی شـکاك، شـیخ مەحموودی نەمر، سەید تـەهای نـەهری.. راویژیـان لەگـەڵ دەکـات لـە پینـاو دامـەزراندنی دەولەتیکی سەربەخۆی کوردی[٢٨].

## مانگی ٦/١٩١٨:

لە شاری مارسیل، لە باشووری فەرەنسا، چاوی بە سیر برسی کۆکس دەکەویت، کیشەی کوردی بیردەخاتەوەو داخوازیی لیدەکات کە پیویسـتە بـەریتانیا لـە داخوازییـەکانی گـەلی کورد بکۆلیتەوەو "چارەنووسی کورد" دەستنیشان بکات[٢٩].

**١٩١٩/٢/٢:**

**ژەنـــەڕاڵ شـــەریف پاشـــا، دەگاتـــەوە شـــاری پـــاریس و خـــۆی بـــۆ "پڕۆژەیـــەك" ئامادە دەکات[٣٠].**

**١٩١٩/٢/٦:**

**نامەیـەکی تایبـەت لەمـەڕ خواسـتەکانی نەتـەوەی کـورد، لـە پاریسـەوە، بـۆ سـەرۆکی کۆنگرەی ئاشتی دەنێرێت.**

**سەرەتای ١٩١٩:**

**-خێزانی شـەریف پاشـا، ئەمینـە خـانم (١٨٦٨-١٩٢٦) بۆتـە سـەرۆکی (کۆمەڵـەی تەعالیی ژنانی کورد) کـە یەکـەمین ڕێکخـراوی تایبـەتی ئافرەتانـەی کوردییـە و سـەر بـە (کۆمەڵەی تەعالیی کوردستان) بووە لە ئەستەمبوڵ[٣١].**

**-(ویلسـن)ی سـەرەك کۆمـاری ئەمـــەریکا لـەو ڕۆژانـــەدا چـوارده بەندەکـەی خـۆی بڵاوکردبـۆوە کـە بـە پێـی ئـەم دەسـتوور و بەڵگەیـە هـەموو قـەومێك مـــافی داواکردنـــی سەربەخۆیی پێ درابوو[٣٢].**

**١٩١٩/٣/١:**

**-ژەنەڕاڵ شەریف پاشا، لە پاریس، لە شەقامی مێسین لە خانووی ژمـارە (٢٢)، خـۆی ئامادە دەکات بۆ ئەو کۆنفرانســە نێودەوڵەتییــەی کــە چارەنووســی نەتــەوەکانی ڕۆژهــەڵاتی ناوەڕاست دیاریی دەکات.**

**-شێخ عەبدولقادری کوڕی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لەگەڵ ئەمین عـالی بـەدرخان، بـە ناوی (کۆمەڵەی تەعالیی کوردستان) لە ئەستەمبوڵ، لە ڕێگای کۆمیسـاریای ئەمریکی و ئینگلیزی و فەرەنسییەوە لە ئـە ستەمبوڵ، ڕادەگەیـەنن کـە شـەریف پاشـا بـۆی هەیـە لـە**

كۆنفرانسە نێودەوڵەتییەكەدا ببێتە نوێنەری داخوازییەكانی گەلی كورد. لە هەمان كاتدا نامەشیان لەم بارەیەوە بۆ ئەنجوومەنی كۆنفرانسەكە نووسی[٣٣].

-لە هەمان كاتدا، لە كوردستانی عیراقیشدا، شێخ مەحموود مەزبەتەیەكی بە ئەهالی و عەشایەری كورد مۆركرد، كە بە پێی ئەمە، شەریف پاشای كوردی دانیشتووی پاریس كرا بە نوێنەری كوردەكان لە (كۆنفرانسی ئاشتی لە پاریس) بۆ داواكردنی حقووقی قەومیی كورد. ئەم مەزبەتەیە بە قەڵەمی ڕەفیق حیلمی، لە ماڵی حوكمدارێك لە سلێمانی، بە بەرچاوی مێجەر نوئێلەوە نووسراو لەگەڵ نامەیەك بە ڕەشید زەكی كابان و (سەید ئەحمەدی بەرزنجی)یەوە ڕەوانەی پاریس كرا. بەڵام بە داخەوە، ئینگلیزەكان ئەم دوو نوێنەرە كوردەیان لە حەڵەب ڕاگرت و نەیانهێشت مەزبەتەكە بگاتە پاریس[٣٤].

**١٩١٩/٣/٢٢:**

-پێشكەشكردنی (یاداشتنامەیەك لە بارەی داخوازییەكانی گەلی كورد) بە زمانی فەڕەنسی، ئەو یاداشتنامە ناودارەی كە تێیدا ژەنەڕاڵ شەریف پاشا بۆ یەكەمین جار داخوازیی دەوڵەتێكی سەربەخۆ دەكات بۆ كورد لە كۆنفرانسی نێودەوڵەتییانەی ئاشتی، كە لە پاریس لە پێناو دیاریكردنی چارەنووسی گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەسترا. ئەم یاداشتنامەیە نەخشەیەكی كوردستانی گەورەیشی لەگەڵدا بوو[٣٥].

-سەرۆكی ئەمریكا (وڵسۆن)، لەگەڵ سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا (لوید جۆرج)، پێكڕا لەگەڵ سەرۆك وەزیرانی فەڕەنسا (كلیمەنصۆ) بە وردی لەم یاداشتنامەیە دەكۆڵنەوە.

-عەبدولڕەحیم ڕەحمی هەكاری، لە گۆڤاری ژین لە ژمارە (٢١)دا، لە لاپەڕە (١٥-١٦)، شیعرێك پێشكەش بە ژەنەڕاڵ شەریف پاشا دەكات و بەناوی گەلی كوردەوە پشتگیری لە هەڵوێست و داخوازییەكانی ناوبراو دەكات و بە نوێنەری ڕاستەقینەی گەلی كوردی لە قەڵەم دەدات. ئەمە، نیشانەی ئەوەیە كە شەریف پاشا لەناو ڕووناكبیر و شاعیرانی كورددا، لایەنگیری زۆری هەبووە.

-ئەم هەڵوێستە گرنگ و ڕووداوە سیاسییە مەزنەی شەریف پاشا، لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردیو عەرەبیو ئەرمەنیو فارسیو تورکیو ئینگلیزیو فەڕەنسییەکاندا دەنگ دەداتەوە. گۆڤاری کوردستان (ئەستەمبوڵ ١٩١٩-١٩٢٠)، لە ژمارەکانی (٤،٥،٦) لە ژمارە (٩)ی ڕۆژی (١١)ی حوزەیرانی ١٩١٩دا بەشی یەکەمی یاداشتنامەکەی بە زمانی تورکی بڵاوکردۆتەوە؛ هەروەها ژمارەیەکی گۆڤاری ژین (ئەستەمبوڵ ١٩١٩) بایەخێکی تایبەتی داوەتە ئەم ڕووداوە مێژووییە گرنگە.

-لە ڕیزی ڕۆژنامە تورکییەکاندا، ڕۆژنامەی إقدام (١٨٩٢-١٩٢٠)لە زۆربەی ژمارەکانی ئەو کاتەدا بە فراوانی باسی کردووە، لەوانە: لە ڕۆژانی (١٦ی نیسانی ١٩١٩، ٢ی شوباتی ١٩١٩)، ژمارەکانی (٧٩٦٨)، (٧٩٢٦)، (٧٩١٦)، (٧٩٦٨)، ٧٨٩٥). بە فراوانی باسیان کردووە[٣٦].

**٢٦/٥/١٩١٩:**

-شەریف پاشا برووسکە بۆ ڕووناکبیر و ڕێکخراوەکانی کوردستان دەکات: ئامادەیە کە بۆ پاراستنی مافە نەتەوەییەکانی کوردو وەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی کورد، هاوکاری لەگەڵ عارف پاشای کورد بکات.

-عارف پاشا، لە قاهیرە، لە لایەن دەستەیەکی کوردانەوە، لە ڕێگەی کۆمەڵەی تەعالیی کوردستانەوە هەڵبژێردراوە کە بچێت بۆ پارس و لەگەڵ شەریف پاشا تەقەلاّیان یەك بخەن[٣٧].

کۆمەڵەی تەعالیی کوردستان، لە ئەستەمبوڵەوە ئەندامێکی چالاکی خۆی ناردووە بۆ پاریس بە ناوی (فەخری بەگ)، بۆ ئەوەی یارمەتیی شەریف پاشا بدات و لە کاروبارەکانیدا هاوکاریی بکات[٣٨].

-کوردەکانی تورکیاو کۆمەڵە سیاسییەکانی کورد لە ئەستەمبوڵ توانیبوویان بە ناوی خۆیان و هەموو کوردەکانەوە وەکالەتنامە بۆ شەریف پاشا بنێرن و بیکەنە نوێنەری خۆیان

لە کۆنگرەی ئاشتی لە پاریس. ئەمە هەنگاویکی گەورە بوو کە لە لایەن (شەریف پاشا)وە بەرەو ئیستیقلال و سەربەخۆیی کوردستان هاویژرا[٣٩]. گرنگترین ئەو کۆمەڵە سیاسییانەی، جگە لە شیخ مەحموود، پشتگیری شەریف پاشایان کردبوو، ئەمانە بوون: (تەعاون و تەرەقی کورد)،( تەعالیی کوردستان)، (هیوا)، (تەشکیلاتی ئیجتماعی)، (فیرقەی دیموکراتی کورد)، (جەمعیەی ئیستقلالی کوردستان).

-رقەبەرایەتیی ئەرمەنییەکان لەگەڵ شەریف پاشا، لەسەر دیاریکردنی سنووری ئەرمەنستان و کوردستان توندوتیژتر دەبیت.

**٢٩/٧/١٩١٩ و ٩/١٠/١٩١٩:**

-شەریف پاشا دوو نامە دەنیریت بۆ رۆبەرت فانسیتارتی سکرتیری یەکەمی بالویزخانەی بەریتانیا لە پاریس بۆ ئەوەی بیخاتە بەردەم بلفۆری وەزیری دەرەوەی بەریتانیا[٤٠]. لەم دوو نامەیەدا روونی کردۆتەوە کە کورد ئەویان بە "سەرۆك دەولەتی کورد" هەلبژاردووە.

**٢٠/١٢/١٩١٩:**

-شەریف پاشا ریککەوتننامەیەکی دوو قۆلی لەگەڵ نۆبار پاشای ئەرمەنییەکان مۆردەکات و بەپیی ئەم ریککەوتنە، دەست لە چەند شاریکی کوردی هەلدەگریت بۆ نۆبار پاشای ئەرمەنی(٤١).

-وازهینان لە ئایدیۆلۆژیەتی پان عوسمانیزم و داواکردنی دەولەتیکی کوردی، وەك لە لای شەریف پاشادا دەبینین، وای کرد کە ئەو توخمانەی جموجولی ناسیونالیزمی کوردی پیکدەهینن، وردە وردە جیگەی خۆیان بکەنەوە[٤٢].

**١٩٢٠/٣/١:**

بۆ دووەم جار یاداشتنامەیەکی دیکە پیشکەش بە ئەنجوومەنی باڵای کۆنفرانسەکە دەکات لەگەڵ نەخشەیەکی نوێی کوردستان[٤٣].

**١٩٢٠/٣/٢٣:**

وەزیری دەرەوەی بەریتانیا نامەیەك بۆ مەندووبی سامی لە بەغدا دەنووسێت، تێیدا روون دەکاتەوە کە حکوومەتی بەریتانیا ئامادەیە دەوڵەتێك بۆ کورد دروست بکات بە سەرۆکایەتیی شەریف پاشا، بەڵام ئایا ئێوەی حکوومەت کەسی دیکەی شایستە دەبینن کە ببێتە سەرۆکی ئەو دەوڵەتە کوردییە؟[٤٤].

**١٩٢٠/٣/٢٥:**

-وەڵامی مەندووبی سامی لە بەغداوە: "هیچ کوردێك نییە کە بتوانێ بەناوی هەموو کوردستنانەوە قسەبکات"، "کورد بە شێوەیەکی گشتی هەستی عەشایەرییان هەیە، نەك نەتەوەیی"[٤٥].

-پەیدابوونی جیاوازیی بۆچوون و ئایدیۆلۆیای دژ بە یەکتر لەناو کورداندا. بۆ نموونە، شیخ عەبدولقادری شیخ عوبەیدوڵلای نەهری دەستی کردە برووسکە ناردن بۆ کۆنگرەی ئاشتی لە پاریس و داوای ئۆتۆنۆمی کرد لە جیاتی پێکهێنانی دەوڵەتە سەربەخۆکەی شەریف پاشا.

-هەر یەکێك لە فەرەنسا و بەریتانیا ریگا چارەی جیاواز و دژ بە یەکیان هەبوو بۆ چارەسەرکردنی کیشەی کورد[٤٦].

**١٩٢٠/٤/٢٧:**

ژەنەراڵ شەریف پاشا، لە ناکاو، نامەیەك بۆ وەفدی بەریتانیا لە پاریس دەنیریت و بۆی روونەدەکاتەوە کە چیتر سەرۆك وەفدی کوردان نابێت و نوینەرایەتی کوردان ناکات لەم

کۆنفرانسەدا: ئەمەش لەبەر ئەو ناکۆکییانەی کە لەگەڵ شیخ عەبدولقادری سەرۆك کۆمەڵەی کوردان لە ئەستەمبول هەیەتی[٤٧].

**:١٩٢٠/٨/١٠**

-ئیمزاکردنی پەیمانی سیڤەر لە نیوان تورکیاو دەولەتە هاوپەیمانەکاندا کە لەسەر بنچینەی داخوازییەکانی ژە نەرال شەریف پاشا هەلچنرابوو[٤٨].

-شەریف پاشا، بە یاداشتنامەکەی خۆی، بەندی (٦٢، ٦٣، ٦٤)ی پەیماننامەکەی بۆ سەربەخۆیی کوردستان و دامەزراندنی دەولەتی کوردی تەرخان کردبوو. تورکیاش بۆ دامەزراندنی ئەو دەولەتە کوردییە رەزامەندیی خۆی پیشان دابوو[٤٩].

**:١٩٢١**

تورکیاو هاوپەیمانەکان، بە پیی پەیمانی سیڤەر، کە دابوویانە کورد بۆ ئەوەی دەولەتیان بۆ دروست بکەن، لە گفتوگۆو مشت و مردان. ونستۆن چەرچل بیر لەوە دەکاتەوە کە دەولەتیك بۆ کوردو تورکمان و ئاشووری دابمەزرینیت لە باکووری عیراقدا[٥٠].

**:١٩٢٢**

لە کاتیکدا شۆرشی شیخ مەحموود لە کوردستانی عیراقدا دژی ئینگلیز هەلگیرساوەو لایەنگیریی تورکیای پی خۆشە، لە کوردستانی تورکیاشدا نوینەرەکانی شۆرشی کورد لە تورکیا -ئەوانیش رادەگەیەنن کە "نایانەوێ کوردستان لە تورکیا جودا ببیتەوە". نوینەرە کوردەکانی هەموو شارەکانی بەتلیس و وان و دیاربەکرو مەلاتیان و دەرسیم و ئورفە.. ئەمەیان راگەیاند.

**:١٩٢٣/٧/٢٣**

لە کۆنفرانسی (لۆزان)دا، دەولەتە هاوپەیمانەکان دووای ئەوەی بۆیان دەرکەوت کە کوردەکان نایانەوێ لە تورکیا جودا ببنەوەو تورکیاش بەلین دەدات کە مافە

نەتەوەییەکانی کوردەکان وەدی بهێنیت؛ لە پەیماننامەی (لۆزان )دا بەندەکانی (٦٢و ٦٣و ٦٤)ی پەیماننامەی سیڤەریان هەڵوەشاندەوەو خەونە جوانەکەی شەریف پاشایان زیندەبەچاڵ کرد.

شەریف پاشا وەسیەت دەکات کە دووای مردنی خۆی[٥٢]، لاشەکەی بسووتێنن و خۆڵەمیشەکەی فڕێ بدەنە دەریاوە[٥٣].

**١٩٢٤:**

سزا خانمی کچی شەریف پاشا شوو بە کوڕی چەرکەس میرلیوا نازم پاشا (عەبدولرەحمان پووخ) دەکات. لەم پیاوە دوو منداڵیان دەبێ.

**١٩٢٦:**

کۆچی دووایی خێزانەکەی شەریف پاشا، ئەمینە خانم، لە پاریسەوە تەرمەکەی دەگوازنەوە قاهیرە.

**ساڵانی ١٩٣٠:**

-کۆتایی ساڵانی بیستەکان و سەرتاسەری ساڵانی سییەکان لە ژیانی شەریف پاشادا نادیار و نائاشکرا ماوەتەوە، هێندە نەبێ: دووای مردنی ژنەکەی (ئەمینە خانم)، ماڵ و سامانی خۆی، هەمووی، لە (مۆنتی کارلۆ) لە قومار و شەوبیری و شەوانەژی و سەرخۆشی بەهەدەر دەدات. تا وای لی دیت سکرتیرەکەی خۆی (مەلەك خانم) دەخوازیت لە مەلەك خانم کچیکی دەبێ بەناوی (کەریمە) کە لە ١٩٤٨ شوو بە کۆنت (پیکۆرینی مانزۆنی)ی ئیتالیا لە شاری (کاتانزارۆ) دەکات لە خوارووی ئیتالیا.

-شەریف پاشا، کاتێ لە پاریس بە تەواوەتی ئیفلاس دەکات و دەکەوێ؛ کەریمەی کچی لە ماڵەکەی خۆی بەخیوی دەکات و سەرپەرشتیی ژیانی دەکات[٥٤].

:١٩٣٦

لە مۆنتی كارلۆ دەژیت. لە ریگەی قونصولی ئیتالیاوە لە شاری نیس لە فەرەنسا پەیوەندییەكی نهینی لەگەل دكتاتۆری ناوداری ئیتالیا (مۆسۆلینی) دەبەستێ.

:١٩٣٦/١٢/٨

نامەیەكی نهینی بۆ مۆسۆلینی دەنیرێ.

:١٩٤٢/٦/١٢

حكوومەتی ئەلمانیا دەعوەتی كردووە بۆ پاریس؛ تا ٦/٢٥ لە پاریس دەعوەتی حكوومەتی ئەلمانیا بووە. لەو ماوەیەدا گفتوگۆی هەبووە لەگەڵ حكوومەتی ئەلمانیا لە بارەی كیشەی نەتەوەی كوردو پەیوەندیی ئەم كیشەیە بە جەنگی دووەمی گیتیو سویندخۆرانەوە.

:١٩٤٢/٧/٢٧

نامەیەكی دیپلۆماسی لە بارەی كیشەی كورد و پەیوەندیی بە جەنگ و سویندخۆرانەوە بۆ مۆسۆلینی دەنیریت.

:١٩٤٢/١٢/١٦

نامەی دووەم بۆ هەمان مەبەست بۆ مۆسۆلینی دەنیرێ[٥٥].

١٩٤٥/١١/٢٩

شەریف پاشا، بە تەمەنی (٨٠) سالەی خۆیەوە، دەچیت سەریك لە بالویزخانەی بەریتانیا دەدات لە قاهیرە. لەوێ لەگەڵ ولتەر سمارتی بالویزی بەریتانیا لە قاهیرە كۆدەبیتەوە و داوای لیدەكات كە (ئۆتۆنۆمی بدریتە كورد لە چوارچیوەی دەولەتی

عیراقدا)[٥٦]. ئەم ڕووداوە، کار لـە شـاعیری کـورد، عـبدالـرحمان بـەگی نفـووس دەکـات و شیعریك بۆ ئەم هەلویستەی ژەنەڕال شەریف پاشا دەنووسیت[٥٧].

**١٢/١٩٤٥:**

ژەنـەڕال شـەریفا پاشـا، چـەند هەفتەیـەك دووای ئـەم داخوازییـە، کـە ئـاخرین خـەون و ئومیدو تیکۆشانی بوو، دەگەڕیتەوە مالی کچەکەی لە ئیتالیا، لە شاری (ناپۆلی).

١٩٥٠: شەریف پاشا دەچیتە (ڕۆما) لە مالی کچەکەی دەژیت، کە پاشان دەگوازنـەوە شاری کالابرا.

**٢٢/١٢/١٩٥١:**

ژەنەڕال شەریف پاشا، لە تەمەنی (٨٦) سالیدا، لە شـاری نـاپۆلی لـە ئیتالیـا کۆچـی دووایی دەکات.

سزا خانم و شەریفە خانمی کچی شەریف پاشا، لەگەڵ سـالح بـەگی زاوای، بـە واسـیتەی ئـامۆزای ئەمینـە خـانم (کـە مـەلیك فـارووق بـووە) تەرمەکـەی دەهیننـەوە میسـر؛ وەسـیەتنامەکەی شـەریف پاشـا فـەرامۆش دەکـەن: لـە جیـاتی ئـەوەی بیسـووتینن و خۆلەمیشەکەی فریێ بدەنە دەریاوە، لە میسر دەینیژن. تا ئیستا نازانین لەکوێ؟[٥٨].

## سەرچاوە:

١-رۆهات ئالاكۆم: دە سال لە ژیانی جەنەرال شەریف پاشـا لـە سـتۆكهۆلم، گۆڤـاری مامۆستای كورد، ژمارە (٢٧) ستۆكهۆلم: پایزی ١٩٩٥.

٢-عەبدولعەزیز یامولكی: بنەمالەی خەندان، گۆڤاری پەیڤین، ژمارە (٢)، سـلیمانی: ١٩٩٧، ل ٩٢-١٢٠.

٣-محمد امین زكی: تأریخ السلیمانیە- بغداد: ١٩٥١، ل ٢٠٥-٢١٠، ٢٥٧.

٤-بۆ شەجەرەی بنەمالەی خەندان، بروانە: عەبدولعەزیز یامولكی‌ن سـەرچاوەی ژمـارە (٢). هەروەها ئـەكرەم مـەحموود سـالحە رەشـە: شـاری سـلیمانی، بـەرگی یەكـەم، بـەغدا: ١٩٨٧، ل ٤٧٩و ٤٩٢.

5- mech rou Tiette, Organ du Parti Ottoman Sous La Patronage de G. cherif Pacha, N. 47, Oct. 1913.

6-Hamit BOZARSLAN: Le Probleme National Kurde en Turquie, Diplome, Paris: 1986.

٧-سەرچاوەی ژمارە دووەم.

٦-سەرچاوەی ژمارە دووەم.

٩-سەرچاوەی پیشوو.

10-Hamit Bozarsla: L Opposition Libreal dans L Empire Ottoman, Diplome Sous La diredtion def. Furet, Purit: 1987.

هەروەها بروانـە: د. فـەرهاد پیربـال: شـەریف پاشـا، گۆڤـاری گـولآن، ژمـارە (١١٩)، هەولیر

هەولیر ١٩٩٧، ل ٢١-٢٣.

11-Osmanli, Journal edite Par. A. Djewdet N. 13- 29, 1902.

١٢-عەبدولعەزیز یامولکی: بنەماڵەی خەندان، گ. پەیڤین، ژمارە ٢، سلیمانی: ١٩٩٨، ل ٩٩-١١٥.

١٣-حسن توفیق افندی مکتوبچی، سالنامە ١٣٢٥ هجری ولایت موصل، بە زمانی عوسمانلی، ل ٦٧ و ٧١.

١٤-عەبدولعەزیز یامولکی، سەرچاوەی ژمارە (٢) لەم باسەدا.

١٥-ڕۆهات ئالاکۆم: دە ساڵ لە ژیانی جەنەراڵ شەریف پاشا، مامۆستای کورد، ژ ٢٧، ستۆکهۆلم: ١٩٩٥.

١٦-میر بصری: اعلام الکورد، ریاچ الریس للکتب و النشر، لندن: ١٩٩١.

١٧-بلەچ شیرکۆ: کیشەی کورد ،و: حەمەی حەمە باقی، چ٣: ١٩٩٢، ل ٥٠.

١٨-د. جەبار قادر: د. عەبدوللا جەودەت، گۆڤاری کاروان، ژمارە (٣٢)، هەولیر: ل ٩. هەروەها بروانە: دیوانی پیرەمیرد، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم: چاپخانەی خاك، سلیمانی: ٢٠٠٠، ل ٢٣ و ٢٧.

١٩-د. بلەچ شیرکۆ القضیة الکوردیة، قاهرة: ١٩٣٠، ل ٥٠-٥٢.

20-Chris Kurtshera: Le Mouvement national Kurde, Paris: 1979, p. 24-45, 58.

21-G. Groc - 1. Caglar: La Presse francaise de Turquie, ed. lsis, Istanbul. S. D. ;. 194.

٢٢-د. فەرهاد پیربال: ڕۆژنامەگەریی کوردی بە زمانی فەرەنسی، بڵاوکراوەکانی گۆڤاری سەنتەری برایەتی ژمارە (١)، هەولیر: ١٩٩٨، ل ٤١-٥٦.

23-Hamit Bozarslan: La Question Kurde presse de Sciences po, paris: 1997, p. 120>

٢٤-عەبدولعەزیز یامولکی: ل ٩٩-١١٥.

25-Chris Kutshera: La Mouvement, p. 59.

هەروەها بروانە ڕەفیق حیلمی: یاداشت، بەشی دووەم، بەغدا: ١٩٨٨، ل ٤٦٦.

26-Chris Kutshera: Le Mouvement National Kurde, paris: 1979.

٢٧-لە بارەی گەشەکردنی ئایدیۆلۆژیەتی شەریف پاشا لە پان عوسمانییەوە بۆ "کوردایەتی" بروانە دیپلۆمەکەی حەمید بۆز ئارسلان کە بە زمانی فەرەنسی لە پاریس ئەنجامی داوە:

-Hemit Bozarslan: L, Opposition Liberal dans L Empire Ottomon 1908-1914, Diplome preparee sous la direction de F. Furet, Paris: Juin 1987 0

28-M.M. Van Bruinessen: Agha، Shaikh and State on the social and political organization of Kurdistan, Ultech: 1978, p. 369- 374.

٢٩-رەفیق حیلمی: یاداشت، بەشی دووەم، بەغدا: ١٩٨٨، ل ٤٦٦، ٢٠٥.

٣٠-رۆژنامەی اقدام (١٨٩٣-١٩٢٠) کە بە زمانی عوسمانلی لە ئەستەمبول دەردەچوو، ژمارە (٧٨٩٥)ی رۆژی ٢ی شوباتی ١٩١٩، ل (٢)، وتاری (شەریف پاشا پاریسە مواصلت ایتی).

٣١-رۆهات ئالاکۆم: دە سال لە ژیانی. هـ.ل.

٣٢-رەفیق حیلمی: یاداشت، بەشی دووەم، ل ١٩١.

٣٣-زنار صلوبی: فی سبیل کوردستان، ترجمە الی العربیە: د. رضوان علی، منشورات رابطة کاوا، بیروت: ١٩٨٧، ل ٦٣.

٣٤-رەفیق حیلمی: یاداشت، بەشی دووەم، ل ٦٥و ١٩٠.

35-Memorandum Sur les Revandications du peu ple Kurde, Paris: 1919. 15 pages.

ئەم یاداشتنامەیە تەرجەمە کراوەتە سەر زمانی کوردی و لە ژمارە (٢)ی گۆڤاری (رابوون) لە ستۆکهۆلم لە سالی (١٩٩١)دا بلاوکراوەتەوە، ل ٦٣-٧٤.

٣٦-فەرهاد پیربال: زنجیرەی ژیاندنەوەی نووسراوە عوسمانییەکان ژمارە (٢)، شەریف پاشاو کۆنفرانسی ئاشتی لە پاریس، گۆڤاری یەکگرتن، ژمارە (١٣)، کۆپنهاگن: ١٩٩١، ل ١٠٠-١٠٤.

٣٧-د. فەرهاد پیربال: گۆڤاری کوردستان، بڵاوکراوەکانی دەزگای گوڵان، ژمارە (١٣)، هەولیر: ١٩٩٨. بروانە پیشەکی و ژمارە ((٩)ی گۆڤارەکە، کە لە (١١)ی حوزەیرانی (١٩١٩)دا بڵاوکراوەتەوە.

٣٨-د. ولید حمدی: الکرد في الوثائق البریطانیة، لندن: ١٩١٩، ل ١٨٣.

٣٩رەفیق حیلمی: یاداشت بەشی یەکەم، ل ١٩-٢٠.

٤٠-عەبدولعەزیز یامولکی، ل ١١٣، هەروەها محمد صالح زیباری: ژەنەرال شەریف پاشا، گۆڤاری گازی، ژمارە (٢٨)، دهۆك: ١٩٩٧، ل ٢٣-٢٤.

41=Le Temps, Journal parisien, 10 Mars 1920, Paris: 1920.

هەواڵەکە بە زمانی تورکیش لە رۆژنامەی (پیام صباح)ی ئەستەمبولیشدا بڵاودەکریتەوە. هەروەها بروانە: البروفیسور م. ا ٠هسرتیان: کردستان ترکیا بین الحربین، ترجمة د. سعدالدین ملاو باقی نازی، منشورات رابطة کاوا رقم ١١، دار الکاتب، بیروت: ١٩٨٧، ل ١٦.

42-Hamit Bozarslan: Tradition alisme ou Nationalisme, in “Cemoti”, N, 6, F. N. S. P,. Centre De Recherches Internationales, Paris: 1988, p. 35- 532.

43-Christion More: Les Kurdes aujourd hui L. Harmattan, paris: 1984. p. 61.

٤٤-ئەم بەلگەنامەیە لە کتیبەکەی (د. ولید حمدی) بڵاوکراوەتەوە: الکرد فی الوثائق البریطانیة، ل ٥و ٩٢.

٤٥-هـ. س. ل ٩٨.

٤٦-فوئاد حەمە خورشید: ژەنەرال شەریف پاشاو کۆنگرەی ئاشتی، گۆڤاری رەنگین، ژمارە (٨٩)، بەغدا: ١٩٩٦، ل٧.

٤٧-د. ولید حمدی: ل ٣٤١-٣٤٤. هەروەها بروانە محمد صالح زیباری: ژەنەرال شەریف پاشا، گۆڤاری گازی، ژمارە (٢٨)، دهۆك: ١٩٩٧، ل ٢٣-٢٤.

48-Les Kurdes et Le Kurdistan, sous la direction de Gerard CHALIAND, ed., PCM Paris: 1978. 64.

49-B. CHIR GUH: La QUESTION Kurde, Caire: 1930, p. 23-29.

دەقی ئەم بەندانەی تایبەتن بە دامەزراندنی دەولەتی کوردییەوە لە لایەن مامۆستا (رەفیق حیلمی)یەوە تەرجەمەی کوردی کراون: یاداشت، بەشی یەکەم، لاپەرە ١٩-٢٠.

٤٠-د. ولید حمدی: الکرد في الوثائق البریطانیة، ل ١٢٣-١٢٩.

51-A, BEDIRKHAN: LA QUESTION KURDE, PARIS: 1959, p. g.

هەروەها بروانە: م. أ. هسرتیان: کردستان ترکیا بین الحربین، ل ٥٤.

52-Les Kurdes et Le Kurdistan Paris: 1978.

٥٣-عەبدولعەزیز یامولکی: ل ١٠١.

٥٤-سەرچاوەی پێشوو: ل ١٠١.

55-Mirella GALLETI: Deux Lettrs de Cherif Pacha a Benito MUSSOLONI in Etudes Kurdes, N 2, Paris: 2000, P. 65- 82.

٥٦-د. ولید حمدی: الکرد في الوثائق البریطانیة، ل ٢٤٨-٢٥١

هەروەها بروانە: د. احمد عثمان ابوبکر: مزکرە الی وفود الحلفاو من الموفد الکردی شریف پاشا، مجلە (کاروان) عدد ٣٩، اربیل: کانون الاول ١٩٨٥.

٥٧-محمود احمد محمد: بەشێك لە دیوانی ئەورەحمان بەگی بابان، بەغدا: چاپخانەی زەمان، ١٩٨٩، ل ٨١.

٥٨-عەبدولعەزیز یامولکی: لاپەرە: ١٠١. هەندێ سەرچاوە باسی ئەوە دەکەن کە ژەنەرال شەریف پاشا لە سالی ١٩٤٦دا کۆچی دوایی کردووە، بەڵام ئێمە پێمان وایە (١٩٥١) دروست و پەسەندترە.

ژەنەراڵ شەریف پاشا

# ژەنەرالْ شەریف پاشاو
# یەکەمین گۆڤاری کوردی بە زمانی فەڕەنسی

**مەشرووتیەت Mechroutette**

**پاریس: (١٥/١٠/١٩٠٩ تا ١٩١٤/٢) ٥٥ ژمارە**



Mècheroutiette

"CONSTITUTIONNEL OTTOMAN"

Organe du Parti Ottoman "l'Entente Libérale"

sous le patronage du

Général CHÉRIF-PACHA

ANCIEN SAINT-CYRIEN

GRAND OFFICIER DE LA LÉGION D'HONNEUR

ANCIEN MINISTRE DE TURQUIE À STOCKHOLM

REVUE MENSUELLE

consacrée à la Défense des Intérêts Politiques et Économiques et des Droits Égalitaires de tous les Ottomans sans distinction de race ni de religion.

La correspondance doit être adressée à l'Administration du "MÈCHEROUTIETTE" 115, rue de la Pompe, Paris (16e)

Téléphone : 639-59 et 636-63

*Les manuscrits non insérés ne sont pas rendus. La rédaction reste libre d'apporter dans les articles soumis les modifications qu'elle jugera nécessaires.*



MECHROUTIETTE

ORGANE CONSTITUTIONNEL OTTOMAN

JOURNAL MENSUEL

CHERIF PACHA

GRATUIT

GRATUIT

La Constitution en Turquie et les Agissements du Comité

**ڕۆژنامەکەی شەریف پاشا**

**"مەشروتیەت"**

"ڕۆژنامەگەریی کوردی بە زمانی فەرەنسی " واتــە: ئـەو چالاكییـە ڕۆژنامەنووسـییەی ڕووناکبیر و ڕۆژنامەنووسـە کوردەکـان کـە لـە کۆتـایی سـەدەی نۆزدەهەمـەوە بـە زمـــانی فەرەنسی ئەنجامیان داوە بۆ بەرگری کردن لە بەرژەوەندیە جۆراوجۆرەکانیان، یان بۆ هـێرش کردنـە سـەر حکوومەتـەکانیان؛ هـەروەها هـەندێ جـار بـەکارهێنانی ئـەو چالاكییــە، وەك ئامرازێکی دەربڕینی ئەو داخوازییە گەلەکۆمەکییانە کە عوسمـانین، تورکیـایین، عـێراقین.. یانیش گەلێك جاران بە واتا سیاسی- ئەتنیکییەکە: کوردین.

## ئەم گۆڤارەی شەریف پاشا بۆچی بە فەرەنسی بووە؟

هـەبوونی بەرژەوەندیـەکانی دەوڵـەتی فەرەنسـا لـە ڕۆژهـەڵاتدا دەگەڕێتـەوە بـۆ سـەدەی حەڤدەهـەم، ڕۆژنامـەی فەرەنسـیەکان Le Mercure de france لـە ١٦٢٢ و Gazette لـە ساڵی ١٦٣١ پڕن لە زانیاریو دەنگوباسی جۆراوجۆر لـە بـارەی ئێمپراتۆریـەتی عوسمـانیو ژیـانی خـەڵکی ئـەوێ، تەنانـەت فەرەنسـیەکان خۆیـــان بـــە پارێزگـــاری خـــەڵکی غـــەیرە موسڵمانەکانی ڕۆژهەڵات دادەنا[١].

زمانی فەرەنسی، لە ماوەی سەدەکانی ١٨ و ١٩دا لـە تورکیـای ئەوسـاتدا بایـەخێکی زۆری پێ دەدرا. کاریگەرییەکانی کولتووری فەرەنسیو شۆڕشی فەرەنسا هەر لە سـەردەمی سوڵتان سـەلیمی سێیەمەوە بەدیاردەکـەوێ[٢]. هـەر لـەو سـەردەمانەوە خـەڵکانێکی زۆری فەرەنسی لە ئەستەمبوڵ و شارەکانی دیکەی وڵاتی عوسمانیدا دەژیان. لـە کۆلێژێکـی وەك مەدرەسـەی عەسـکەریی عوسمـانیدا Ecole Millitaire Ottomana دەیـان مامۆسـتای فەرەنسی دەرسیان دەگوتەوە، دەیانی دیکەش فەرمانبەر بوون. کتێبخانەی ئـەو مەدرەسـەیە زیاتر لە چوار سەد بەرگ کتێبی فەرەنسی و ئێنسیکلۆپێدیای تێدابوو. بە کورتـی: زمـانی فەرەنسی، زمانی لە یەکترگەیشتنی نێوان وڵاتی عوسمانی و ڕۆژئاوا بوو[٣].

بۆ بەرەوانیشاندانی ئەم کاریگەرێتیەی فەرەنسا بەسەر وڵاتی عوسمانیدا هێندە بەسە ئەوە بە بیر خۆمان بهێنینەوە کە یەکەم ڕۆژنامەی بڵاوکراوەی ناو سنووری ئێمپراتۆریەتی عوسمانی لە ساڵی ١٧٩٥-١٧٩٦دا، بە زمانی فەرەنسی بووە، بە ناوی بۆڵتەنی دەنگوباس Bulletin des Nouvelles کە مەبەستی بڵاوکردنەوەی فەلسەفەی شۆڕشی فەرەنسی بوو، ئەمەش لە ڕێگای سەفارەتی فەرەنسیەوە لە ئەستەمبوول[٤]. یەکەم ڕۆژنامەی عوسمانیش، کە سوڵتان مەحموودی دووەم بەناوی تەقویمی وەقایع لە ساڵی ١٨٣١دا دایهێنا، لەژێر کاریگەرێتی ڕۆژنامەیەکی فەرەنسیدا لە دایك بوو کە هەمان ناونیشانی هەبوو Moniteur Officiel. ڕۆژنامە عوسمانیەکە پێنج ڕۆژ لە دووای فەرەنسیەکە دامەزرا. ئەم کاریگەرێتیەی فەرەنساو ڕۆژنامەگەریی فەرەنسا بەسەر وڵاتی عوسمانیدا، تەنانەت تا جەنگی جیهانی یەکەم، بەسەر ڕووناکبیرانی عوسمانیو بزاڤە ڕۆژنامەگەرییەکەیاندا زۆر بە زەبر بووە[٥].

نەك تەنیا نووسەرو ڕووناکبیرانی تورك فێری فەرەنسی ببوون و زمانی فەرەنسیان بەکاردەهێنا، بەڵکو ژمارەیەکی زۆری نووسەر و ڕووناکبیرانی کوردیش فێری فەرەنسی ببوون و دەیانتوانی بەکاری بهێنن و سوودی لێ ببینن ،تەنانەت هەندێکیان لە زانکۆکانی فەرەنساو سویسراو ئەستەمبوڵ بە زمانی فەرەنسی خوێندنیان تەواوکردبوو. لەو نووسەرە کوردانەی توانیان لەو سەردەمەدا فەرەنسی فێربن و سوودی لێ ببینن: د. عەبدوڵڵا جەودەت، د. ئیسحاق سکووتی، ژەنەراڵ شەریف پاشا، مەمدوح سەلیم، ڕەفیق حیلمی، میقداد- مەدحەت بەدرخان، د. کامەران بەدرخان، جەلادەت بەدرخان، حوسێن حوزنی موکریانی، د. نوورەدین زازا، عەبدولڕەحمان بەدرخان.

سوڵتان عەبدولحەمید لە مانگی شوباتی ١٨٧٦ بەملاوە سانسۆرێکی توندی خستە سەر ڕۆژنامەگەری. ئەم سانسۆرە لە شێوەی چەند بەندێکدا بڵاوکرایەوە و بووە قانوون[٦]. بەم شێوەیە ڕۆژنامەگەری تاکو ساڵی ١٩٠٨ نەیدەتوانی تخوونی سیاسەت بکەوێت و بە

ئازادی بدوێت[٧]. لە ئەنجامی سەپاندنی ئەم قانوونە دکتاتۆریەی سولتان عەبدولحەمید بەسەر ڕۆژنامەگەریدا، ڕۆژنامەگەریی فەرەنسیو تورکی لە وڵاتی عوسمانیدا کەوتە کزی، تەنیا ڕۆژنامەو گۆڤارە تەندروستیو "پزیشکی" و "هەواڵ" و هونەریو ئەدەبیەکان مانەوە. بەندی شەشەمی قانوونەکەی عەبدولحەمید لە بارەی ڕۆژنامەگەری دەڵێ: (هیچ داخوازیو سکاڵانامەیەکی تایبەتی خەڵکی ویلایەتەکان نابێت بڵاوبکرێتەوە کە گازاندە لە دەسەڵاتدارانمان بکەن و ڕەخنەیان لێ بگرن). لە بەندی حەوتەمیشدا دەڵێ: (ناوی هیچ مەڵبەندێکی مێژوویی و جوگرافی نابێ بهێنرێتە سەر زمانی ڕۆژنامە، لەوانە ئەرمینیاش).

ئەنجامێکی دیکەی ئەم دکتاتۆریەتەی عەبدولحەمید ئەوەبوو کە راپەرینێکی ڕۆژنامەگەریی "کەمە نەتەوایەتیەکان" وەك یۆنانیو بولگاریو ئەرمەنی، لە نیوان سالانی ١٨٧٨-١٨٨٦دا، بە زمانی فە رەنسی سەری هەلدا. هەروەها هەندێکی دیکەشیان ،لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنە عوسمانیەکانی دیکە (کورد، تورك، چەرکەس" هاتنە فەرەنساو سویسرا بۆ ئەوەی لەم وڵاتانەی ئەوروپاوە، بە تایبەتی لە فەرەنساو سویسراو بریتانیاوە، دەنگی "ڕۆژنامەنووسانەی" یاخیگەری خۆیان دژ بە سولتان عەبدولحەمید بەرز بکەنەوە. لە ماوەی ١٨٩١-١٨٩٥دا شەش ڕۆژنامەی دژ بە عەبدولحەمید لە فەرەنسا سەریان هەلدا، حەوتی دیکەش لە ماوەی ١٩٠٠-١٩٠٤دا لە وڵاتانی دیکەی ئەوروپا[٨].

کەواتە: ڕۆژنامەیOSMANLI ١٨٩٧-١٩٠٤ و گۆڤاری Idgihad ١٩٠٤- ١٩٣٢، یادگاری ئەو ڕۆژگارە رەشەی سولتان عەبدولحەمیدن. سییەمیشیان Mechroutiette ١٩٠٩-١٩١٤ بەهەمان شیوە، دەنگی یاخیگەری رادیکالانەی پاشازادەیەکی کوردە دژ بە حکومەتی "گەنجە تورکەکانی" کە لە ١٩٠٨ بەملاوە سەرجەم خەبات و خەونەکانی کوردیان پیشیل کرد. ئەوەتا ژەنەرال شەریف پاشا، سەرنووسەری Mechroutiette لە لاپەرە

٤ی ژمارە ٨ی گۆڤارەکەدا، خۆی باسی ئەم دکتاتۆریەتەی گەنجە تورکـەکان ١٩٠٨-١٩١٤ دەکات و دەڵێ:

لە تورکیا، ئەمڕۆ هەموو بڵاوکراوەیەك پێشتر دەبێت بە سانسۆردا تێپەڕ ببێت، ئەگینا ٥ تا ٥٠ لیرە جەزای لێ دەسەنرێت. بەم شـێوەیە، قۆنـاغی یەکـەمی بزاڤـی ڕۆژنامەگـەریی کوردی بە زمانی فەرەنسی، پەیوەندی بە سێ ڕووناکبیرو سیاسـەتمەداری گـەورەی کـوردەوە هەیە: د. عـەبدوڵڵا جـەودەت (١٩٣٢-١٨٦٩)، د. ئیسـحاق سـکووتی (١٨٦٨-١٩٠٢)، ژەنەراڵ شەریف پاشا (١٨٦٥-١٩٥١)؛ کە هەرسێکیان، لە دوو مـاوەی جیـادا لـە دەست دکتاتۆریەتی دەوڵەتی عوسمانی غاریان دابووە پاریس و ژنێـف. لـەوێ -لـە دوورەوڵاتیـدا- درێژەیـان بـە خـەباتی سیاسـیانە و ڕۆژنامەنووسـانەی خۆیـان دەدا لـە پێنـاو ڕووخـاندنی ئیمپراتۆریـەتی عوسمـانیو حکوومـەتی گەنجـە تورکـەکان و دامـەزراندنی حکوومـەتێکی ئاوهای کە دان بە مافی "کەمە نەتەوایەتیەکان" بهێنێت.

ڕۆژنامەگەریی کوردی بۆچی بە زمانی فەرەنسی بووە؟ بۆچی کورد ڕۆژنامە و گۆڤـاری بەزمانی فەرەنسی دەرکردووە؟ هەر دوو پرسیارەکە، یەك وەڵامیان هەیە: چونکە پێویستیی نەتەوەی کورد بە ڕیفۆرم و هانا بردنی کورد بۆ ڕۆژئاوا، دوو داخوازیی یەکانگیری سـەر بـە یەك بیرکردنەوەی سیاسین. لەم بوارەشدا، د. عەبدوڵڵا جەودەت و شەریف پاشا بوون کە ئەم بزاڤە "فرانکۆفۆنەیان" لە ڕۆژنامەگەریی کوردیدا دامەزراند.

## مەشرووتیەت:

مەشـــرووتیەت Mechroutiette گۆڤـــارێکی سیاســـی ڕادیکـــاڵی دەســـتووریخواز Constitutionnel بووە، شەریف پاشا لە پاریس بە زمانی فەرەنسی لە (١٥/١٠/١٩٠٩) تا (٢/١٩١٤)، ٥٥ ژمارەی لێ بڵاوکردۆتەوە[٩].

### خاوەن ئیمتیازی گۆڤارەکە:

ژەنەڕاڵ شـــەریف پاشـا (١٨٦٥-١٩٥١) خـاوەن ئیمتیـازی گۆڤارەکـە، کـوڕی سـەعید پاشـای وەزیـر خارجیـەی عوسمـانی، بـە ڕەســەن خـەڵکی سـلێمانی، لـە بنەماڵـەی خەندانەکانن[١٠]. خوێندنی باڵای لە فەرەنسا لە قوتابخانـەی عەسـکەری لـە شـاری Saint-Cyr تەواوکردووە، کە لە فەرەنسا پێی دەڵێن Ecole Militaire. پاشان بۆتە ئامـیر فـەوج و ئینجا عەقید و لە کۆتاییدا گەیشتۆتە ژەنەڕاڵ General[١١].

سـالآنێکی زۆر، لـە سـاڵی (١٨٩٥) بـەملاوە، وەزیـری دەوڵـەتی عوسمـانی بـووەو نوێنەرایـەتی دەوڵـەتی عوسمـانی کـردووە لـە باڵوێزخانـەی تورکیـای عوسمـانلی لـە ستۆکهۆڵم[١٢]. پاشـان، کـاتێ گەنجـە تورکـەکان لـە (١٩٠٨)دا دەوڵـەتی عوسمـانی دەڕووخێنن و حوکمیدەستووری دادەمەزرێنن، شەریف پاشا بە فەرمانڕەوایەتی ئـەوان ڕازی نابێت و لێیان هەڵدەگەڕێتـەوە. بۆیـە لـە ناوەڕاسـتی سـاڵی ١٩٠٩دا لـە پـاریس حزبێکـی سەربەخۆ دروست دەکات لە پێناو بەگژاچوونەوەی حوکمی دەستووری گەنجە تورکـەکان لـە

توركیاو دروستكردنی چەند گۆڕانكارییەكی بنچینەیی لەو حوكمە دەستوورییەی ئەواندا. ئەو حزبە سیاسییە تازەیەی شەریف پاشا ناوی حزبی ڕادیكاڵی عوسمانی Parti radical Ottoman بوو كە بارەگاكەی لە پاریس بوو.

شەریف پاشا، بۆ بڵاوكردنەوەی پرۆگرام و داخوازینامەكانی حزبەكەوی، پێویستی بە ئۆرگانێك هەبوو بۆ ئەوەی بگاتە ناو خەڵك و قوتابیو ڕۆشنبیران لە توركیا، بۆیە لە ڕۆژی (١٥/١٠/١٩٠٩)دا یەكەم ژمارەی بە ناوی مەشرووتیەت Mechroutiette (واتە حوكمی دەستووری) لە شێوەی ئۆرگانێكی چوار لاپەڕەیی بڵاودەكردەوە. پاشان لە یازدەمین ژمارە (لە ١/١٠/١٩١٠) بەملاوە، ئەم ئۆرگانەی لە شێوەی گۆڤارێكی (٥٠) لاپەڕە بڵاودەكردەوە[١٣]. شەریف پاشا تا مانگی دووی ساڵی (١٩١٤)، ٥٥ ژمارەی لەو گۆڤارە سیاسیە بڵاوكردەوە، پاشان وازی لە گۆڤارەكە هێنا و حزبەكەی خۆیشی هەڵوەشاندەوە.

لە ماوەی ساڵانی (١٩١٨-١٩١٤)دا، شەریف پاشا وردە وردە باوەڕی بە خەباتی بانعوسمانی كزتر دەبۆوە، هێدی هێدی پشتی دەكردە باوەڕی رادیكاڵی خزبەكەی پێشووی: لە بیری نەتەوەییو كوردایەتی نێزیك دەبۆوە.

لە ساڵی ١٩١٩دا، بیری كوردایەتی شەریف پاشا، لە پەرەسەندنی خۆیدا گەشتە لووتكە؛ لە مانگی مارسی (١٩١٩)دا لە كۆنفرانسی ئاشتی میللەتانی ڕۆژهەڵات، كە لە پاریس بەسترا، یاداشتنامەیەكی پێشكەش بە ئەنجوومەنی باڵای ئەو كۆنفرانسە نێودەوڵەتیە كردو داخوازی دەوڵەتێكی كوردی سەربەخۆی كرد بۆ كورد[١٤].

شەریف پاشا، هاوڕێیەكی نێزیكی مەعروف جیاوك و عەبدولڕەحمان بەدرخان و عەبدوڵڵا جەودەت و ئیسحاق سكووتی و میقداد- مەدحەت بەدرخان و شێخ مەحمودی نەمر و پیرەمێردی شاعیر بوو.

## ناساندنی گۆڤارەکە:

مەشرووتیەت Mechroutiette، لە سەرەتادا لە شیوەی رۆژنامەیەکی مانگانەی چوار لاپەرەیی، بە قەوارەی (A3) دەرچوو. ژمارەی یەکەمی لە رۆژی (١٥/١٠/١٩٠١)دا لە پاریس بلاوکراوەتەوە. لەژیر ناونیشانی Mechroutietteدا بە زمانی فەرەنسی نووسراوە:

ئۆرگانی حوکمی دەستووری عوسمانییە بە سەرپەرشتی شەریف پاشا بلاودەکریتەوە. رۆژنامەیەکی مانگانەیە، تەرخان کراوە بۆ بەرگریکردن لە بەرژەوەندییە سیاسیو ئابووریو مافە رەواکانی خەلکی عوسمانی، بێ ئەوەی گوی بدریتە نەژادو دینیان. ئەم رۆژنامەیە بە خۆرایی (بێ پارە) دەبەخشریت. هەموو نامەیەك پیویستە ئاراستەی ناونیشانی مالی ژەنەرال شەریف پاشا بکریت لە خانووی ژمارە (١٩٩) لە شەقامی Avenue ڤیکتۆر هۆگۆ بابەتە چاپکراوەکانیش بنیردرین بۆ نووسینگەی گۆڤارەکە: (٢٦، شەقامی دەلتا Delta.

لە ژمارە (١١) بەملاوە، کە لە رۆژی (١/١٠/١٩١٠)دا بلاوکراوەتەوە، "رۆژنامەکە" دەبیتە گۆڤاریکی قەوارە (٢٢× ١٥) سم، هەر ژمارەیەك لە (٥٠) لاپەرە کەمتر نییە. هەر مانگ جاریك بلاودەکریتەوە. لەسەر بەرگی گۆڤارەکەدا ئەم چەند دیرە زیادکراوە: مەشرووتیەت، ئۆرگانی حزبی عوسمانی خاوەن رەوتی لیبرالییە، شەریف پاشا خاوەن ئیمتیازیەتی. هەر بابەتیکی دەنیردریت، پیویستە ئاراستە بکریت بۆ دەزگەی مەشرووتیەت لە ١١٥ شەقامی Pompe لە پاریسی شازدە هەم.

لەم دیوو لەو دیوی بەرگی دوواوەی گۆڤارەکەدا، پەیرەوو پرۆگرامی حزبەکەی شەریف پاشا، حزبی رادیکالی عوسمانی Parti Radical; Ottoman لە (٤٤) برگەدا بلاوکراوەتەوە. رەنگی بەرگی گۆڤارەکە سەوزو زەردو سوورو جۆراوجۆرە، کاغەزەکەیشی بۆر، هەر لاپەرەیەك ٤٢ دیری تیدا نووسراوە.

## چۆن نوسخەکانی ئەم گۆڤارەمان دەست کەوت؟

تا ئێستە، هیچ سەرچاوەیەکی کوردی، بە هیچ زمانێك باسی ئەم گۆڤارە بەهادارەی شەریف پاشای کوردی نەکردووە. نوسخەکانی ئەم گۆڤارە لە پەرش و بڵاوی لە ئارشیفخانەکانی شاری پاریس کەوتوون. بەشێك لە ژمارەکانی ئەم گۆڤارە، لە کتێبخانەی I.N.A.L.C.O کە بە لانگزۆ ناوداره لە شاری پاریس، بەم کلیلە دەدۆزرێتەوە: (Per .١٨) هەروەها (Per ٥٤٢٣) بەشێکی تریشی ئەم گۆڤارەم لە کتێبخانەی نیشتمانی پاریس BNP و قوتابخانەی لێکۆڵینەوە ئاسیایی و ئەفریقییەکان Soas لە لەندەن دۆزینەوە، بەشێکی تریشی لە ژووری بازرگانی شاری مارسیل ccm لە فەرەنسا. بەشەکەی تریش لە کتێبخانەی میللی ئەنقەرە Ankara Mili Kutuphanesi دا.

## چەند سەرنجێکی گشتی لە بارەی ئەم گۆڤارە و خاوەن ئیمتیازەکەی:

١-لە سەردەمی بڵاوبوونەوەی ئەم گۆڤارەدا (١٩٠٩-١٩١٤)، سیاسەتمەدارو ڕووناکبیرانی کورد لە زۆربەی مەڵبەندە ستراتیژیەکاندا بە تایبەتیش لە پاریس و ئەستەمبوڵ و قاهیرەو لەندەن و ژنێف، کەوتبوونە خۆیان بۆ ئەوەی بتوانن شتێك بە شتێك بکەن بۆ سەربەخۆیی کورد.

٢-لە سەردەمی ناوبراودا، ڕەوت و ئایدیۆلۆژییەتی جۆراوجۆر هەبوو لە بواری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورددا، لەوانە: ڕەوتی پان- ئیسلامی، ڕەوتی پان عوسمانی، ڕەوتی گەنجە تورکەکان، ڕەوتی ڕادیکاڵی و لیبراڵی (کە ئەم گۆڤارە و خاوەن ئیمتیازەکەی، شەریف پاشا، لەو ساڵانەدا نوێنەری بوون). ڕەوتی "سەربەخۆگەری کوردستان" کز بوو.

٣-شەریف پاشا، خاوەن ئیمتیازی ئەم گۆڤارە، جارێ هێشتا باوەڕە سیاسییەکەی پێش نەکەوتبوو: نەگەیشتبووە باوەڕهێنان بە پێویست بوونی دامەزراندنی دەوڵەت بۆ کوردستانو سەربەخۆیی کورد.

٤-شەریف پاشا، لە هەمان کاتدا، لەو ساڵانەی (١٩٠٩-١٩١٤)دا، پێوەندییەکی توندو تۆڵی لەگەڵ (جەمعیەت) و (کلووب) و (ڕۆژنامە)و ڕێکخراوە کوردییەکانی ئەستەمبوڵ و قاهیرەو ژنێف هەبوو. پێوەندی ڕاستەوخۆی لەگەڵ کەڵە ڕووناکبیرە کوردەکاندا هەبووە. بارەگای حزب و نووسینگەی گۆڤارەکەیشی، لە پاریس، بەرامبەر بارەگای جەمعیەتی ئیتیحادو تەرەقی بوو (١١٥ Rue de la Pompe, Paris 16).

٥-ئایا هۆی چییە کە ئەم گۆڤارە سیاسییەی ئەم کەڵە ڕووناکبیرەی کورد بە زمانی فەرەنسی بڵاوکراوەتەوە؟ بۆچی بە زمانی کوردی یان بە زمانێکی ڕۆژهەڵاتی نەبووە؟

ڕۆژنامەنووسی فەرەنسی، کریس کووچێرا، لە کتێبەکەی خۆیدا دەڵێ: شەریف پاشا، کە ئەو ماوەیە لە فەرەنسا دەژیا، هەوڵی دەدا لەگەڵ وەزارەتی دەرەوەی فەرەنساو لەگەڵ پیاوماقووڵانی فەرەنسی وتووێژ بکات بۆ ئەوەی کێشەی کورد لەو ڕێگەیەوە چارەسەر بکرێ، فەرەنسا دەیگوت کە شەریف پاشا دەیەوێ ببێتە "ئەمیری کوردستان" و مافی نەتەوەیی ناوخۆ لەژێر ئێنتیدابی فەرەنسادا بۆ کورد وەدەست بهێنێ[١٥].

کەواتە، هۆیەکانی نووسین و بڵاوکردنەوەی ئەم گۆڤارە بە زمانی فەرەنسی، دەکرێ بەم شێوەیە لێك بدرێتەوە:

أ-ئامانجی سەرەکیی گۆڤارەکە ئەوە بوو کە ڕای گشتی نێودەوڵەتی لە بارەی "مەسەلەی کورد" و "دەوڵەتی عوسمانی" ببزوێنێ، بە تایبەتیش ڕای گشتی لە فەرەنسا.

ب-خاوەن ئێمتیازی گۆڤارەکە یارمەتی لە حکوومەتی فەرەنسا- خۆی وەرگرتووە. فەرەنسا پشتیوانێکی گەورەی ئەم ڕەوتەی شەریف پاشا بووە.

ج-زۆربەی حزب و ڕێکخراو و سیاسەتمەدارو ڕووناکبیرە تورك و کوردو عوسمانیەکانی دیکەی ئەو سەردەمە، یان لە فەرەنسا دەژیان یان زمانی فەرەنسییان زانیوە.

٦-ژمارەی دووەمی گۆڤارەکە، سەرتاپای، بە زمانی ئینگلیزییە ،دیارە ئەمەش هەر بەڵگەی ئەوەیە کە گۆڤارەکە ویستوویەتی کاربکاتە سەر ڕای گشتی لە بەریتانیاو حکومەتی ئینگلیز بۆ لای خۆی "بۆ مەسەلەی کورد" ڕابکێشێ ٠بە تایبەتیش لەبەرئەوەی "ئینگلیزەکان شەریف پاشایان خۆش نەویستووە"، "مەسەلەی ئۆتۆنۆمی بۆ کورد بە پێی سیاسەتی ئینگلیز هێندە گرنگ نەبوو"، "ئینگلیزەکان دەیانوت کە شەریف پاشا پیاوێکی لایەنگری فەرەنسایە"(١٦).

کەواتە، شەریف پاشا بۆیە هەندێ لە لاپەرەکانی گۆڤارەکەی، تەنانەت ژمارەی دووەمی، هەر هەمووی، تەرخان کردووە کە بە زمانی ئینگلیزی بڵاوببێتەوە. ئەوەتا لە لاپەرە (٣-٤)، لە ژمارە (٢)دا دەڵێ:

**Greeks, Armeniens, Kurds and Albaneses, without Counting the liberal Turks, Suffer all the More frome this Stat of things, because they are unable to give voice to their complaints.**

٧-بە پێی هەندێ لە وتارەکانی شەریف پاشا کە لەم گۆڤارەدا بلاوکراونەتەوە، بۆ نموونە بە پێی ژمارە (٢٣)ی مانگی ئۆکتۆبەری (١٩١١)، شەریف پاشا زمانی یۆنانیو ئیتالیو ئەلمانیشی، جگە لە فەرەنسی و ئینگلیزی زانیوە.

## ناواخنی گۆڤارەکە:

مەشرووتیەت Mechroutiette، گۆڤارێکی سیاسی بووە. ئەگەر وردبینانەتریش دەستنیشانی بکەین ،پێویستە بوترێ کە ئۆرگانی حزبێکی رادیکالی عوسمانی Parti Radical Ottoman بووە. کەواتە ناواخنی گۆڤارەکە، بە شێوەیەکی گشتی بریتی بووە لە پرۆگرامێکی دیاریکراو: "بەرگریکردن لە بەرژەوەندییە سیاسیو ئابووریو مافە رەواکانی خەڵکی نێو چوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانی، بێ ئەوەی گوێ بدرێتە نەژادو دینییان".

١-گۆڤارەکە، سەبارەت بەوەی کە ئۆرگانی حزبێکی رادیکالی لیبرالیی، لە دیدی "سەربەخۆیی" و "دەوڵەتخوازی کوردییەوە" نەیڕوانیوەتەوە کێشەی کورد.

وتاری (لە کوردستاندا DansieKurdistan) یەکەمین وتاری سەربەخۆیە کە تەرخانکراوە بۆ لێکۆڵینەوە لە کێشەی کورد. ئەم وتارە لە لاپەڕە (٣)ی ژمارە (٨)ی گۆڤارەکەدا بلاوکراوەتەوە. دیدێکی رادیکالیو لیبرالی پێشکەش دەکات بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی دەستووری عوسمانی رادیکالدا، کە ئەوکاتە خاوەن ئیمتیازی گۆڤارەکە، شەریف پاشا باوەڕی پێ هەبووە.

٢-گۆڤارەکە، بەردەوام، لە هەموو ژمارەکانیدا رەخنەی زۆر توندو تیژ لە فەرمانڕەوایەتی دەوڵەتی تورکیای "گەنجە تورکەکان" دەکرێ لە سالانی حزبە پان ئیسلامی و پان عوسمانییەکانیش دەخاتە ژێر رەخنەو تاوانکارییەوە. تەئکیدێکی زۆر لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە رێکخراوی(ئیتیحادو تەرەقی) لە (١٩٠٨) بەملاوە، واتە دووای ئەوەی جڵەوی فەرمانڕەوایەتیان گرتە دەست، کەوتنە چڵپاوی "خیانەتکاری" و زۆرداربیەوە.

٣-دەنگوباسی بارودۆخی کۆمەلایەتی و ئەخلاقی و ئابووری نەتەوە ژێردەستەکانی دەوڵەتی تورکیا، هەوالی سیاسی و ژیانی رۆشنبیری و رۆژنامەیی لە تورکیا، بە تایبەتیش

ژیانی ژێردەستەیی ئەرمەن و عەرەب و کوردو ئەلبانیو قوبرسی.. وێڕای وتاری ڕەخنەگرانەی سیاسی و لێکۆڵینەوەی سیاسی لە بارەی ڕووداوە گرنگەکان و چارەنووسی نادیاری تورکیا، گرنگترین بابەتە بڵاوکراوەکانی ئەم گۆڤارەن.

خاوەن ئیمتیازی گۆڤارەکە، سەبارەت بەوەی کە کورد بووە، لەم بارەیەوە بایەخێکی فرەوانترو قووڵتری داوەتە کوردستان و کێشەی سیاسی کوردەکان.

٤-لە ژمارە (١١)ی گۆڤارەکە بەملاوە، هەموو جارێك، لە هەموو ژمارەیەکدا، پەیڕەو پرۆگرامی (حزبی رادیکاڵی عوسمانی) لەسەر بەرگی پشتەوەی گۆڤارەکەدا لە (٤٤) بڕگەدا بڵاوکراوەتەوە.

سەیر لەوەدایە لە هیچ بڕگەیەکی ئەو پەیڕەو و پرۆگرامەدا ناوی کورد نەهاتووە، تەنیا لە بڕگەی دووەمدا دەڵێ:

"هەموو عوسمانیەك، لە هەر نەژادو دینێك بن ،بە ئازادی دەژین و نیشتەجێ دەبن. هەر هەمووشیان لە ماف و ئەرکەکانیاندا، بێ جیاوازی، یەکسان دەبن".

٥-بەشێکی گۆڤارەکە تەرخان کراوە بۆ بڵاوکردنەوەی بیرو بۆچوونی سیاسەتمەدارو ڕووناکبیرە ئەورووپاییەکان لە بارەی ئێستاو داهاتووی سیاسی تورکیا، بە تایبەتیش ئەو وتارانەی کە لە ڕۆژنامە و گۆڤارە ئەوروپاییەکاندا بڵاوکراونەتەوە.

٦-ئەو وتارانەی کە تەرخانکراون باس لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و بارودۆخی ئەوسای کوردستان دەکەن، گرنگترینیان ئەمانەن:

-ژمارە (١٤)، لاپەڕەی هەواڵەکان.

-ژمارە (١٥)، ل ١، ٤٣-٤٧.

-ژمارە (١٦)، ل ٧-١٧ و ٢٣-٣٢.

-ژمارە (١٧)، ل ٦١.

-ژمارە (١٨)، ل ١-٨.

-ژمارە (١٩)، ل ٢٤-٢٦.

-ژمارە (٢٠)، ل ٧-١٣.

-ژمارە (٢١)، ل ٣٤- ٣٧.

-ژمارە (٢٤)، ل ٤٨

-ژمارە (٢٥)، ل ٢٣-٣٢

-ژمارە (٢٧)، ل ٣٧.

-ژمارە (٢٨)، ل ٣٥-٣٩.

-ژمارە (٢٩)، ل ٣٥-٣٧.

-ژمارە (٣٣)، ل١١-١٥

-ژمارە (٣٦)، ل ٧-٢٢.

-ژمارە (٤٠) بەملاوە، لەهەر ژمارەیەکدا وتارێك تەرخان کراوە بە کێشەی کوردستانو بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد.

## هەڵبژاردەیەك لەم گۆڤارەوە: وتەکانی شەریف پاشا

چەند کۆپلەیەك لە نووسینەکانی ئەم گۆڤارە هەڵدەبژێرین، کە بە قەڵەمی شەریف پاشا- خۆی نووسراون: بۆ ئەوەی لامان ڕوون ببێتەوە ئاخۆ شەریف پاشای "سەرۆك حزبی رادیکاڵی عوسمانی"، لە ساڵی (١٩١٣)دا (پێش ئەوەی بیری سیاسیی پێش بکەوێت و ببێتە ناسیووналیست) چۆن لە "مەسەلەی کورد" تێگەیشتووەو باوەڕی چۆن بووە لە هەمبەر بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لەو سەردەمەدا؟

**پیرۆزنامەیەك بۆ بڵاوبوونەوەی ئۆرگانی "ڕۆژی کورد" لە ١٩١٣**

**بڵاوبوونەوەی ئۆرگانێکی کوردی (ڕۆژی کورد) لەم دواییەدا لە ئەستەمبۆڵ، بووە مایەی خۆشحاڵییەکی یەکجار زۆر بۆ دەستەی کارگێڕانی گۆڤاری مەشرووتیەت Mechroutiette. ئێمە، لای خۆمانەوە، هەرگیز درێخیمان لەوە نەکردووە کە سیاسەتێکی دادپەروەرانە لە هەمبەر هاوڵاتیە موسڵمانە غەیرە تورکەکان پەیڕەو بکەین و بڵاوبکەیتەوە.**

**لەژێر سایەی حکوومەتەکەی پێشوودا، کورد وەك عەرەب، بوونە قوربانی ئەو بەر پرسیارو فەرمانبەرانەی کە حکوومەتی مەرکەزی دەیناردنە مەلبەندەکانیان ئەو بەرپرسیار و فەرمانبەرانە، هیچ شتیکیان لە بارەی خەلك و وڵاتی کوردەوە نەدەزانی، کەچی دەشبووایە بەریوەیان ببەن! ئیدی، بەم شیوەیە، ئەم میللەت و وڵاتەیان، بە پیی هەواو کەیفی خۆیان، خستبووە چەرمەسەرییەوە هاووڵاتیە مەسیحیەکانمان، هیچ نەبووایە دەیانتوانی پەنا بۆ پاتریرکەکانی خۆیان ببەن بۆ ئەوەی گازاندەکانیان بگەیەننە حکوومەتی مەرکەزی و داوایان لی بکری کە هیچ نەبێ بۆ ماوەیەك ئەو زولم و زۆرەی سەر مەسیحیەکان رابگیرێ. بەڵام کوردەکان، بە هیچ شیوەیەك کەسیان نەبووە. نەیانتوانیوە گەزاندەو هانای خۆیان بگەیەنن بە هیچ دەسەڵاتداریك.**

**ئەمە راستە، کە هەندێ سەرکردەی کورد، لە ریگەی دەسەڵاتداریتی ناوخۆی ناوچەکانەوە پاریزراون، بەڵام زیاتر لە چوار ملیۆن کوردن لە مەرگەساتی و چەرمەسەریدا ژیاون و لە لایەن ئاغاو سەرکردە و حکوومەتەوە چەوسینراونەتەوە.**

هاتنـە سـەر حوکمـی "حکوومـەتی دەسـتووری" وای کـرد کـە هیوایـەك لای کوردەکـان پـەیدا ببێـت. بـەپێی قـانوون داخـوازی ئـەوەیان کـرد کـە دان بـە نەتەوەکەیاندا بنرێت، وەك توخمێکی پێکهێنەری ئیمپراتۆریەتی عوسمانی!

کورد لەم هەوڵەیدا تووشی هەناسە ساردی هات. جەمعیەتی ئیتیحادو تـەرەقی، کە ئەمڕۆ جڵەوی حوکمیـان گرتۆتـە دەسـت، وەك سـوڵتان عەبدولحـەمید، بوونـی کوردی پێشێل کردووە. جەمعیەتی نـاوبراو هـەوڵی ئـەوە دەدا کـە هـەموو نەتـەوە موسڵمانەکان بە ناوی دین و لەژێر ئالای ئیسلامدا کۆبکاتەوە، ئەم پان تۆرانیزمەی ئیتیحادو تەرەقی نایخوات، زۆر دەمێکە هەرەسی هێناوە.

لەم سـەدەی بیسـتەمەدا، سـەرکردەکانی جەمعیـەتی ئیتیحـادو تـەرەقی "کـە هەمووشیان خوێندنیان لە پایتەختە درەوشاوەکاندا تەواو کردووە" کەچی تـازە بـە تازە هاتوون پرنسیپی "دین" لە جیاتی پرنسیپی "نەتەوە پەروەری" بـەکاردەهێنن. ئێمە، هەموومان، دەزانین: میللەتی وا هەیە تەنانەت دینی خۆشیان گۆڕیـوە، بـەڵام دەسبەرداری نەژاد و نەتەوەکەی خۆیان نەبوونـە جەمعیـەتی نـاوبراو، دیـارە ئێسـتا دەستیان لەو پڕۆژەیە هەڵگرتووە کە نەژادە غەیرە تورکەکان بکەنە تورك.

لەم ئۆرگانە کوردییە تازەیـەی (ڕۆژی کـورد)دا، لوتفـی فیکـری بـەگ ،کۆنـە ئەندامی مەجلیسی عالیی شـاری دەرسیم، حکوومەتـە تازەکـەی تورکیـا دەخاتـە بەردەم، ڕەخنەو لێپرسینەوەیەکی توندەوە، ئەمەش سەبارەت بەوەی کە حکوومەتی ناوبراو نەتەوەی کوردی فەرامۆش کردووە.

"ئەگەر بێداربوونەوەی کورد کەمێك درەنگی پێ چووبێ"، لوتفی بەگ دەڵـێ "هۆیەکەی ئەوە بوو کە کورد ڕێی بۆ خۆش نەکراوە کە بتوانی تێکەڵ بە میللەتانی

شارستان ببێت، بەلام "ئەمڕۆ کە کورد بێدار بۆتەوە، ئەمە ئەرکی ئێمەیە کە نەهێڵین چیتر لە خەوی غەفڵەت و دوواکەوتندا بمێنێتەوە".

لە کۆتاییدا، زۆر بە گەرمی پیرۆزبایی لە هاووڵاتیە کوردەکان دەکەین و ئاواتەخوازین کە بتوانن لەگەڵ ئەرمەنییەکان دەست لە دەستی یەکتر بنێن بۆ ئەوەی بتوانین، بەکردەوەیەکی هاوبەش و هاوخەباتە، لە دەست ئەو بەڵایەی وڵاتەکەمان ڕزگارمان بێت کە ناوی جەمعیەتی ئیتیحادو تەرەقی‌یە.

mechroutiette, n, 47, p. 40-43, Paris: 1913.

*کورد، هەموو خەڵك دەزانێ، زیرەکییەکی وردیان هەیە، هەروەها بەهرەی ئەوەشیان هەیە کە بتوانن لەناو میللەتانی دیکەدا بتوێنەوە، ئەگەر تا ئەمڕۆ، بە شێوەیەکی گشتی فەرامۆش کرابن لە لایەن حکوومەتی عوسمانییەوە، ئەوا بەرپرسیارێتی ئەم فەرامۆشکراوییە دەکەوێتە ئەستۆی ئیدارەی تورکەکان. ئیدارەی تورك لە جیاتی ئەوەی بە شێوەیەکی چاك سوودیان لێ ببینێ‌و بەکاریان بێنێ، ژیانی هەموویانی خستۆتە هەژاری و نەخۆشی و نەخوێندەوارییەوە..

مەشرووتیەت، ژمارە (٤٠)، (٨-٩، مارس ١٩١٣).

**ئەوەی کوردەکان بە شێوەیەکی ئازاد پیشان دەدات و دەیسەلمێنێ کە کورد ئازادیخوازن، ئەوەیە کە ئافرەتەکانیان هەرگیز پەچە ناپۆشن.

مەشرووتیەت، ژمارە (٤٠)، ل٩ ، مارس ١٩١٣).

***کورد، دووای عەرەب، لە ڕووی سەرژمێرییەوە، بە دووەم نەتەوە دەژمێردرێت لە تورکیا، چونکە ئەمڕۆ ژمارەیان دەگاتە پێنج ملیۆن کەس لە تورکیا. ئەمە لە کاتێکدا تورکی ڕەسەن تەنانەت (٢) ملیۆنیش نابن.

مەشرووتیەت، هـ .س.

*کوردەکانی وڵاتی ئێران Perse کــە ژمارەیـان زیاتریشـە، لـە ئاست کێشـەی کوردەکـانی تورکیـا بێدەنـگ نامێننـەوە. کوردەکـانی ئـەوێ بەشێکی گــەورەی پیشەسازی ئەوێیان بە دەستەوەیە. فەرشی فارســی هـەرە نایـاب، کـە بـە فەرشـی سنەیی ناودارە، بە دەست و پەنجەی ژن و کچە کوردەکان دروست دەکرێن*

بە یەك وشە، کوردەکان گروپێکی ئەتنیکی زۆر ڕەســەن پێکدەهێنـن، هەمیشـە ئامادەن بە چەکی خۆیان بەرگری لە بوونی نەتەوەیی خۆیان بکەن، نەك هــەر دژ بە ئەرمەنییە جودا خوازەکــان، بـەڵکو دژ بـە هـەر داگیرکـەرێکی بێگانـەو دژ بـە بنەماڵـەی داگیرکـەری تورکیـش. بۆیـە، کـورد وەك نەتەوەیـەك لـە چوارچێــوەی تورکیادا، پیویستە حسیبی خۆی بۆ بکریت.

mechroutiette, n.,40, P.g, mars 1913.

*کورد هەمیشە بە شیوەیەکی ئاقڵانە ژیاوە لەگەڵ ئەرمەنیـەیکاندا. حکوومـەتی حەمیدیەو حکوومەتی ئیتیحادیەکان بوو کە کوردی لەو ساڵانەی دووایيــدا گلانـدە نیو ئەو چلکاوە پیسەی قەتلوعامی ئەرمەنییەکانەوە.

ئیمەی کورد، ئەمرۆ، بە قەد دلسۆزەکانی ئەرمینیاو زیــاتریش، شیوەن بـۆ ئـەو قەتلوعامە دەگیرین. لە تۆڵەی ئەم قەتلوعامە و دەنگدانەوەی لــە جیـهاندا، ئـەمرۆ ئەرمەنییەکان دەیانەوێ دەولەتیکی ســەربەخۆیان هـەبیت و کـورد -وەك کۆیلـە- بخەنە ژیردەســتی خۆیانـەوە. کوردیـش، بـە شـیوەیەکی سروشـتی، ناتوانـێ ئـەم گریمانەیە قبوول بکــات و بکەویتـە بـن دەسـتی زولـم و ریاکـاری حکوومـەتیکی بیگانەی دیکەوە.

ئەم دوو نەژادە پاکە، پیویستە لە چوارچیوەیەکی قانوونیدا پیکەوە هەلبکەن، لـە پیناو پیکەوە ژیانیکی ئاسوودەو ئارام لە دەولەتی عوسمــانیدا، وەك جـارانی پیـش

**قەتلوعامەکە. چونکە کورد و ئەرمەن، هەر چەندە نەژادیان لیکتر جیاوازە، بەلام هەمان رۆحیات و ئاکاریان هەیە. بەرژەوەندییان لەوەدایە کە هەر دوولا، بە شیوەیەکی هاوریانە لەگەڵ یەکتر بژین.**

**هەر دوولایان، لە کانگای دلەوە حەز لەوە دەکەن کە چەند ریفۆرمیك، لەسەر بنچینەیەکی یەکسانی و دادپەروەرانە بیتە ئارا. ئەم حەزە هاوبەشەش، وا پیدەچێ پیویست بێ کە لە خەباتیکی هاوبەشدا کۆبکریتەوە. لەم بارەیەشەوە، پیویستە هەردوولامان مەنهەجی methodiqur بین.**

**mechroutiette, n, 40, p,g, mars 1913.**

## بایەخی ئەم گۆڤارە

١-ئەم گۆڤارە ویستگەیەکی فیکری گرنگی شەریف پاشایە، یەکیك لە قۆناغەکانی پەرەسەندنی بیری سیاسی ئەم سیاسەتمەدارە کوردەمان بۆ روون دەکاتەوە: پیش ئەوەی باوەر بە "کوردایەتی" بهینیت و داوای دەولەتی سەربەخۆی کوردستان بکات.

٢-ئەم گۆڤارە سەبارەت بەوەی رادیکال لیبرال بووە، ئاوینەیەکی بیگەردی خەوش و هەلە و ناتەواوییەکانی حزبەکانی دیکە بووە. هەقیقەتی هەموویان پیشچاو خستووە و رادیکالانە لیی کۆلیونەتەوە.

٣-ئەم گۆڤارە، بەشیك لە واقیعی ژیانی کوردستانی و گەلی کوردی لە سالانی (١٩٠٩-١٩١٤)دا پیشان داوە، چەند لاپەرەیەکی لە میژووی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردی لەسەر لاپەرەکانی خۆیدا تۆمار کردووە و پاراستوویەتی.

٤-ئەم گۆڤارە بە گەویکی گرنگی جموجولی رۆژنامەگەری کوردی- بە زمانی فەرەنسی لە قەلەم دەدریت.

## سەرچاوە و پەراویز:

1-Rouillard clarence DANA: The Turk in the French hidtory, paris: 1938, P.80

2-Bernard LEWIS: the Emergence of Modrne Turkey, ford: 1961. p.55.

3-J.BISLUPSKI: La culture et

l'influence Francaise en Turquie
(1453- 1935) Sorbonne. paris.

4-I. LAGARDE: Notes sur les journau Francais de Constantinople a L'epoqe

revolutionnaire in (Jounal
Asiatique) Paris: 1948 , p.271-276.

5-Francois Georgeon : Apercu sur Ia presse de Ia Iangue francaise en Turquie

pendant Ia periode kemaliste, in
"Collection turciacal , paris :1981

٦-پیشتر، لە ١/١/١٨٦٥دا مافی رۆژنامەگەریتی لە دەولەتی عوسمانیدا، بە تەئسیری قانوونی ١٧/٢/١٨٥٢ی ولاتی فەرەنسا لە بارەی مافی ئازادیی دەربرینی بیروورای رۆژنامەنووسی بلاوکرابۆوە.

7-paul Fasch: Constantinople auv dernieres jours d'Abdul Hamid , paresse:1907

, p.52

8-G,groc , I caglar: La presse francaise de Turquie , Ed.lsis; Istanbul
1985, P.19-28.

9-G.Groc - I. caglar: Ia presse fran- caise de turqnie de 1795 a nos jours, ed. isis.,

15 tanbul: S.D., P. 194.

١٠-فەرهاد پیربال: زنجیرەی ژیاندنەوەی نووسراوە عوسمانییەکان، شەریف پاشاو کۆنفرانسی ئاشتی، گ یەکگرتن، ژمارە ١٣، کۆپنهاگن:١٩٩١،ل ١٠٠-١٠٤

11-mechroutiette, Constitutionnel -~ Ottoman, organ du parti ottoman (I entente Iiberale) sous Ia patronage de G. cheri f - pacha, N.47, Oct. 1913.

12-chris kutschera: Ie mouvement -~ national kurde, ed. flammarion, paris:1979, p.25-45.

١٣-هەمان سەرچاوەی سییەم.

14-cheri f pacha:memorandum sur -Ies revandications dn peuple kurde,

Impr. a — g— I, hoir, paris: 1919, 15 pages.

15-chris kutschera: Ie mouvement national, p. 25 - 45.

16-chris kutschera: le mouvement national, p. 25 - 45.

# ئەلبووم

وینەکانی خودی شەریف پاشاو باوکی شەریف پاشا ٠(سەعید پاشای خەندان)، هەروەها وینەی برایەکانی و ژن و مندالەکانی، هەروەها ئەوانی تریش کە لیرەدا پیشاندراون ، لە ماوەی سالانی (١٨٨٧-١٩٢٠) لە ئەستەمبول و بەغدا و قاهیرە یان لە ژنیف و پاریس و لەندەن بە کامیرای کوردناسەکانی ئەوروپا یان لە ستۆدیۆکانی ئەستەمبول و ئەوروپا گیراون.

هونەری فۆتۆگرافی لە سالی (١٩٠٠) بەملاوە، لە ریگای بەغداو بە تایبەتیش لە ریگای ئەستەمبولەوە، واتە لە ریگەی ئەو وینەگرە ئەرمەنیو جوولەکە و رۆژئاواییانەوە کە لە ئەستەمبول و بەغدا دەیان، گەیشتە ناو ئەو سیاسەتمەدارو رووناکبیرە کوردانەی لە ئەستەمبول و بەغداو شارە گەورەکانی دەولەتی عوسمانیدا دەژیان.



**ماڵی شەریف پاشا لە ستۆکهۆڵم لە شەقامی کۆمەندۆرگاتان، ژمارە ٣٢**
Kommendorgatan 32



ئەمینە خانم، کچی مامی مەلیك فاروق خێزانی ژەنەراڵ شەریف پاشا



( شەریف پاشاو سالح بەگو مەلەك خانمی كچی شەریف پاشا
لەنێوانیاندا ڕاوەستاوە. )



(شەریف پاشاو کچەزاکەی)



بارەگای حزبی ئیتیحادو تەرەقی لە ئەستەمبۆڵ ١٩١٨



**شەریف پاشا لەگەڵ سەفیری میسر لە ڕۆما، لەگەڵ کچەکەی و زاواکەی لە ساڵی ١٩٤٦**



کچە گەورەکەی شەریف پاشا ( شەریفە خانم )



**شەریف پاشا لە نایت کلەبیکدا کاریکاتیری هونەرمەندی سویدی**
Albert Engstrom



**شاری سلیمانی، هەوارە کۆنەکەی شەریف پاشا کە لە سالی ١٨١٧**

**لە لە ندەن وینەی کیشراوە لە لایەن ولیەم هیود** W.Heude

**لە کتیبی** Avoyage up the persien



**سالح بەگ زاوای شەریف پاشا**



**د. عەبدوڵا جەودەت دامەزرینەری ئیتیحاد و تەرەقی**
**هاوریی ژەنەراڵ شەریف پاشا**



**سەرۆك وەفدی ئەرمەنیەكان**
**نووبار پاشا ١٩١٩**



**سەرۆك وەفدی كوردان،**
**شەریف پاشا ١٩١٩**



ژەنەراڵ شەریف پاشاو
ئیمزاکەی لە ساڵی ١٩٠٨



ئۆسکاری دووەم، پاشای سوید میدالیا لە یەخەی ژەنەراڵ دەدات



**ژەنەراڵ شەریف پاشا**
**بە کامیرای سەلما جاکۆبسن لە ساڵی ١٨٩٩**

# یاداشتنامە
# لە بارەی داخوازییەکانی گەلی کورد

**Memorandum sur Les Revendications du Peuple Kurde ,**
**imprimerie A. - G. L, Hoir; 26, Rue du Delta, 26**
**Paris: 1919. (15 pages).**

دووا بە دووای بەزینی ئەڵمانیاو ئیمپراتۆری عوسمانی لە یەکەمین جەنگی جیهانیدا، لە ساڵی ١٩١٩ کۆنفرانسێکی جیهانی بەنێوی کۆنفرانسی ئاشتی بۆ نەتەوە بندەستەکانی ڕۆژهەڵات و وڵاتەکانی ئەو دەروبەرە، لە پاریس بەسترا، کە مەسەلەی چارەنووسی گەلانی بندەستی ئیمپراتۆری عوسمانی (کورد، عەرەب، ئەرمەن..) گرنگترین بابەتەکانی کۆنفرانسەکە بوون. وەفدی گەلی کورد لەو کۆنفرانسەدا بە سەرۆکایەتی ژەنەراڵ شەریف پاشا بوو، کە بە زمانی فەرەنسی ئەم یاداشتنامە بەنرخە مێژووییەی لە بارەی داخوازییەکانی گەلی کورد پێشکەش کرد، کە بەرزترین ئاستی هۆشیاریی سیاسیو نیشتمانیی ئەو سەردەمە دەردەخات. لەوانەیە هەر ئەم یاداشتنامەیەش ڕۆڵی هەبووبێت لە ئیمزاکردنی پەیمانی سیڤەر لە ساڵی ١٩٢٠دا.

شایانی باسە، ئەم یاداشتنامەیە، یەکەمین یاداشتنامەی کوردایەتیی نێودەوڵەتییە کە چین و توێژو ڕێکخراوە کوردییەکان، زۆربەیان، لە هەموو پارچەکانی کوردستانەوە، سەرتاسەر، پشتگیرییان کردبێت و لەسەری ڕێك کەوتبن. پێش ئەمە، هیچ یاداشتنامەیەکی کوردایەتی، لە سنووری عەشیرەتێك یان میرنشینێك یان پارچەیەکی کوردستان تێپەڕی نەکردووە.

# یاداشتنامە
# لە بارەی داخوازییەکانی گەلی کورد[1]

داخوازییەکانی ئەرمەنییەکان، سەرەرای ناواخنی ئیمپریالیستانە، مادام ئەمرۆ بە شیوەیەکی رەسمی دانیان پیدانراوە، کەواتە منیش وا تیدەگەم لە توانامدا هەبێ، بە تایبەتیش لیرە لە بەردەم کۆنفرانسی ئاشتیدا، کە داخوازییە رەواکانی نەتەوەی کورد رابگەیەنم[2].

کەوشەنەکانی کوردستانی تورکیا، لە رووی ئەتنۆگرافییەوە، بەم شیوەیە دەست پیدەکەن: لە باکووردا شاری Ziven ویرا ویرای سەر سنووری ولاتی قەوقاز،کەدریژ دەبیتەوە بەرەو رۆژئاوا تادەگاتە ئەرزە رۆم، ئەرزنجان، Kemah، ئەرەبگیر، Divick, Behismi؛ لە باشووردا Haran، تەپۆلکەکانی ژەنگار، تەلەعفەر، ئەربیل، کەرکوك، سلیمانی، man AKK- el، سنە؛ لە رۆژهەلاتیشدا بە رەواندز دەست پیدەکا، باشقەلا، وزیرقەلا، واتە ویرای سنووری ولاتی فارس، تا دەگاتە چیای ئارارات.

کوردەکان، لە رۆژگارە هەرە دیرینەکانەوە، بەناوی جیاجیا؛ لە سیزدە سەدە لەمەوبەریشەوە بەناوی کورد لەم مەلبەندانەدا گیرساونەتەوە و بنەگربوونە[3].

تا ئەو رۆژەی بە خواستی خۆیان چوونەتە ژیر رکیفی دەسەلاتداریتیی سولتان سەلیمی یەکەمەوە، ولاتەکەیان (کوردستان) لە چل و دوو میرنشینی سەربەخۆ پیکهاتبوو: دیاربەکر، دیناوەر، Ardial, Ler Charry Soul، هەکاری، ئامیدی، Fink, Kurkel، حەسەن کیف، Guezek, Tchemuche۔ میرداسی، Kilis, Hezan, Sassour,، شیروان، Ter- Hak, Erdikan, Derzini, Derzini, qual، سلیمانی، سەحران، Daoud, Kalai,

Terkour، پلێنگان، بەتلیس، گارزان، بۆتان.. هتد. هەموو ئەم شارانە لەژێر دەسەڵاتی میرنشینە کوردە سەربەخۆکاندا بوونە.

مۆمسن Mommsen، لە کتێبەکەی خۆیدا لە بارەی مێژووی ڕۆمانییەکان، وڵاتی ئەرمینیای خستۆتە نێوان سەرچاوەکانی ڕووباری دیجلە- فورات و ڕووباری کوور Kur.

ئینسیکلۆپیدیای ئینگلیزی Nuttals مەسەلەکەمان لەوە باشتریش بۆ ڕوون دەکاتەوە، وا لێرەدا دەقاودەق قسەکانی دەگوازینەوە:

((ئەرمینیا وڵاتێکە لە ڕۆژئاوای ئاسیادا، کەوتۆتە ڕۆژئاوای دەریای قەزوینەوە، لە باکووری چیاکانی کوردستاندا، دابەشکراوەتە سەر تورکیاو ڕووسیاو وڵاتی فارس؛ دەشتێکی شەقار شەقار پێکدەهێنێ؛ ئەملاو ئەولای چەند دۆڵێکی بە پیت و پاراون کە لووتکەکانیان لە چیای ئاراراتدا قووت دەبنەوە".

ئەم ڕاستییە، بە ئاشکرا ئەوە دەگەیەنێ کە ئەرمەنییەکان لە حاڵەتی دەسەڵاتڕاخستنی خۆیاندا، پێویستە ڕوو لە وڵاتەکەی خۆیان بکەن، نەوەك بێن بە شێوەیەکی نارەوا مرخ لە مەرزو بوومی کوردان خۆش بکەن(٤).

لەمەڕ ئەو بەشی کوردستانەی کە دەکەوێتە ویلایەتی ئەرزەڕۆمەوە، ئێمە دەتوانین پشت بە بەڵگەی جوگرافیاناسی مەزن (ئێلیزێ ریکلووس) Elisec Reclus ببەستین، کە لە کتێبە گەورەکەی خۆیدا، سنورە گشتییەکانی هەندێ لە هەرێمەکانی ئاسیای دیاریکردووە؛ کە ئەم سنوورانەش، بە بۆچوونی ئەو، کوردستانێکی ڕەوایان Legitime لێ پێکدێت، ئەمەش سەبارەت بە زۆریی ژمارەی کورد لەو هەرێمەداو هەروەها سەبارەت بە سنورەکانیان(٥).

ئێمە، بە ئەرکی خۆمان، ناتوانین خۆمان لە بەڵگەکانی ئەم جوگرافیاناسە گەورەیە بدزینەوە، ئەمەش لە پێناو بنیاتنانی بناخەکانی پەیامی مرۆڤایەتی، لە پێناو پیادەکردنی

پرنسیپی نەتەوەکان - Principe des Nationalites لـە بـواری ئـەو گۆڕانـەی داهـاتوو کـە بەسەر نەخشەی جیهاندا دێت[٦].

"لەنێو ئەو دەشت و دۆڵانەی، بە تایبەت دەوروبەری زابی گەورەدا، کۆمەڵە خەڵکێك لە شێوەی چەند خێـڵ و عەشـیرەتێکی یـەکانگیردا، نەتەوەیـەکی خـاوەن هـێزی هێنـدە گـەورە پێکدەهێنن، کە بە ڕاستی بتوانن لە هەمبـەر تـورك و فارسـەکاندا کەڵکەڵـەی سـازکردنی دەوڵەتێکی سەربەخۆیان هەبێت".

فەرموون ئەوەتا، یەکێك لە گەورەترین جوگرافیاناسـەکان، لـە سـاڵی ١٨٨٤دا ئەمـەی سەرەوەی نووسیوە. بە شێوەیەکی سروشتی، چەند خەسڵەتێکی دانسـقەی دیکـەش هـەن کـە بتوانن لەم کۆنفرانسەدا وەدیار بکەون.

هیوادارین ڕێگامـان بدرێتـێ پەنجـەنومای ئـەوەش بکـەین کـە لـە حاڵـەتێکی ئەگـەر مەڵبەندە کوردنشینەکانیش هەر بخرێتـە پـاڵ ئـەو دەوڵەتـە ئەرمەنییـەی خەریکـە دروست دەبـێ؛ سـەبارەت بـەوەی کـە کـورد خـەڵکێکی جـەنگاوەرن و هەمیشـە حـەز لـە ئـازادی و سەربەخۆیی نەتەوەکەیان دەکەن؛ ئـەوا ئـەو دەوڵەتـە ئەرمەنییـەی داهـاتوو، قەتاوقـەت، لـە پشێویو قەیرانێکی بەردەوام زیـاتر، هیچـی تـر بـە چـاوی خۆیـەوە نابینـێ؛ تـەنیا مەگـەر دەوڵەتە هاوپەیمانەکان بە خۆیان و بـە لەشـکرێکی گـەورەوە بێـن هێزەکـانی خۆیـان لـەوێ ڕابخەن، کە لەو کاتەشدا، ئەوانیش هەر دەکەونە بەر شاڵاوی جەنگیکی بێئامانەوە.

ئەرمەنییەکان بە گەزافەگۆیی کەوتوون و گەورەترین ئەرمەنستانییان دەویت، ئەمـەش لەبەر ئەوەی کە لە سەردەمی تیگران Tigranدا، پەنجا ساڵ پێـش لـە دایکبوونـی مەسـیح، دەولەتیك بەناوی ئـەرمینیاوە هـەبووە، کـەچی بـە ئانقەسـت ئـەو ڕاسـتییە لـە بـیرە خۆیـان دەبەنەوە، کە مەرزوبوومی وڵاتەکەیان (خۆ بە شیوەیەکی ڕاستەوخۆ پابەندی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانییـەکانیش بـوو) لـە هـەمان سـەردەمی تیگرانـدا، لـە لایـەن Pompeeدا سـەرلەنوێ داگیر کرایەوە.

ئەم سەرنجە، ئیدی چیتر ئەوە بە شتێکی سروشتی نازانێ، کـە ئەرمـەنییـەکان ڕێ بدەنـە خۆیان "ئەرمـینیای گەورە" بە بێشکەی شارستانیەت و نەژادی خۆیان لە قەڵەم بدەن.

ئەرمـەنییەکان، وەك ئەوانەی داکۆکییان سروشتی نازانێ، کـە ئەرمـەنییـەکان ڕێ بدەنـە خۆیان "ئەرمـینیای گەورە" بە بێشکەی شارستانیەت و نەژادی خۆیان لە قەڵەم بدەن.

ئەرمـەنییەکان، وەك ئەوانەی داکۆکییان لێدەکـەن، دەیانـەوێ داخوازییـەکانیان بـە ڕەوا بسـەلمێنن، بـۆ ئەمــەش دێـن پشـت بـەو دیاردەیـە دەبەسـتن کـە ئیـتر گوایـە چـەند هـــەزار ئەرمـەنییەك ئەمڕۆ لە کوردستاندا دەژین.

بۆ وەڵامدانەوەی ئــەم لاف و گەزافانـە، ئێمـە، دیسـانەوە پشـت بـە بەڵگـە و قسـەکانی Nuttal دەبەستینەوە، کە دەڵێ:

"ئەرمـەنییەکان لە ڕۆژگارە هــەرە دێرینەکانـەوە، هەمیشـە ڕەویـان کردۆتـە وڵاتـەکانی دەوروبەری خۆیان، وەك جوولەکەکان، هەمیشە عـەودالی پرۆژەو کاروباری بازرگانین. بەشــی هەرە زۆریشیان پووڵدارو خاوەن سەرمایەن. کوردەکان هـەرگیز ئـەوەیان لـە خـۆ نەکردۆتـە غـەم کە ئەو ئەرمـەنییانـەی ئـەمڕۆ لـە کوردسـتاندا دەژیـن و هەمیشـە مێملـی بازرگـانین، قـازانج و بەرژەوەندییـەکانی خۆیـان لەسـەر خـاکی وڵاتەکـەی ئـەوان ئــەنجام دەدەن. ئیــدی ئەرمـەنییەکان بەم شـێوەیە بـە نیـازی ڕووتاندنـەوەو بـەکارهێنانی کوردەکـان وایـان بـەباش زانیوە کە بە شێوەیەکی ئارەزوومەندانە ڕووبکەنە کوردستان".

ئیدی کەواتە هەر سەبارەت بە هەمان کەڵکەڵەیە کە هەمیشە واشیان بـە باشـتر زانیـوە بێن لـە شـارەکاندا بژیـن؛ تەنانـەت هـەر بـە تـەواوەتیش کـارکردنی مـەزراو کشـتوکاڵ بـە یەکجاری فەرامۆش بکەن.

بۆ سەلماندنی کەمایەتی بوونی ئەم ئەرمـەنییانـە لـە کوردسـتاندا، دەتوانـین پشـت بـەو گەواهییە ئۆفیساڵە هەرە تازانە ببەستین کـە لـە لایـەن تورکیـاو دەوڵەتـە ئەورووپییەکانـەوە دەرچوون. یەکسەر لە دووای (پەیمانی بەرلین) وەفدێك لەژێر سەرپەرشتی ژەنەراڵی ئینگلیز

بێکر پاشاو سەعید پاشای سەرۆك ئەنجوومەنی دەوڵەتی عوسمانی، هەروەها لە ژێر سەرپەرشتیی یەکێك لە پیاوماقووڵە ناودارە ئەرمەنییەکان، میناسە فەندی، بە نیازی سەرژمێرکردنی دانیشتووان، ناردرایە کوردستان(٧).

لەو سەرژمێریەدا، هێندە بەسە کە تەنیا ئەوەی دیاربەکر بە نموونە بهێنینەوە، چونکە ئەنجامەکەی: لەناو (٨٤٠٠٠٠) دانیشتواندا، (٦٠٠٠٠٠) موسڵمان دەرچوو بوون، (٢٤٠٠٠٠)یش مەسیحی، یان جوولەکە.

لە ساڵی ١٨٩٥دا میر لۆبانۆف Lobanoff، وەزیری کاروباری بێگانان لە ڕووسیا، کە هەڵبەتا زۆر دوورە لەوەی دۆستی کوردان بێت، ساغی کردەوە کە ئەرمەنییەکان لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا تەنیا کەمایەتییەکی نەتەوەیی بچووك پێك دەهێنن.

لە ڕۆژی ٣ی نۆڤەمبەری ١٨٩٥دا (بڕوانە ڕۆژنامەی of- Journal ficiel ،ڕۆژی ٤ی نۆڤەمبەری ١٨٩٦، ل ١٣٥٧-١٣٥٨)، وەزیری کاروباری بێگانان لە گفتوگۆیەکدا لە بارەی مەسەلەی ئەرمینیا کە لەو ماوەیەدا لە خانەی وەزیرانی فەرەنسادا سازکرا بوو، ئەم بانگەوازەی ڕاگەیاند:

(لە شارەکانی تورکیادا، کە ئەمڕۆ تاقە گێروگرفتێکن مشتومڕیان لەسەر دەکرێ، بە پێی سەرژمێرییەکانی بە دەستمان گەیشتوون، گەلی ئەرمەن ژمارەیان هەر چەندێك بێت ،لەکەرتێکی زیاتر لە ١٣٪ی دانیشتوانی تورکیا تێپەڕ ناکا. لە لایەکی دیکەشەوە، مەرزبوومەکانیان لە ویلایەتەکانی ئاسیادا زۆر ناهاوسانە: لە هەندێ شوێندا ژمارەیان زۆرە، لە هەندی شوێنیشدا هەتا بڵێی پرژوبڵاون. بە کورتی ئێمە هیچ هەرێمێك لە شارەکانی تورکیادا بەدی ناکەین کە ئەم میللەتە بەدبەختە بە ڕاستی بەشی هەرە زۆری دانیشتووان پێك بهێنێت، یان توانیبێتی مەڵبەندێك بۆ خۆی پێکەوە بنێت، بۆ ئەوەی لە ڕێگای ئەو مەڵبەندەوە بتواندرێت جۆرە ئۆتۆنۆمییەکیان بۆ سازبکرێت.

لێرەدا بۆ ئەوەی هۆی نارەزایی کوردەکان بە تەواوەتی روون ببێتەوە، ئەم چەند کۆیلەیەی خوارەوە بە نموونە دەهێنینەوە، کە لە نامیلکەیەکی ئامادەکراو لە لایەن سەرپەرشتکاری دەولەتی رووسییەوە L, etat- major وەرگێردراون و کاتی خۆی بە شێوەیەکی نهێنی بەسەر تەنیا چەند شەخسیەتێکدا دابەش کراون. ئیدی سەنگینیو بایەخەکەی گومانی لیٚ ناکریٚ، چونکە تەنیا لە پێناو کاروباری سەربازی و سیاسەتی رووسیادا ئامادەکراوە. هەر لە سۆنگەی ئەمەشە، کە ئەو نامیلکەیە هەلوێستێکی بە تەواوەتی بیٚ لایەنانەی لە هەمبەر کێشەی کورد و ئەرمەنییەکان هەیە. ئامانجی بلاوکردنەوەی، گەیاندنی کۆمەلێك زانیاری بووە کە دەبووایە وەك نهێنییەك تەنیا لەنێو خۆیاندا بمێنێتەوە(٨).

لە بارەی ویلایەتەکان، (وان) و (بەتلیس)، ئەو دوو هەرێمەی کە بە قسەی ئەرمەنییەکان (هەر بە تەواوەتی ئەرمەنین)، نووسەر بە راشکاوییەوە دەلیٚ:

"لە شاری واندا ٤٦٪ کورد بەرامبەر ٢٦٪ ئەرمەنی هەن. لە شاری بەتلیس ٥٥٪ کورد بەرامبەر ٣٩٪ ئەرمەنی هەن(٩) تورکەکانیش، کە سەر بە هەمان دینی کوردەکانن، لەم دوو ویلایەتەدا، لێرەدا نەدراونەتە پالْ هیچ کامێکیان.

تەنیا لە شارەکانی وان و مووشدا دەبینین ژمارەی ئەرمەنییەکان کەمێك بەرزدەبێتەوەو دەگاتە ژمارەی دانیشتووانی کوردەکان. لە هەرێمی بەتلیسدا ٥٠٪ کورد بەرامبەر ٤٠٪ ئەرمەنی هەن، بەلام لە تەواوی هەرێمەکانی دیکەدا، ژمارەی کوردەکان چەندین قاتی ئەرمەنییەکانە. بە کورتی، لە هەر هەرێمێکی بلێی، ئەرمەنییەکان تەنانەت نیوەی ژمارەی دانیشتووانیش پێك ناهێنن. کوردەمان لە (هەکاری)دا ٥٦٪، لە (سیرت)دا ٦٠٪ن لە (گەنج)دا ٧٩٪ی ژمارەی دانیشتووان پێك دەهێنن.

لەم هەرێمە ناوبراوانەی دواییدا، کوردەکان ژمارەیان هێندە زۆرە کە ئەرمەنییەکانی ئەو ناوچانە، لە زمانی کوردی زیاتر، ناتوانن بە هیچ زمانێکی دیکە بدوێن. تەنانەت لە

هەریمەکانی وان و بەتلیسدا، هەندێ ناوچە هەن کە زمانی ئەرمەنی تەنیا لـە لایـەن پیـاوە دینیەکانەوە بەکاردیت و بەس.

سـەداباری دینـەکانیش لـەم دوو ویلایەتـەدا، بـەم جۆرەیـە: لـــە هـــەریمی وان دا ٥٤٪ موسلمان، ٤٣٪ مەسیحی، ٣٪ئایینی دیکە هەن. لە هەریمی هەکاریدا ٥٦٪ موسلمان، ٤٣٪ مەسیحی، ١٪ ئایینی دیکە هەن.

لـە ویلایـەتی بـەتلیس دا، تەنانـەت لـە هـەموو هـەریمی بەتلیسـدا، ٦٠٪ موســلمان بەرامبـەر ٤٠٪ مەسـیحی هـەن. لـە شــاری مـــووش دا ٥١٪ موســلمان بەرامبـــەر ٤٨٪ مەسیحی، هەروەها ١٪ خەلکی سەر بە ئایینی دیکە هەن.

لە شاری سیرت دا ٦٥٪ موسلمان بەرامبەر ٣٤٪ مەسیحی و ١٠٪ خـەلکی سـەر بـە ئایینی دیکە هەن. لە شاری گەنج داد ٦٩٪ موسلمان، ٢٠٪ مەسیحی، ١٪ خەلکی سەر بە ئایینی دیکە هەن.

بە شیوەیەکی گشتی، لەناو هەموو ئەو ٣٢ قەزایـەی کـە ویلایەتـەکانی وان و بـەتلیس پیك دەهینن، ژمارەی مەسیحییەکان تەنیا لە ٨ قەزادا دەگاتە نیوەی ژمارەی دانیشـتوان ، لـە قەزاکانیدیکـەدا، موسـولمانەکان هەمیشـــە ژمـــارەی هـــەرە زۆری دانیشـــتوان پیـــك دەهینن"(١٠).

هەموو ئەم سەرژمیرییە رەسمییانە- خۆ لە سەردەمیکیشدا کراون کە سەرتاپای ئەوروپا لـــە ســـۆنگەی رووداوە تراژدییـــەکانی ئـــەرمینیا لایـــەنگیریی خـــۆی بـــۆ بـــەرژەوەندیی ئەرمەنییەکان پیشان دەدا - روون و ئاشکرا ئەوە دەسەلینن کە ئیتر ئەرمەنییەکان لە هیـچ ناوچەیەکی سەر بە ئیمپراتۆریەتی عوسمـانیدا بەشـی زۆربـەی دانیشـتووان Majorite پیـك ناهینن. هەر بۆیەش، هەلبەتە ناکرێ بگوتـرێ کـە ئـەو ئەرمەنییانـە لـە کوردسـتاندا (کـە کوردسـتان بەشـیکی فراوانـی لـە ئیمپراتۆریـەتی عوسمـــانی گرتۆتـــەوە) بەشـــی زۆربـــەی دانیشتووان پیك دەهینن.

له لایەکی دیکەشــەوە، بـۆ دووایـین بەڵگـە لـە بـارەی سـەلماندنی زۆرتربوونـی ژمـارەی دانیشتووانی کوردەکان لــەو هەرێمانـەدا، پێویسـتە بڵێـم کـە لـەو دوو ویلایەتـەی باسـمـان لێکردن، لە هەمان کاتدا خەڵکێکی بێشوماری سوارەی حەمیدیە هـەن کـە لـە عەشـیرەتە کوردەکـان پێکـهاتوون، عەشـیرەتی حـەیدەرانلی ١٠ ( سـەرۆکەکەیان محەمـەد سـادق بـەگ)، عەشیرەتی ئەدەمانلی (عەلی بەگ)، عەشیرەتی موکری (ئیبراهیم بەگ)، عەشیرەتی میـلان (محەمەد بەگ)، عەشیرەتی شەمسیکی Chemsiki (سـادق بـەگ)، عەشـیرەتی Che Kiah شەریف بەگ)، عەشیرەتی ئەدۆمانلی Adomanli (سـولەیمان بـەگ)، عەشـیرەتی تـاکووری Takouri (حوسـێن بـەگ)، عەشـیرەتی ئـەرتووش Ertouche (حەسـەن بـەگ)،عەشـــیرەتی ئەدەمانلی Adamli(ئۆشان بەگ)، عەشیرەتی پەنیان Penian (لوتفوڵلا بەگ)، عەشـیرەتی شەیدانلی (عومەر بەگ)، عەشیرەتی Allache، هەروەها حەیدەرانلی (حاجی دەمید پاشا).

عەشیرەتی حەیدەرانلی کە شەش فەوج Regiment لە سوارەی حەمیدیە پێك دەهێنێ لە نێوان ڕۆژهەڵاتی گۆمی وان و ڕۆژئاوای زنجیرە چیاکانی ئالآدار Aladarدایە.

عەشیرەتێکی دیکەش هەر بەناوی حـەیدەرانلی هەیـە، کـە پێیـان دەڵێـن Haidaranli Ahaza، لە Dondak و مەلآزگەردو هەرجیشدا دەژین، لــە مـەڵبـەندی مەلآزگـەرد ژمـارەی خـەڵکی سـەر بـە عەشـیرەتی حەسـنانلی زۆرتـرن. عەشـیرەتی حەسـنانلی لـە دەوروبـەری مەلآزگەردو Boulkanikh Hinsدا دەژین، پێنج فەوجی سوارەی حەمیدییـەیان پێکـهێناوە، سێ لەو پێنج فەوجە لە ویلایەتی بەتلیس دان.

لە مـەڵبەندی هەرجیشدا کە دەکەوێتە قەراغ ڕووباری زەیلان، عەشـیرەتی Hidmnalilar دەژین. عەشیرەتی جەبدانلی-ش دوو فەوجی "سوارەی حەمیدیە" پێك دەهێنن و لـە قـەزای Vartouدان. هەرچی عەشـیرەتەکانی دیکـەش، ژمارەیـان لـەچاو ئەوانـەی سـەرەوە کـەمترە، هەریەکەشیان لە فەوجێك زیاتر پێك ناهێنن.

عەشیرەتی Chanli لە قەراغی ڕۆژهەڵاتی گۆمی وان دا دەژین. عەشیرەتی Takouri لە شاری (سەرای) هەروەها لە قەزای (مەحموودییە)دا دەژین کە دەکەوێتە سەر سنووری وڵاتی فارس، عەشیرەتی میلانلی لە هەمان کەوشەندا دەژین ، بەڵام هەندێك بەلای ڕۆژ ئاواوە· عەشیرەتی موکریش بەهەمان شێوە لە هەمان ناوچەدان· عەشیرەتی Chemsighi لە قەزای مەحموودییە و حەمیدییەدان. عەشیرەتی Chekiah لە قەزای Alpakدان، کە دەکەوێتە ژووروووی ڕووباری Zab، عەشیرەتی شەیدانلی لە قەزاکانی حەمیدییە و Nourchenدا دەژین، هەروەها عەشیرەتی Aladje لە ناوچەی مەلازگەردم و ئەرجیش دا دەژین.

جگە لەو عەشیرەتانە، عەشیرەتی دیکەش هەن، کە بایەخیان لە پلەی دووەم دایە، هەریەك و چەند فەوجێکیان لەو هەرێمانەدا پێکهێناوە.

هەموو ئەو عەشیرەتانە، سەرەڕای هاوسازییان لە ڕووی سیستەمی بەڕێوەبردنی ناوخۆیاندا، بەڵام لەگەڵ ئەوەش نەیانتوانیوە سەرۆکەکانی خۆیان بگەیەننە باوەڕی ئەوەی کە داوای سەربەخۆیی و جیابوونەوە لە حکومەت بکەن، ئەو عەشیرەتانە، هەر بە سروشتی سەرکەشانەی خۆیانەوە، هەستی دڵبلندییەکی پتەو ڕەگاژۆی نەریتی نەتەوەییان بووە، هەمیشە حەز لە سەربەخۆیی نەتەوەیی دەکەن.

ئیتر ئەو کەمایەتییە نەتەوەییەی ئەرمەنییەکان، ئەگەر تەنانەت هێزێکی ئەورووپاییشیان لە پشت بێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەش بێهوودەیە لاف و گەزافی ئەوە لێبدەن کە بتوانن ئەم گەلە جەنگاوەرە، کە ژمارەی دانیشتووانیان زۆر لە ئەوان زیاتریشە، بخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە.

موژدەگارە مەسیحییەکان Missionnaires Les کە بۆ یەکەمین جار بە کەڵکەڵەی دینەوە پێیان نایە خاکی کوردستان، لە سەرەتادا بە کوردەکان دەستییان پێکرد: بۆ ئەوەی بیانهێننە سەر ئایینی خۆیان، بەڵام کاتێ دەم و دەست هەستیان کرد کە سەرکەوتنی

پرۆژەکەیان ئاستەمە، ئیتر بۆ دریژەدان بە کۆششی خۆیان روویان کردە عەشیرەتە مەسیحییەکانی کوردستان، لەناو ئەم عەشیرەتانەشدا، ئەرمەنییە ئۆرئۆدۆکسەکان لە هەموو کەسێك زووتر و ئاسانتر و چوونە ژێر بارەوە. تەنانەت هێندەی پێنەچوو کە قوتابخانەی ئەو موژدەگارە مەسیحییانە پرکران لە قوتابییە ئەرمەنییەکان.

موژدەگارەکان بە نیازی ئەوە هەست و نەستی بەرزەفرانەی ئەرمەنییەکان بوروژێنن هاتن مێژووی تیگران و هەروەها لیکۆلینەوە لە شەرو شۆرەکانی تیگران و ئیمپراتۆریەتە کۆنەکەیان کردە بابەتی قسەکانی خۆیان.

لە ئاکامی ئەم پەروەردەکارییە لیوانلیوەی هەستی نیشتمانپەروەری، بۆ یەکەمین جار بیری (سەربەخۆخوازی) لە لای ئەرمەنییەکاندا سەرهەلدەدا، هەلبەتە، جار بیری٠ (سەربەخۆخوازی) لەلای ئەرمەنییەکاندا سەرهەلدەدا، هەلبەتە، بیئەوەی ئیمە توانیبیتمان پیشبینی بایەخ و سەرەنجامەکانی ئەم دیاردەیە بکەین.

لە بارەی موژدەگارەکانەوە، دیسان پەنادەبەمەوە بەر نامیلکە رووسییەکەی major-etatj L، ئەم رستانەی لیوە دەگوازمەوە:

(لە ویلایەتەکانی واندا، موژدەگارە کاتۆلیك و پرۆتستانتەکان، لە سێ سال لەمەوپیشەوە، رەگ و ریشەی خۆیان لە مەلبەندە گرنگەکاندا، هەروەها لە ناوجەرگەی هەر دوو شاری وان و بەتلیسدا دامەزراندووە. لەناو ئەوانەدا، ئەرمەنییەکان لە پیش هەموو کەسیکەوەن کە پرۆپاگەندەی ئاییني دەکەن و بە هانای هەژارانەوە دەچن، بیّ ئەوەی گویش بدەنە نەژادو دینیئەو هەژارانە، هەروەها قوتابخانەکانیشیان لە رووی ریکخستنەوە لە هەرە باشترین قوتابخانەکانن. لە قوتابخانەی موژدەگارەکانی شاری وان و بەتلیسدا، هەندیّ لقی پیشەوەری Sections Industrie کراونەتەوە. کە پیشە جۆراوجۆرەکان لەو قوتابخانەدا بە دەرس دەگوترینەوە).

شایانی سەرنجە، ئەو خوێندنگا ئەمریکاییانەی کە خوێندکارە ئەرمەنییەکان ڕوویان تێدەکەن، پێش هەموو کەسێك باربووی ئەو خوێندکارانە دەکەن کە شۆڕشگێڕی هەرە سەرەزاو کارامەی دنیان بۆ پڕوپاگەندەو بانگاشەکردن. ئامریکاییەکان، سەرەڕای ئەوەی کە چەندەی پێیان بکرێ پارەو سامانی خۆیان لەو ئەرمەنییانە خەرج دەکەن، بەلاّم ئەرمەنییەکان خۆشیان ناوێن.

ئەرمەنییەکان کە هەر بە شێوەیەکی زگماك، چاو پرسێتییەکی بازرگانییانە پاڵیان پێوەدەنێ هەمیشە لە بەشی خۆیان زیاتر داوا بکەن، ئەمڕۆ هاتوون زۆر لەوە زیاتریان داواکردووە کە یاسا بتوانێ جێبەجێی بکات. لەوە دەچێ ئیمپراتۆریەتەکەی جارانیان بەلاوە زۆر بچووك بێت، حەزدەکەن بەشێکی فراوانی کوردستانیش، کە ئەمڕۆ وەبەر ئاسیای بچووك کەوتووە، بخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە، ئەمەش بە یادی ئەو سەرکەوتنە ڕاگوزارییەی کە ڕۆژی لە ڕۆژان پاڵەوانە ناوادارەکەیان، تیگران، لە مێژووی نەتەوەییاندا وەدەستی هێنابوو.

دەوڵەتی عوسمانی، کە ئەورووپا (لە ڕێگای دەست تێوەخستنی کاروباری ناوخۆیی ڕژێمی حەمیدەوە) بەردەوام فشاری خستۆتە سەر، ئەوەی بە پێویستە زانی کە ڕێگا بداتە ئەرمەنییە نارازییەکان، ئەگەر بیانەوێ ولاّتەکەی خۆیان بەجێ بێڵن یان واز لە ڕەگەزنامەی عوسمانیی خۆیان بهێنن، ئیتر لە ئەنجامی ئەوەدا، هەزاران ئەرمەنی سەری خۆیان هەڵگرت و ڕەویان کرد بەرەو مەڵبەندەکانی ئیمپراتۆریەتە کۆنەکەی جارانیان، ئەو مەڵبەندانەی کە بە پێی بەندەکانی (کۆنگرەی بەرلین) خرابوونە سەر ئیمپراتۆریەتی قەیسەرەوە.

وەك دەردەکەوێ، بەشی هەرە زۆری ئەو ئەرمەنییە ڕەوکردووانە عەردەکانی خۆیان بە کوردەکان فرۆشت، هەروەها بەشێکی دیکەشیان هەر لە خۆیانەوە زەوی و زارەکانی خۆیان بەجێهێشت.

بە پێی قانوونی عوسمانی، هەر پارچە عەردێکی بەبار (تۆونەکراو) ئەگەر تاکو سێ ساڵان لە لایەن زەویدارێکەوە کاری تێدا نەکرێت، ئەوا زەویدارێکی دیکە بۆی هەیە دەست بەسەر ئەو پارچە زەوییەدا بگرێت، یانیش لە لایەن دەوڵەتەوە بفرۆشێت. ئیتر ئەو زەوی و زارانەی کە ئەرمەنییەکان بەجێیان هێشتبوو، بەم شێوەیە فرۆشرایە کوردەکان.

دووای ڕاگەیاندنی ڕژێمی دەستووری (مەشرووتیەت ١٩٠٨). ئەو ئەرمەنییانەی بەرەو ڕووسیا پەڕاگەندە ببوون، سەبارەت بەوەی ڕژێمی قەیسەریی ڕووسیایان لە چاو ڕژێمی تورکیا کوشندەتر و سەختتریش بۆ دەرکەوتبوو، هاتن ڕوویان کردە ئەمنیستی گشتی Amnisue Generalc کەوتنە دەست و پەل کوتانی ئەوەی کە مەرزوبوومی زێدی خۆیان بخەنەوە ژێر ڕکێفی خۆیان، بۆ ئەمەش هاتن داوایان لە دەوڵەت کرد بۆ ئەوەی ئەو زەوی و زارانەی "بە ناهەق" کەوتبوونە دەست زەویدارە تازە کوردەکان، بدرێنەوە خۆیان.

ڕژێم کە هەمیشە لەژێر کاریگەرێتیی داخوازییە زێدەڕۆکانی دیپلۆماسە ئەوروپییەکاندا بوو، ناچارکرا دەست لەو زەوی و زارانە بکشێنێتەوە، بەڵام کوردەکان کە لە دەست ئەم ستەمە کەللەیی ببوون، بە هەموو توانای خۆیان ڕووبەڕووی ئەم تەرزە ڕەفتارە وەستانەوە. کاتێ جەنگی جیهانی دەستی پێکردن کۆمیسیۆنێکی ئەوروپایی تایبەت، بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەو ناتەباییە، چووە ئاسیای بچووک و کوردستان.

هەموو ئەو شتانە، بە ئاشکرا ئەوە دەسەلمێنن کە بەشی هەرە زۆری ئەو ئەرمەنییانەی لە کوردستان دەژیان، بە خواستی خۆیان ئەو وڵاتەیان جێهێشتووە، کەواتە لە ڕووی یاساوە چیتر مافی ئەوەیان نییە داوای ئەو هەرێمانە بکەنەوە.

ئەگەر زۆربەی نەتەوەیەك نەیتوانی بێ کەمایەتییەکی نەتەوەیی بە شێوەیەك بەڕێوە ببات کە ئەو کەمایەتییە نەتەوەییە پێی ڕازی بێت، ئایا ئەمە بە شتێکی ڕەوا دەزانرێت کە ئەمڕۆ ئەو کەمایەتییە نەتەوەییە ڕێگای پێ بدرێت بەڕێوەبردنی نەژادێکی وەکو نەژادی

کورد، کە ژمارەیان زۆر لە ئەوانیش زیاترەو هەمیشە حەز لە سەربەخۆیی و ئازادی دەکەن، بخاتە ژێر دەسەلاتی خۆیەوە؟

لە لایەکی دیکەوە، کۆمیسیۆنێکی سەر بە چەندین وڵاتانی ئەورووپی، پێویستە لە مەسەلەی گەڕاندنەوەی سامانی لە دەستچووی ئەرمەنییەکان بکۆڵێتەوە، ئەمە لە کاتێکدا ئەگەر ئەرمەنییەکان ئارەزووی ئەوە بکەن کە بەرەو ئەرمینیا کۆچ بکەن، هەروەها ئەگەر ئەو کۆمیسیۆنە ڕەزامەندیی کوردەکانیش وەربگرێت.

بە پێچەوانەی پرنسیپەکانی ویلسن Wilson، ئەمڕۆ هەموو شتێك دژی کوردەکان دەکەوێتەوە، واتە دژی ئەوەی کە ئەمڕۆ دەوڵەتێکی ئازاد و سەربەخۆیی کوردی دروست ببێ.

هەر چواردە بەندەکانی ویلسن Wilson کە سەرتاپایان لە لایەن ڕژێمی عوسمانییەوە قەبووڵ کراون، کوردەکان وا لێدەکەن (ئەو بەندانە بە ڕاستی مافی ئەوەی پێ بەخشیون) کە بێن داوای سەربەخۆیی خۆیان بکەن، ئەمەش بەبێ هیچ پاداشت دانەوەیەکی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی؛ ئەو ئیمپراتۆریەتەی کە کوردەکان، هەمیشە بە دەم پاراستنی داب و نەریتی خۆیانەوە، بە درێژایی چەندین سەدە لەژێر سایەیدا ژیاون.

ئەوەتا، ئێستا، ئەمەیە پوختەی داخوازییەکانی کوردەکان، کە لە ژێر ڕۆشنایی ئەو سەرنجانەی سەرەوەدا هەڵمانهێنجاون.

ئێمە بە توندییەوە نارەزایی خۆمان دەردەبڕین لە هەمبەر داخوازییە دەستدرێژکارییەکانی ئەرمەنییەکان بۆ سەر خاکی کوردستان، ئەو کوردستانەی کەلە چوارچێوەی سنوورەکانی خۆیدان وەك لەو نەخشەیەی پاشان پیشانی دەدەین، پێویستە تەنیا بۆکوردەکان- خۆیان بمێنێتەوە.

سەبارەت بەوەی کە سامانی نەتەوەیی کوردەکان تەنیا بەخێوکردنی مەڕو ماڵاتە و هەروەها ئاوو هەوا ناچاریان دەکات کە بۆ دۆزینەوەی لەوەڕگاو پاوانەکانیان گەرمیان و

کویستان بکەن؛ ئیمە لە پیناو مسۆگەرکردنی ژیانی ئەم گەلەو پاراستنیان لە دەست نالەباری و چورتمی ئابووری، سوورین لەسەر داواکردنی خۆمان لەوەی کە ئەو پاوان و میرگانە نەخرینە دەرەوەی ئەو سنورەی بۆ کوردستان دیاری دەکرێ.

لە کۆتاییدا ئیمە داوای سەربەخۆبوونی خۆمان دەکەین، ئەمەش مافیکی رەوای (قانوونی) خۆمانە، تەنیا ئەم سەربەخۆبوونەشە ریگامان دەداتێ لە پیناو پیشکەوتن و گەیشت بە شارستانیەتدا کۆشش بکەین، هەروەها بتوانین بەهرە لە سامانەکانی ولاتەکەمان وەربگرین و لەگەڵ دراوسیکانماندا بە ئاشتی بژین.

ویرای ئەمەش، ئیمە ئاواتەخوازین کە کۆنفرانسی ئاشتی، کۆمیسیۆنیکی نیودەولەتی پیك بهینیت. ئەو کۆمیسیۆنە ئەرکی ئەوە بیت کە سنوورەکانی کوردستان، بە پیی پرنسیپی نەتەوایەتییەکان Le, Prin cipe des Nationlites بە شیوەیەك دیاری بکات کە سەرتاپای هەریمە کوردنیشنەکان بگریتەوە: ئەو هەریمانەی کە کورد ژمارەیان لەچاو ژمارەی میللەتانی دیکە زیاترە.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ئەگەر لەو هەریمە دیاریکراوانەی دەدرینە پال کوردستان کۆمەلە خەلکیکی غەیرە کورد هەبن، ئەوا ئەو کۆمەلە خەلکە مامەلەیەکی تایبەتی وایان لەگەڵ دەکرێ کە لەگەڵ داب و نەریتی نەتەوایەتییان پیکەلپیك ببیتەوە.

ئیمە هیوایەکی زۆرمان بە دادپەروەرایەتی ئەم کۆنگرەیە هەیە، ئیدی ژیان و داهاتووی گەلیکی دیرینی پێ دەسپیرین: ئەو گەلەی، کە ئەگەر ریگای پی بدریت، پاش دەزانێ کە چۆن ریگای بووژاندنەوەی خۆی پەی بکات.

**پاریس ۲۲ مارس ۱۹۹۹**
**ژەنەرال شەریف پاشا**
**سەرۆك وەفدی کوردان**
**لە کۆنفرانسی ئاشتی لە پاریس**

# پەراویزو سەرچاوە:

١-ماوەیەك بوو لە وەرگیرانی ئەم دۆكۆمینتە بۆ كوردی ببوومەوە، لە ناكاو چاوم بە كتیبەكەی د. بلەچ شیركۆ كەوت (كیشەی كورد، میژینە و ئیستا) كە بەریز كاك حەمەی حەمە باقی لە عەرەبییەوە كردوویەتی بە كوردی. لیرەدا، بەلكو لەبەرئەوە نا كە ئەم تیكستە تەرجەمەكراوەی بەردەست لە سەرچاوە فەرەنسییە ئەسلییەكەوە كراوە؛ لەبەرئەوەی - دووای بەراوردكردنیكی وردی نیوان هەر دوو تیكستەكە (تەرجەمەكەی خۆم و تەرجەمەكەی كاك حەمە باقی)- بۆم دەركەت كە وەرگیرانە لە زمانی عەرەبی كراوەكەی كاك حەمە باقی، لە گەلیك شویندا شتی لە خۆرای لی زیادكراوە، یانیش زۆرجاران لیی كەم كراوەتەوەو دەسكاری كراوە. ئەمە جگە لە هەلەو پەلەی ئامار و سەرژمیرییەكان، بە هەلە نووسینەی ناوی جیگاو شارو هۆزە كوردەكان. هەرچۆنیك بی، وەرگیرانە لە زمانی عەرەبی كراوەكە هەم شیواز و هەن ناوەرۆك و بیری یادداشتنامەكەیان شیواندووە.

ئیمە لە كاتیكدا دلنیاین كە بنچینەی ئەم هەلە و كەموكورتییانە. دەگەریتەوە بۆ تەرجەمە عەرەبییەكە (نەك بۆ كاك حەمە باقی)، هیواداریین ئەم وەرگیرانەی بەردەست كە راستەوخۆلە فەرەنسییەوە كراوە، هەم بۆ رووناكبیر و میژوونووسانی كورد، هەم بۆ چاپی داهاتووی ئەو كتیبە سوودیك بگەیەنی.

ئیمە ئەم دۆكۆمینتەمان لەم سەرچاوەیەوە وەرگیراوەتە سەر كوردی:

**-Memorandum sur Les Revendications du pcu ple Kurde, imprimerie A.G.L, HOIR; 26, Rue du Delta 26. Paris: 1919. (15 pages).**

٢-شەریف پاشا لە نووسینەكەدا زاراوەی Nation (نەتەوە)ی بەكارهیناوە بۆ كورد، نەك Peule (گەل).

٣-نـاوەرۆکی ئـەم یاشداشـتنامەی ئـەوە پیشـان دەدا کـە ژەنـەرال شـەریف پاشـا شارەزاییەکی قوول و فراوانی لە بارەی میژووی کۆنی نەتەوەکەی خۆی هەبووە.

٤-پیش ئەم یاداشتەی شەریف پاشا، ئەرمەنییەکان یاداشـتیکیان بـە نـاوی داخوازییـە سیاسیە (نیشتمانییەکانی) ئەرمەنییەکانەوە پیشـکەش کردبـوو. لـەو یاداشـتەی خۆیـاندا، بەشیکی زۆری خاکی کوردستانیان بەگەڵ (ئەرمینیا)دا بوو.

٥-ئەم سەرچاوەیە، کە شەریف پاشا پشتی پێ بەستووە، ئەمەیە:

**RECLUS Elisee: Nouvelle Gcographic Universelle, La terre et Les hommes, Paris: 1879- 1894.**

جلدی نۆیەم، بە ناونیشانی (L, Asie Anterieur).

کۆد و ژمارەکەی لە کتیبخانەی لانگزۆ لە پاریس (MN. 4-2)

٦-ئەم پرنسیپ و یاسایە، ویلسۆن لە دوای کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانیی دایهینا کە هەر نەتەوەیەك لە رۆژهەلاّتی ناوەراستدا پیویستە دەولەتی خۆی هەبێ.

٧-بـۆ سـەرژمیریی کـوردو ئەرمـەن هـەروەها جوگرافیـای کوردسـتان و ئـەرمینیا لـە سەدەی نۆزدەهەمدا بروانە ئەم دوو سەرچاوەیە بە زمانی عوسمانی:

-علـی امـیری دیـاربکر الی: عثمـانلی ولایـات شرقیەسـی. اسـتانبول، اقبـال کتابخانەسی، سالی چاپ (١)، ١١٢ لاپەرەیـە، کـۆدی لـە کتیبخانـەی لانگـزۆ لـە پـاریس (٢٧) Mel 8- 659.

-سـعادتلو سـعید پاشـا: سـالنامە ولایـت دیـاربکر، قسـم ثـانی، اسـتانبول (١٣٠٢هـ)(کۆدو ژمارەی لە کتیبخانەی لانگزۆ لە پاریس: Tur. 111. 635.

٨-بروانە:

**Statstique de vanet de bitlis, traduit du russe Par Mehemed Sadik Bey, Commandant de Cavalerie, auache au bureau de renseignements de L, etat, Major general. Imprimerie militaire, Constantinople, 1330 (1924).**

ئـەم کتیبـە لـە بنچینـەدا بـە رووسـی نووسـراوە لـە کۆتـایی سـەدەی نۆزدەهـەم دا بـە ناونیشانی سەرژمیری دانیشتووانی وان و بەتلیس. محمد صادق بەگ لە رووسییەوە کردوویە بە فەرەنسی.

٩-ئەنسیکلۆپیدیای ئیسلام دەلی کە شـاری بـەتلیس ناوجەرگـە و مـەلبـەندیکی هـەرە سەرەکیی کوردستانە. بروانە وشەی بەتلیس (BIDLIS) لە سەرچاوەی ناوبراودا:

**Encylopedie de e, Islam, Dictionnaire Gcographique, Ethno., et Biogr., des Peuplcs muslmans, T. 1 (A-D), (Bedlis), PP, 733- 734., Paris: 1913.**

١٠-بروانە پەراویزی ژمارە (A).

# ژەنەراڵ شەریف پاشا:
# یەکەمین کورد کە نەخشەی کوردستانی گەورەی وێنە کێشاوە

شتێکی سەیر نیە کە شاعیرێکی کورد، (عەبدولخالیق ئەسیری) لە ساڵانی سییەکاندا، سەرتاپای شیعرێکی خۆی بۆ دیاریکردنی سنوری جوگرافیای کوردستان تەرخان کردبێت.(١). هۆی ئەمە، بێگومان ئاشکرایە: لەو سەردەمەدا ئێمەی کورد، سەبارەت بە کلۆڵیی رۆشنبیریمان و نەبوونی هیچ لێکۆڵینەوەیەکی جوگرافی و کارتۆگرافی، هیچ هۆشیارییەکی سیاسیمان لە بارەی جوگرافیای نیشتمانەکەی خۆمان نەبوو، ئەم شیعرەی عەبدولخالیق ئەسیری، ئەمرۆبۆ ئێمە جێگای جوانترین نەخشەی جوگرافیای کوردستانی گرتۆتەوە.

جوگرافیاناسەکان هەمیشە جەخت لەسەر ئەوە دەکەن کە شارەزاییو ئاگاداریمان لە بارەی جوگرافیای نیشتمانەکەمان؛ لە ئاکامدا دەتوانێ ببێتە هۆشیارییەکی سیاسی، ببێتە ئامرازێکی دەسەڵات پەیداکرد، رۆڵێکی سیاسی و ئایدیۆلۆژی ببینێ(٢).

ئەمرۆ، نەخشەی جوگرافیای کوردستان، لە عێراقدا لکاوەتە دەوڵەتی عێراق، لە ئێراندا لکاوەتە دەوڵەتی ئێران، لە تورکیادا لکاوەتە دەوڵەتی تورك، لە سوریا بەشێکە لە سوریا.. هتد. ئەم واقیعە بە ئاشکرا ئەوەمان بۆ دەردەخات کە زانستی جوگرافیا، زانستی نەخشە دارشتن یان نەخشە سازی Car tographie زانستێکی بێلایەن نییە(٣). وەك مێژونووس (ستاریۆن) دەڵێت: "زانستی جوگرافیا لە بنچینەدا بۆ پێداویستییەکانی ژیانی سیاسی بەکاردەبرێت".

کەواتە نەخشە Carte تــەنیا ئـەوە نییـە کـە  شـوێنی جوگرافـی وڵاتێـك یـان کۆمەڵـە خەڵکێك یان شـوێنی جوگرافـی دەریاچەیـەك بـۆ تووریسـتەکان یـان بـۆ قوتابیـانی پـۆلی سـەرەتایی ڕوون بکاتـەوە، بـەڵکو ئـەمڕۆ وەك چـەکێکی ئـایدیۆلۆژی و مێشکشـوتنەوە بەکاردێت، یەکێکە لە ئامرازە گرنگەکانی خـەباتی ئـایدیۆلۆژیو دەربڕینـی سیاسـی، وەك تێکستێکی نووسراو، یان وەك وێنەیەك کە چەند ڕاستیو زانیارییەکمان بۆ ڕوون بکاتەوە.

لـە بـارەی یەکـەمین نەخشـەی جوگرافیـای کوردسـتان کـە لـە لایــەن کــورد خۆیــەوە دروستکرابێ، ئاگادارین کەلە کتێبی شەرەفنامەی شەرەفخانی بەتلیسیدا گەلێك میناتۆر بـۆ وەسـفکردنی شـەڕو شـۆڕەکانی کـورد، بـە تایبـەتی بـۆ پیشـاندانی شــەڕی چـالدێران (١٥١٤) شەڕی ئاق قۆینلوو.. هتد دروستکراون(٤)بەڵام بە داخـەوە لـەو کتێبـە گرنگـەدا هیچ نەخشەیەکی جوگرافی کوردستان  دروست نەکراوە.

ئیدی نووسەری کورد لەوە دەچێ هەر لە کۆنەوە تاکو سەرەتای ئەم سەدەیە، ئەم زانست و تەکنیکی دەربڕینەی هێندە بەلاوە گرنگ نەبووبێ، ئەمەش لەوانەیە لەبەرئـەوەی نەخشـە، پێـش هـەموو شـارەزاییەکی قـووڵ و فـراوان و لـە بـارەی ئـەو بابەتـەی کـە دەیخەیتـە سـەر نەخشەکە(٥).

یەکەمین ڕووناکبیری کورد کە لە بایەخ و زمانی نەخشە تێگەیشـتبێت و نەخشـەی وەك ئامرازێکی دەربڕیـن بـە ئـەرك خسـتبێت، سیاسـتمەداری بـە ناوبانگمـان شـەریف پاشـایە (١٨٦٥-١٩٥١)، کە لە ساڵی ١٩١٩دا بۆ یەکەمین جار نەخشەیەکی کوردستانی گەورەی دروستکردو لە نامیلکەیەکدا بـە ناونیشـانی (داخوازینامـەکانی گـەلی کـورد) بـە زمـانی فەرەنسی چاپ و بڵاوی کردەوە. نوسخەیەکیشی لەم نامیلکەیە، لە شێوەی یاداشـتنامەیەك پێشـکەش کـرد بـەو کۆنفرانسـی ئاشـتی لـە پـاریس لـە سـاڵی١٩١٩دا: بـۆ دامـەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ گەلی کورد(٦).

بەم شێوەیە، ئەم نەخشەیەی کوردستانی گەورەی ژەنەڕاڵ شەریف پاشا، بە یەکەمین نەخشەی جوگرافی- سیاسی لە قەڵەم دەدرێ کە کورد- خۆی دروستی کردبێ. هەر لەم نەخشەیەوە، دەتوانین دەرك بە سەرەتاکانی بیری نەتەوەیی کورد بکەین کە بە شێوە هاوچاخەکەی نەتەوە- دەوڵەت سەری هەڵدا. ئەمەی لێرەدا پێشکەشتانی دەکەین، نەخشەکەی شەریف پاشایە:

## سەرچاوە:


١-گۆڤاری (هاوار) ژمارە ١١، ل ١٤ دیمەشق ١٩٣٢.

**2-Vietor Prevot: A quoi Sert la geo graphie ed du Centurion, Paris: 1981. p 52.**
**3-Fernand Loly La Cartographie Que sais je N 937, P. U, F Paris: 1985. p 6.**

٤-عبدالرقیب یووسف: تابلۆکانی شەرەفنامە، هەولێر: ١٩٩٩.

**5-Vietor PREVOT. p 53**
**6-cheri f pacha: memorandum sur les revanbdications dn peuple Kurde, lmpr, a g- 1, hoir, paris: 1919, 15 pages.**



نەخشەکەی شەریف پاشا لە کۆنفرانسی ئاشتی لە پاریس ١٩١٩

د. فەرهاد پیرباڵ

# دەنگدانەوەی یاداشتنامەکەی ژەنەراڵ شەریف پاشا لەسەر لاپەڕەکانی گۆڤاری (کوردستان) ئەستەمبوڵ: ١٩١٩

ئەم ڕووداوە سیاسییە مەزنە، ئەم هەڵوێستەی ژەنەراڵ شەریف پاشا لە کۆنفرانسی ئاشتی لە پاریس، لەناو ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردی، عەرەبی، ئەرمەنی، فارسی، تورکی، ئینگلیزی و فەرەنسییەکاندا دەنگ دەداتەوە. گۆڤاری کوردستان (ئەستەمبوڵ ١٩١٩-١٩٢٠) لە ژمارەکانی (٤،٥،٦) بایەخی پێداوە؛ ئینجا لە ژمارە (٩)ی ڕۆژی (١١)ی حوزەیرانی ١٩١٩دا بەشی یەکەمی یاداشتنامەکەی بە زمانی تورکی بڵاوکردۆتەوە. هەروەها ژمارەکانی گۆڤاری ژین (ئەستەمبوڵ ١٩١٩) بایەخێکی تایبەتی داوەتە ئەم ڕووداوە مێژووییە.

لە ریزی ڕۆژنامە تورکییەکاندا، ڕۆژنامەی اقدام (ئەستەمبوڵ: ١٨٩٢-١٩٢٠) لە زۆربەی ژمارەکانی ئەو کاتەدا بە فراوانی باسی کردووە، لەوانە: لە ڕۆژانی( ١٦ی نیسانی ١٩١٩، ٢ی شوباتی ١٩١٩)، ژمارەکانی (٧٩٦٨)، (٧٩٢٦)، (٧٩١٦)، (٧٩٦٨)، (٧٨٩٥) بە فراوانی باسییان کردووە.

لێرەدا هەندێك لەو دەنگوباسانەی چالاکییەکانی ژەنەراڵ شەریف پاشا کە لەسەر لاپەڕەکانی گۆڤاری (کوردستان)دا تۆمارکراون دەخەینە ڕوو. گۆڤاری (کوردستان)، لە ئەستەمبوڵ، هەفتەی جارێك، لە ساڵانی ١٩١٩- ١٩٢٠دا بڵاوکراوەتەوە. سەرنووسەرەکەی: محەمەد شەفیق ئەرواسی زادە، خاوەن ئیمتیاز: محەمەد میهری، بە زمانی تورکیو کوردیو عەرەبیو فارسی بووە.

**لە ژمارە (٦)، ٢٢ی نیسانی ١٩١٩:**

-شـۆنات، شـریف پاشـانك بیانـاتی، ل ٧١-٧٢، وتارێکـە لـە بـارەی چالاکییـەکانی شەریف پاشا لە کۆنفرانسی ئاشتی- لە پـاریس، هەڵوێسـتی ئـەم و (کۆمـەڵـەی ئیتیحـادو تەرەقی) لە هەمبـەر مـافـە نەتەوەییـەکانی گـەلی کـورد، بـە زمـانی تورکـی، لـە گۆڤـاری (اقدام)ی تورکیەوە وەرگیراوە.

**لە ژمارە (٩)، ١٢ی ڕەمەزانی ١٣٣٧ (١١ی حوزەیرانی ١٩١٩):**

بابەتەکان بە زمانی تورکیی عوسمانی نووسراون، وەك چۆن د. خەزنەدار لە ژمارە ٤٣-٤٤ی گۆڤاری ڕۆژی کوردستان دا لە بـەغدا، سـاڵی ١٩٧٧ تەرجەمـەی کوردیـی کـردوون، ئەمـانەن:

-برووسکەیەك لە شەریف پاشاوە:

بروسـکە و نامـەی ڕۆژی **٢٣**ی نیسـانتانم وەرگـرت. مـن ئامـادەم هــەرەوەزی لەگــەڵ دەستەو دایرەی عارف پاشا بکەم لە پێناوی پاراستنی مافی نەتەوەکەمان، یاریدەی فەخری عەبدی بەگ دراوە بۆ ئامادەبوونی لە پاریس.

**شەریف پاشا**

**٢٦ی مایس**

-بروسکە

*لـە قاهـیرە، پــاش ڕێکخسـتنی کۆمـەڵـەی تـەعالیی کوردسـتان هەیئـەتێك بـە سەرۆکایەتی عارف پاشا لە ڕۆشـنبیرانی کـورد پێکـهێنراوە، بـۆ ئـەم مەبەسـتە مـەڵبـەندی گشتی کۆمـەڵەی تەعالیی کوردستان ئاگادار کراوەتەوە. مـەڵبەندی گشتی لــە کۆبوونـەوەی تایبەتیدا هەموو مـافێکی بەم هەئیەتە دا بۆ ئەوەی بچێ بۆ پاریس و لەگەڵ شــەریف پاشـا تەقەلایەك بخات. هەروەها ئەم هەواڵە بە شەریف پاشاش گەیەنراوە.

# ژەنەراڵ شەریف پاشا
# لەناو تۆماری ئەرمەنییەکاندا

سەردەمی پاش جەنگی یەکەمی جیهانی (١٩١٤-١٩١٨) بۆ هەموو گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بە عەرەب و فارس و ئەرمەن و تورك و کوردیشەوە، بە سەردەمێکی هەتا بڵێی گرنگ لە قەڵەم دەدرێ. بە تایبەتی بۆ گەلی کوردی ژێر دەست، کە وڵاتەکەی، لەو سەردەمەدا بە قۆناغێکی هەژێنەر و ڕاچەنیوی پڕ لە تراژیدیاو کارەساتی جۆراوجۆر تێپەڕ دەبوو. هەر لەو سەردەمەشدا بوو، واتا لە دووای کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی، کوردستان سەر لەنوێ بە شێوەیەکی تازە دابەش کرایەوە، نەخشەیەکی سیاسی جوگرافیی تازە بەسەردا سەپێنرا.

گەلانی تورك، عەرەب، ئەرمەن، فارس، لە و سەردەمەدا هەر یەکەیان چ لە ناوەوە چ لە دەرەوەی وڵاتەکەی خۆیاندا (لە ئامریکا، لە لەندەن، لە پاریس، لە ژنێڤ..) هەریەکەیان چەندین بولتەن و تۆمار و بڵاوکراوەی تایبەتی نەتەوەیی خۆیان هەبووە، هەموو دەنگ و باس و دۆکیومەنت و ڕاستییە مێژووییەکانیان لە بارەی جموجۆڵی کولتووری و سیاسیی وڵاتەکەی خۆیان لەو تۆمارانەدا پاراستوون، کەچی گەلی کورد، بە پێچەوانەی ئەو میللەتانە، لە چەند ڕۆژنامەیەکی پەرپووت بەملاوە کە لەو سەردەمەدا تاك و تووك لە ژێر سانسۆری ئەو دەوڵەتانەدا دەریان کردوون- کەئەوانیش ئەمڕۆ نوسخەکانیان زۆر بە دەگمەن دەست دەکەون- هیچ تۆمارو بڵاوکراوەیەکی سەربەخۆی ئەوتۆی نەبووە کە ئەمڕۆ

مێژوونووس و تۆژەرەوەی کورد بتوانێ بۆ لێکۆڵینەوەی ژیـانی کولتـووریو سیاسـی ئـەو سەردەمەی گەلی کورد پشتیان ببەستێ(١).

یەکێك لە سەرچاوە بایەخدارەکان بۆ کۆڵینەوە لە بزووتنەوەی سیاسیی کورد، تۆمـار و بوڵتەن و بڵاوکراوەی گەلە دراوسێکانی کوردن، بە تایبـەتی تۆمـارو بڵاوکـراوە ئەرمـەنیو تورکیـەکان، لەبەرئـەوەی ئـەم دوو میللەتـە لـەو سـەردەمەدا پەیوەندییـەکی سیاسـی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی ڕاستەوخۆیان بە میللەتی کورد هەبووە.

تۆمـاری ئەرمەنییـەکان Bulletin Armenien کـە تۆمـارێکی سیاسـی- کۆمەڵایـەتی ئەرمەنییەکان بووەو بە شێوەی گۆڤار، چەند جارێك لـە مـاوەی سـاڵانی ١٩١٩-١٩٢٤ لـە پـاریس بـە زمـانی فەرەنسـی بڵاوکراوەتـەوە، بـە یـەکێك لـەو سـەرچاوە هـەرە گرنگانـە دەژمێردرێت، کە تۆژەری کورد بتوانێ زانیاری و بەڵگە و ڕاستییە مێژوویـەکان لـە بـارەی ژیان و بزووتنەوەی گەلی کورد لەو سەردەمەدا هەڵبهێنجێنێ.

لاپەڕە درەوشاوەکانی ئەم تۆمارە ئەرمەنییە Bulletin Armenien چەند تیشکێکی تازە لە دیدێکی ئەرمەنییەوە، دەخەنە سەر ژیانی تاریکی بزووتنەوەی سیاسـی و کۆمەڵایـەتی و کولتووریی گەلی کورد لەو سەردەمەدا.

لێرەدا هـەوڵ دەدەیـن بەشـێك لـەو دۆکیوومەنتـە دانسـقەیە، تـەنیا ئەوانـەی لـە بـارەی جموجـۆڵ و چالاکییـەکانی ژەنـەراڵ شـەریف پاشـا نووسـراون، لـە زمـانی فەرەنسـییەوە وەربگێڕینە سەر زمانی کوردی:

## کورتەی هەواڵ

کۆمیتـــە کوردییەکــە Le comite Kurde ڕایگــەیاندووە کـــە کوردەکـــان هیـــچ پەیوەندییەکیان بە هێزە ناسیونالیستەکانەوە نیە(٢). ئەم ڕێکخراوە کوردییە دان بـە مافـە نەتەوەییەکانی گەلانی دیکە لە تورکیا ناهێنێ (..)

کوردەکان هیچ ئامانجێکی دیکەیان نیە جگە لەوەی ڕێزلە فەرمانەکانی ڕژێم بگرن تـا ئەو ڕۆژەی کە ئیتر کۆنفرانسی ئاشتی بڕیارێك لە بارەیە مەسەلەکەیانەوە دەدات (..).

**Bulletin Armenien N. 9 juillet 1919 p.8. paris**

## کورتە هەواڵ

دەنگوباس لە دەوروبەری شارەکانی کوردستانەوە گەیشـتۆتە ڕژێمـی تورکیـا: ڕژێمیـان ئاگادار کردۆتەوە کە کوردەکان ئێستا خەریکن خۆیان پڕ چەك دەکـەن و زۆر تونـدو تیژانـە بـە جـۆش کـەوتوون. ئـــەم هەڵســـوکەوتەی کوردەکـــان دەســـەڵاتدارانی تورکـــی خســـتۆتە مەترسیەوە.

**Bulletin Armenien N, 14: 30 Janv 1920 P.8 paris**

## کێشەی نێوان ئەرمەن و کورد

ئەو نامەیەی کە ژەنەراڵ شــەریف پاشـا لـە ڕۆژنامــەی Lematin لـە ڕۆژی ٨ی مارسـدا بڵاوی کردۆتەوە، هەروەها ئەو وتارەی کــە لـە ڕۆژنامــەی Temps لـە ڕۆژی ١٠ی مـارس دا بڵاوی کردۆتەوە(٣)، هەردووکیان بە سەهووچوونێکی لە لایەن نووسەرەوە تێدایە کـە ئێمـە بە ئەرکی خۆمانی دەزانین لێرەدا نەشتەر قەڵەمێکیان بکەین.

ژەنـەرال نووسـیویەتی کـە لـە دووای شـەر راوەسـتان لەگـەڵ ئیمپراتۆریـەتی عوسمـانی "ولاّتی کوردان بە تەواوی بۆتـە نیچیریك. هـەم ریکخـەرە سیاسـییە ئەرمـەنییـەکان و هـەم هەندیك لە هیزە هاوپەیمانەکان مرخی خۆیان لێی خۆش کردووە.."

ئەم گازاندەیە هیـچ بنەمایـەکی راسـتی نیـە، ئـەو وەفـدە ئەرمـەنییـەی لـە کۆنفرانسـی ئاشتیدا بە ناوی گەلی ئەرمەنەوە بەشداری کردبوو. لـە یاداشـتنامـەکەی خۆیـدا داوای هیـچ زەوی و زاریکی ئەوتۆی نەکردبوو کە سەر بە "کوردستان" بیت(٤).

ئەرمـەنییەکان هەرگیز ریگەیان بە خۆیان نەداوە بلیـن "کوردسـتان تـەنیا زاراوەیـەکی جوگرافیی تازە دروست کراوە" بەلکو هەمیشە دانیان بەوەدا ناوە کە نیشمانیکی کورد بـە راستی لە تەنیشت ئەرمینیا بوونی هەیە، ئەو نیشتمانە چەندین سەدەیە نەتەوەیەکی لەسەر دەژی کە وەکو ئیمەی ئەرمەن لە رەگەزی ئارین و ئیمەش هەست دەکەین ئەو نەتەوەیە زیاتر لە ئیمەوە نزیکن وەك لە تورك، بەلاّم هیندە هەیە کە بەشیکی ئەو نیشمانەیان -خۆ هەر بە دەسـتی ئەرمـەنییـەکانی چاخـە کۆنـەکانیش ئـاوەدان کراوەتـەوە- ئـەمرۆ بـە زۆری ئیسـلام کراوەو بە کوردی ئـەو نیشـتمانەی کوردەکـان، هـەر لـە سـەردەمی ئیگزەنەفۆنـەوە کـە بـە کورستانو ئەرمینیادا تیپەر ببوو، بە داخەوە نەیتوانیوە پێ بە پێی شارسـتانیەت بـروات، هەمیشەش لەسەر داب و نەریتە کیوییە سەرەتاییەکانی خۆی ماوەتـەوە. ئەرمـەنیـەکان، بـە دریژایـی سـەدەی نۆزدەهـەم، چـەندین هـەول و کۆششـیان نوانـدووە بـۆ بلاّوکردنـەوەی خوینـدەواری و رووناکبـیری لـە کوردسـتان دا، هـەولیان داوە کـە هەسـتی نەتەوایـەتیی کوردەکان بە جۆش بهینن و تامی کولتوورو رۆشنبیری لەسەر زمانیان شرینتر بکەن. بـەلاّم هەموو ئەو کۆششانەی ئیمە، بە داخەوە، بە فیرۆ چووە، چونکە دام و دەزگای رژیمـی تـورك هەمیشە کۆسپ و تەگەرەی خستۆتە نیوانمان و هەمیشە ویسـتوویەتی کوردەکـان سـەرچیغ ببات و لەناو زەلکاوی کلۆلیی رۆشنبیری و ئـابووریدا بیانهیلیتـەوە، ئەمـەش بـە تایبـەتی

لەژێر فەرمانڕەوایەتی سولتان عەبدولحەمید کە چووە ژێر کلیشەی کوردەکانەوەو دژی ئەرمەنییەکان بە گەڕی خستن (..).

(..) وەفدی ئیمە لە وەڵامدانەوەی یانەی نەتەوەیی کوردەکاندا Kurde Club National لەئەستەمبۆل (٥) ڕازی بوونی خۆی پیشان داوە بۆ ئیمزاکردنی ڕێکەوتننامەیەك لەگەڵ شەریف پاشا لە پیناو بە جێگەیاندنی داخوازییە ڕەواکانی گەلی کورد: بۆ ئەوەی گەلی کورد بتوانێت بە ئازادییەوە لەسەر خاکی نیشتمانەکەی خۆیدا خۆی پێکەوە بنێت. ئەمە شتێکی سەیرە کە شەریف پاشا هاتووە ئەرمەنییەکانی تاوانبار کردووە بەوەی گوایە بوونی گەلی کوردو نیشتمانی کوردیان پێشێل کردووە (..).

(..) ئەگەر ئەنجوومەنی کۆنفرانس بڕیار بدات، وەك ئەوەی ژەنەراڵ شەریف پاشا بیری لێ دەکاتەوە، کە کوردستان دابەش بکرێتە سەر دوو زۆن و هەر زۆنێك لەژێر ئینتدابی هێزی هاوپەیمانێکدا بێت، لەو کاتەدا نابێ ئەم کارە بە زیانی ئەرمەنییەکان بکشێتەوە (..).

(..) هاوئایین بوونی کوردو تورکەکان بە هیچ شێوەیەك ڕەوایی ناداتە ئەوەی کە شەریف پاشا ئۆتۆنۆمی کوردەکان لەژێر سەرپەرشتی تورکیادا بە باشتر بزانێ، چونکە ئاشکرایە جۆرە ئۆتۆنۆمییەکی لەم بابەتە لە "تەڵەیەك" زیاتر هیچی تر نابێ، عەرەبەکان، ئەلمانییەکان، خەباتیان کرد بۆ سەربەخۆیی سیاسیان، واتە بۆ جیابوونەوەی تەواوی خۆیان لە دەست ئیمپراتۆریەتی عوسمانی.

مەسەلەی ئایین پەیوەندییەکی یەکجار زۆر کەمی بە سەربەخۆیی نەتەوەیی و ئازادییەوە هەیە. خەباتی گەلی ئەرمەن خەباتێکی ئایینی نیە. بەڵکو تاقە ئامانجێکی ئەوەیە کە ئیمەی گەلی ئەرمەن بە سەربەخۆیی نەتەوەیی خۆمان بگەین. لە سۆنگەی هەمان شتدا، دوای ئەوەی پیرۆزباییمان لە سەربەخۆیی گەلی موسڵمانەکانی وەکو ئەلبانییەکان و

عەرەبەکان کرد، بە هەمان شیوەو بە دلگەرمییــەوە بـە تـەنگ بانگـەوازی کوردەکانیشـەوە چووین بۆ ئەوەی هاوکاریان بکەین ئەوانیش سەربەخۆیی خۆیان وەدەست بینن (..).

ئیمە وا هەست دەکـەین ئـەم دوو وتـارەی شـەریف پاشـا، تـەعبیر لـە بیروبـاوەری ئـەو نیشتمانپەروەرە کوردانە ناکات کە لە ئەستەمبۆل "یانــەی نەتـەوەیی کوردیـان" لـە پینـاو وەدەستهینانی سەربەخۆیی کوردستان دامەزراندووە. هەر لەبەر هەمان هۆش، ئەم نیشتمان پەروەرە کوردانەی "یانەی نەتەوەیی کـورد" ریگایـەکی دابریـان گرتۆتـە بـەر و هـەر تـەنیا ماوەیەکی کەم لەمەوبەر رەفزی ئـەوەیان کردبـۆوە کـە لـە هەلبژاردنـەکانی (ئینتخابـاتی) پەرلەمانی تورکیدا بەشداری بکەن(٦) ئیمــە هیواداریـن گـەلی کـورد لـە ریگـای خـەباتی جیابوونەوەو ئازادیخوانەی خۆیدا هەر جەسوور و بەردەوام بیت.

Bulletin Armenien N, 18- 19- 20, 30 Avril 1920p04 paris

## درکاندنی چەند نهینییەك

## لە لایەن سکرتیری تایبەتییەوە

**لــە رۆژنامــەی ڤەرجینــە لــوور Vertchine Lour ئەرمەنییــەوە وەرگــیردراوە، رۆژی ١٩٢٠/٢/٢٧.**

لە نامەیەکدا کـە لـە رۆژنامـەی Alemderدا بلاوکراوەتـەوە، غـالیب بـەگ، سـکرتیری تایبەتی شەریف پاشا روونی دەکاتەوە کە چـۆن شـەریف پاشـا هاتۆتـە سـەر ئـەوەی بچیـت داخوازیی دامەزراندنی دەولەتیکی کوردی بکـات بـۆ ئـەوەی بـەم داخوازییـە تەگـەرە بخاتـە بـەردەم داخوازییـەکانی ئەرمەنییـەکان، هـەروەها چـۆن بـە مەبەسـتی ئـەوەی کـە هەنجـەتی نەتوانینی خۆبەریوەبردنی کوردەکان پووچەل بکاتەوەو بتوانیّ لـە کۆنفرانسـی ئاشـتیدا لـە هەمـان ئاستی ئەرمەنییەکاندا خۆی بنوینیّ، توانیویەتی قەناعــەت بـە بۆگـۆس پاشـا Bo ghos Pacha بهینیت و ئیمزای ریککەوتننامەیەکی پی‌بکات.

ئەم کارەی شەریف پاشا، بێگومــان، بە سـەرکەوتنێکی دیپلۆماسـی لـە قەلـەم دەدرێ (..).

غـالیب بەگ، دوای ئەوەی دەلــێ کـە ئـەم دەسپێشـخەرییە نیشـتمانپەروەرییەی شـەریف پاشا لە بـەردەم کۆنفرانسـی ئاشـتیدا بـە ئاشـکرا روونـی کـردەوە کـە ئـەو زەوی‌و زارانـەی ئەرمـەنییەکان داوایان کردبوو، بە هیچ شیوەیەك سەر بە ولاتی ئەرمەن نین، بەلکو سەر بـە کوردستانن؟ هەروەها شەریف پاشا چەندین نامەی ناردووە بۆ جەمعیــەتی تـەعالیی کـورد Union Teali Kurd، بۆ سەرەك عەشیرەتە کوردەکان: پێـی راگەیـاندوون کـە ئـەو هـەر لـە ئیستاوە ئامانجە سیاسییەکانی دەرەوەی ولاتــی کـە پێـی سـپێردرابوون جێبـەجێ کـردوون، ئیدی ئیستاش -بە بیروڕای ئەو- سەرفرازیی گەلی کورد لەوەدایە کە لەگەڵ تورکیا بـبن بـە یـەك. کوردسـتان پیویسـتە ئۆتۆنۆمییـەکی ئیـــداری وەدەســت بــهینێ، بــەلام لــە رووی سیاسییەوە هەمیشە سەر بە تورکیا بیت.

غـالیب بـەگ -خـۆی ئـەم نامـەیـەی گەیاندۆتــە (جەمعیــەتی تــەعالیی کــورد" لــە ئەستەمبوول، ئیســتاش چـاوەڕیی وەلامیـان دەکـات. دەلیـن گوایـە ئەگـەر پیشـنیارەکانی شەریف پاشا پەسەند نەکرین، ئەوا شەریف پاشا ئیستقالە دەدات و چیتر رازی نابـێ ببیتـە نوینەری وەفدی کوردان لە کۆنفرانسی ئاشتیدا لە پاریس.

**Bulletin Armenien**
**30 Mors, 15-30 Avril 1920, p. 4**

## بیروڕای چەند کوردیك

بەڕیز ئەکرەم جەمیل پاشـا Djemil Pachazade Ekrem Beg یـەکیك لـە ئـەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی جەمعیەتی تەعالیی کورد Teali Dlemieti کە یەکیکـە لـە ریکخـراوە کوردییـە هـەرە بـەهیزەکان، ئـەم راگەیاندنـەی خـوارەوەی لـە رۆژی ١٨/٢/١٩٢٠ داوەتـە رۆژنامـەی (جاگادامارد- Dihagadamard):

-بەشـی هـەرە زۆری گـەلی کـورد، بـە ورەیـەکی زۆر بـەرزەوە، داخوازیـی جیابوونـەوەو سەربەخۆیی دەکەن. تورکـەکان پـەیتا پـەیتا چـەندین تەلـەگرامی ناوخۆییـان بـۆ ویلایەتـە کوردییـەکان شـاندووە، بـەڵام ئـەم تەلەگرامانـە هیـچ نرخیکیـان بـۆ دانـەنراوە، چونکـە تەلەگرامی درۆزنانەن. ئایا تورکەکانی سەر بە حیزبی میللی Milli رایان نەگـەیاندبوو کـە ئەرمەنییـەکانیش هـەر، بـی پشـت و پـەنا لـە ولایەتـەکانی رۆژهـەڵاتدا، چوونەتـە پـاڵ کوردەکانەوە؟!

ئەم جۆرە بانگیشەیە، درۆ و دەلەسەی تورکەکانن، جیـهانی دەرەوە بـاش ئاگـاداری ئـەو زەبروزەنگە وەحشیگەرانەیەی تورکەکانن کە دەرهەق بە گەلی ئەرمـەن و یۆنـانی دەینوینـن. خۆ کوردیش هەر لەم زەبروزەنگ و چەوسانەوەیە بیبەش نەبووە.

ئیمـەش وەکـو ئەرمـەنییـەکان راگویزراوینەتـەوە، قـەتلوعام کراویـن. زیانـەکانی ئیمـە گەیشتوونەتە سەدان هەزار. بەو زیانانەی لە ماوەی جەنگیشدا لیمان کەوتوون، سەرجەمیان دەگەنـە میلیۆنیـك. سـەبەبکاری ئـەم قەسـابخانەیەش هـەمووی مسـتەفا کەمالـە، سـەرۆك بزووتنەوەی ناسیونالیزمی تورك.

تەلعـەت پاشـاو ئـەنوەر پاشـا قوربـان بـۆ ئەرمەنییـەکان گرتـەوە، بـۆ یۆنـانی و ئاسورییەکان، جەمال پاشا بۆ عەرەبەکان، مستەفا کەمالیش بۆ ئیمەی کورد.

شەریف پاشا لە سەرەتادا نوینەری "جەمعیەتی تەعالیی کورد" بـوو، واتـە مـەندووبی شەریف پاشا، سەرلەنوێ لە لایەن حیزبی ناسیونالیستی کورد Parti Nationl Kurde کـە لەم دواییەدا سازکراوە دووپات کرایەوە. ئیمە دەتوانین بلیین کە پەیامەکەی شـەریف پاشـا سەدایەکی بەرزی دایەوە و لە کۆنگرەی نەتەوەیی کورداندا، کە پیش دوو مـانگ لـە شـاری ماردیندا سازکرابوو، بە هەلویستیکی جوامیرانە لە قەلەم درا.

کۆنگریسی نەتەوەیی کورد Congres Nationl Kurde ئەو کۆنگرەیەی لە شاری ماردین دا بە تەواوی دەنگ هاورایی خۆیان بۆ شەریف پاشا دەربری و متمانەی خۆیان بە شەریف پاشا دووپات کردەوە.

لیرەدا بۆ ئەوەی بۆتانی بسەلینم کە ئیمە مافی ئازادی و سەربەخۆیی خۆمان هەیە، پیتانی رادەگەیەنم کە تورك بە هیچ شیوەیەك کوردیان لە خشتە نەبردووە. کوردستان – خۆی، بە خواستی خۆی، خۆی بە تورکیا گریٔ داوەتەوە.

کوردەکان سەبارەت بە سوننی بوونیان بە هانای سولتان سەلیمی عوسمانی کەوتن و یارمەتییان دا بۆ ئەوەی سەرکەوتنی بەغدا وەدەست بهینیٔ. ئیدریسی بەتلیس، یەکیك لە کوردە بە توانا و دەسەلاتدارەکانی ئەو سەردەمە، کاتیٔ لە بەغدا گەرایەوە، بە سولتان سەلیمی راگەیاند کە کوردەکان دەیانەویٔ لەگەل تورکیا ببن بە یەك. ئیدی بەسترانەوەی کوردستان بە تورکیاوە هیچ گیروگرفتیکی نەهاتە سەر ریٔ.

رۆحی کورد پرە لە رق و کینە دەرهەق بە زەبروزەنگی تورکەکان. ئەم رق و کینەیەش زۆر بە ئاشکرا لە گۆرانییە فۆلکلۆری و نەتەوەییەکانماندا رەنگیان داوەتەوەو نیشانەی جەنگەکانی نیوان تورك و کوردن. ئەم گۆرانییانە گالتە بە ترسنۆکیی تورکەکان دەکەن، ئەوە نیشان دەدەن کە تورك لە راوەرووت و زەبروزەنگ و تالانکردنی مالی خەلك زیاتر حەز لە هیچ شتیکی دیکە ناکەن. گۆرانییە هاوچەرخەکانیشمان، بەدکارییەکانی رژیمی ئەمرۆی تورکیا پیشان دەدەن، دەسەلاتخوازیی والیەکان، دزی و حیزی و پۆخلەواتەکانیان، بە زۆر سەپاندنی باج و سەرانەکانیان..

زمانی تورکی بە قەد زمانی چینی عەنتیکە و سەمەرەیە بۆ خەلکی رەشۆکی کورد، جوتیارە کوردەکان بە هیچ شیوەیەك تورکی نازانن، بە تەنیا کوردی و ناو شارەکان تورکی دەزانن.

* * *

دووای ئـەو دەماقالییانـەی کـە لـە پەرلــەمانی تورکیــدا کــراون، ســیناتۆری کــورد عەبدولقادر ئەفەندی، ئەم راگەیاندنەی خوارەوەی دابووە چەند رۆژنامەنووسیك:

"ئەرمەنییەکان لە کۆنفرانســی ئاشـتیدا داوای هــەر شـەش ویلایەتەکـەی رۆژهـەلاتیان کردبوو. ئیمەی کوردیش بە هەمان شیوە رووماں لە کۆنفرانسی ئاشتی‌نا بۆ ئــەوەی روونــی بکەینــەوە کـە ئیمــەی کوردیـش، لەبـەر ئـەوەی بەشـی زۆری دانیشـتوانی ئـــەو ویلایەتانــە پیکدەهینــین، داوا دەکـەین وەفدیکـــی تایبــەت بنیردریتــە ئــەو ویلایەتانــە بــۆ ئــەوەی لیکۆلینەوەیەکی سەرجەمگیر لە بارەی ریژەی دانیشتوانی کوردو ئەرمەن سازبدریت.

(بۆگۆس نووبار پاشا) رازی بوو لەسەر ئەوەیی کە ئەو وەفدە بنیردریتە ئەو ویلایەتانە، هەروەها گفتی ئەوەی دا کە چیتر پرۆپاگاندە دژی نەتەوەی‌کورد نەکات".

"لە بارەی شەریف پاشاشەوە، بیگومان ئاشکرایە کە ئەو نوینەری جەمعیەتی تەعالیی کوردانە. ئەم جەمعیەتەش بۆ ئیمە نوینەری هەستی نیشتانیمانە. کەواتە، شەریف پاشا بـە تەواوەتی مافی ئەوەی هەیە کە لەوێ وەك نوینەری گەلی کورد رەفتار بکات". "ئیمە داوای ئۆتۆنۆمی هەر ئەو پینج ویلایەتەمان کردووە کە لــە رۆژهـەلاتی تورکیـادا کوردیـان تیـدا دەژی. ئیمە خۆمـان بە دەرووەست دەزانــین لـە ئاسـت ئـەوەی کـە ولاتەکـەمان بـەرەو پیشـەوە ببــەین و هــەنگاو بـەرەو بەهرەمــەندەکانی نەتەوەکـەمان. بیگومـان تورکـەکانیش دەتوانــن بەشداری لە کاروبارەکانی دەسەلاتداریتی Gouverment بکەن. بەلام ئیمە ئەگەر بیین پشت بە لاوازیی خۆمان ببەستین و خۆمان بدەینە پـال ئەرمەنییـەکان لـە دژی تـورك، ئـەوا ئـەم هەلویستە دەبیتە شیوە خیانەتکاریەکی بێ ماناو پرووپووچ".

**Bulletin Armenien**
**30 Mors, 15- 30 Avril 1920, p.**

# پەراویزەکانی وەرگێر:

١-بەشێك لەو تۆمار و بڵاوکراوانە، وەکو (تێگەیشتنی راستی ١٩١٨) (پێشکەوتن ١٩٢٠- ١٩٢١).. هتد سەر بە دام و دەزگای ئینگلیزەکان بونە، واتە دیاردە و رووداوەکانیان لە گۆشەنیگای ئایدیۆلۆژیەت و بە پێی بەرژەوەندی سیاسی خۆیان هەلسەنگاندووە. بڵاوکراوەو رۆژنامەکانی زمان خالی شۆرشی شیخ مەحموودیش، وەکو (امید استقلال) (بانگی کوردستان)، نەیانتوانیوە لە سنووری سلیمانی بچنە دەرەوەو (کوردستانی دەرەوەی سلیمانی) بخەنە ژێر تیشکی لیکۆلینەوەی رۆژنامەنوسیانەوە.

٢-Club National Kurde کە وەرگیرانە کوردییەکەی دەقاودەق دەکاتە (یانەی نەتەوەیی‌کورد) لە سالی ١٩١٩-١٩٢٠دا لە ئەستەمبۆل هەبووە. لە کۆتایی ئەم دۆکیوومەنتەدا کەسیکی دیکەش باسی ئەم یانە کوردییەی کردووە، بروانە پەراویزی (١١) کامەیە و ناوەرۆك و ئەندامەکانیان چۆن و کێ بوونە!

٣-رۆژنامەی Temps, Le Matin دوو رۆژنامەی فەرەنسین کە لە سەرەتای سالانی بیستەکاندا بەزمانی فەرەنسی بلاو دەکرانەوە ٠ ژەنەرال شەریف پاشای کورد، بەردەوام لەم دوو رۆژنامەیدا وتاری لە پیناو بەنیودەولەتی کردنی کیشەی کورد هەروەها لە باری مافە نەتەوەییەکانی گەلی کوردو پیویستبوونی سەربەخۆیی کوردستان بڵاوکردۆتەوە.

ئەم وتارە جۆراوجۆرانەی ژەنەرال شەریف پاشا کە بە زمانی فەرەنسی لە بارەی سەربەخۆیی کوردستان لە نیوان سالانی ١٩١٩-١٩٢٥دا لە گۆڤار و رۆژنامە فەرەنسیەکاندا بڵاوکراونەتەوە، بایەخیکی تا بلیی گرنگیان بۆ لیکۆلینەوە میژوویی‌و سیاسییەکان لە بارەی بزووتنەوەی ناسیونالیستی کوردلە سەرەتای ئەم سەدەیدا هەیە. ئیمە

ئـەم دوو وتـارە نـاوبراوە و چـەند وتـاریکی دیکـەشمان کردوونەتـە کـوردی و لـە داهـاتوودا پیشچاو خوینەرانی دەدەین. شایانی باسـە ئـەم تۆمـارە ئەرمـەنییـەی بەردەسـت، رەخنـە لـە بۆچوونە سیاسیەکانی دوو لەم وتارانەی شەریف پاشا دەگریّ.

٤-ئەم پەراویزەی خوارەوە هی سەرچاوەی ئەسلییە ئەرمەنییەکەیە. دەلیّ (هـەموو مـان دەزانین کە سەرۆك وەفدی کوردان، شەریف پاشا هەروەها وەفدی ئەرمەنییەکانیش، پیکـەوە هەر یەکە و یاداشتنامەیەکی خۆیان پیشکەش بە کۆنفرانسی ئاشتی کردبـوو لـە پـاریس. بلاوبوونەوەی ئەم یاداشتنامەیەی شەریف پاشا هەرایەکی بیّ ئەندازەی خستە نـاو رۆژنامـە تورکییەکانەوە. ئەو رۆژنامە تورکییانە شەریف پاشا بە کابرایەکی "هیچ" لە قەلـەم دەدەن و دەلین کە ئەو بە هیچ شیوەیەك نوینەری نەتەوەی کورد نیە. هەروەها گوایە شەریف پاشـا ئەو یاداشتنامەیە لەسەر داخوازی ئەرمەنەکان پیشکەش کردووە. بۆ ئەوەی لە هەمان کاتدا ببیتە هاندەرو داخوازییەکانی ئەرمەنییـەکانیش دانیـان پیدابـنریت. رۆژنامـە تورکییـەکان دەلیـن کـە گوایـە نەتـەوەی کـورد بـە شـیوەیەکی ئۆفیسـیال رایگـەیاندووە کـە ئاگـای لـە ئیمزاکردنی ئەو یاداشتنامەیە نیەو شەریف پاشا تەنیا لە پیناو بەرژەوەندییەکانی خۆی ئەم کارەی کردووە. بـۆ ئـەوەی لـە داهـاتوودا ببیتـە سـەرۆك دەولـەتی‌کوردان). بروانـە هـەمان بۆلتەنی ئەرمەنی ژمارە (٢٠١٩/١٨) لاپەرە (٣) رۆژی ١٩٢٠/٤/٣٠.

٥-لە ژمارە (٢)ی تۆمارەکەدا هیچ شتیك لە بارەی کورد بلاونەکراوەتـەوە. لـە ژمـارە (٣)دا لە لاپەرە (٢)، وتاریك باسی چاوپیکەوتنی کورد و تەتەرەکان دەکات لـە کۆمـاری ئـەرمینیادا، کـە بەسەرپەرشـتی دام و دەزگـای تورکـەکان ئـەنجام دراوە. لـە ژمـارە (٤) و (٥)یشدا شتیکی ئەوتۆ لە بارەی کورد بەدی ناکریّ.

٦-دیاری نەکراوە سـەرۆك و ئەندامـەکانی ئـەم یانەیـە کـیّ بوونـە. بیگومـان دەسـتەی نووسەرانی ئەم بۆلتەنە ئەرمەنییە ویسـتوویانە وا نیشـانی رای گشـتی فەرەنسـی بـدەن کـە گوایە ناکۆکی و ناتەبایی لە نیوان رای گشـتی خـەلکی کـورد و شـەریف پاشـادا هـەبووە؛

هەروەها گوایە رووناکبیرە کوردەکانی ئەندامەکانی (یانەی نەتەوەیی کورد) دژی بیروباوەرو هەڵویستەکانی شەریف پاشا بوونە لە پاریس.

گەلی کورد لە سالی ۱۹۱۹دا زیاتر لە سێ کۆمیتەی هەبووە، بە داخەوە لیرەدا پیشان نەدراوە کە باس لە کام کۆمیتەی کوردی دەکات! بەڵام لەگەڵ ئەوەش، لەوانەیە ئەم کۆمیتەیە (جەمعیەتی تەعالی) بیت کە سەرۆکەکەی (جەمیل پاشازادەی ئەکرەم بەگ/ Djemil Pachazade Ekrem bey) بووە چونکە بە پیی هەمان سەرچاوە، ژمارە (۱۸/۱۹/۲۰) ۳۰ مارس-۳۰ئەڤریل ۱۹۲۰ لاپەرە (٤).

۷-لیرە بەملاوە لە سێ پەرەگرافی دریژدا رەخنە لە بیروباوەرەکانی شەریف پاشا دەگرێ کە لە رۆژنامەی Le Temos. Matinدا بلاوی کردوونەتەوە لە بارەی مەسەلەی دیاری کردنی سنووری جوگرافی- سیاسی بۆ ئەو دوو دەولەتەی لە داهاتوودا بۆ گەلی ئەرمەن و کورد دروست دەکرێ. دەلێ: هیچ مەلبەندیك لە جیهاندا بە قەد مەلبەندەکانی وان و بەتلیس ئەرمەنی نین".

**سەرچاوەی تیکرای بەشەکانی ئەم دۆکیوومەنتە، ئەمەیە:**

**Bulletin Armenien, N, 1 (Juill, 1919 M 25 (Juillet 1920) paris.**

## شیعریك پیشكەش بە ژەنەرال شەریف پاشا

دووای پیشكەشكردنی یاداشتنامەكەی ژەنەرال شەریف پاشا بە كۆنفرانسی ئاشتی لە پاریس لە سالی ١٩١٩دا، نووسەرو رووناكبیرانی كورد لە هەر چوار پارچەكەی كوردستانەوە، چاوەریی ئەنجامی ئەم خەباتە بوون و ئەم سیاسەتمەدارە كوردەیان شاباش دەكرد. شاعیری نویخواز، عبدالرحیم رەحمی هەكاری (١٨٩٠-١٩٥٨)یەكیك بوولەو شاعیرانە ، كە ئەم شیعرەی خۆی پیشكەش كردووە و لە ژمارە (٢١)ی گۆڤاری (ژین) لە ئەستەمبول لە ١٩١٩دا بلاوكراوەتەوە:

### ژ بۆ شەریف پاشا

دیسا ژ شەجاعەتا تە ئەی خان
دەریەك ڤەبوو ژ بۆ مە كوردان
ئیدی بەسە ئەڤ جەفاو زیللەت
بێ عیلم و فەزل بمنینە میللەت
ئە ڤ ئەسرە بلندییێ دخازت
هەتا ئەو كو ژین چیە، بناست
فەخرێ دكەین ئەم ب تە، تو كوردی
ئەلهەق كو تو میری، هەم تو مەردی
پشتا تەیە جوملە كورد، كورمانج
لەورا كو تە هەق كریە ئارمانج
كورمانج هەڤیقەتا شینانە
لەورا كو دوی رییبیدا فیدانە.

عەبدولرەحیم رەحمی هەكاری: ژین ژمارە (٢١) ل (١٥-١٦). ئەستەمبۆڵ (١٩١٩).



LE CONSTITUTIONNEL

ORGANE DU PARTI RADICAL OTTOMAN

رۆژنامەی مەشروتیەت بە زمانی فەرەنسی

## یاداشتنامەیەکی دیکەو کۆششی ژەنەراڵ شەریف پاشا
## لە پیناو ئۆتۆنۆمیی کوردستان لە سالی ١٩٤٦

Monsieur le Président
de l'Organisation des Nations-Unies,
LONDRES.

Les représentants du peuple kurde en Irak, confiants dans l'esprit de justice qui anime l'O.N.U. soumettent à la noble Assemblée ce qui suit:-

Les droits reconnus et les promesses faits au peuple kurde n'ont pas été respectés. Les autorités irakiennes ont méthodiquement négligé le peuple kurde au triple point de vue culturel, social et économique. Depuis plus de vingt ans, loin de respecter ses droits en tant que peuple autonome vivant dans un pays éthniquement et historiquement kurde, toute l'activité des dites autorités se concentre sur les moyens de le désagréger et l'arabiser.

C'est pourquoi le peuple kurde demande son indépendance intérieure au sein du Royaume de l'Irak et par conséquence la création d'un gouvernement autonome [illegible] engager le peuple dans la voie du progrès et dont les relations étrangères seraient confiées à un ministère des affaires étrangères en commun avec le gouvernement irakien.

En tous cas le peuple kurde ne peut être lié par un accord qui serait conclu sans son consentement conformément aux principes du Pacte de San-Francisco.

Les représentants du peuple kurde en Irak.

لە ناوەراستی شوباتی ١٩٤٦ ژمارەیەك سیاسەتمەدارو رووناكبیری كوردی ئاوارەی شاری قاهیرە، داخوازینامەیەك بە زمانی فەرەنسی پیشكەش بە ریكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان لە لەندەن دەكەن و داوای ئۆتۆنۆمی بۆ كوردستانی عیراق دەكەن.

ئیمە توانیمان ئەم بەلگەنامە گرنگە، لەگەل برووسكە عەرەبییەكەی وەزیری دەرەوەی عیراق، لە ئەرشیفخانەی "بەشی لیكۆلینەوە ستراتیژییەكانی رۆژهەلاتی ناوەراست" لە ئامۆژگای بالای "غاسپای" لە پاریس بدۆزینەوەو لیرەدا پیشكەشی بكەین.

دووای پشكنین بۆمان دەركەوت كە ئەم داخوازینامەیە، پاش ئەوەی پیشكەش بە "نەتەوە یەكگرتووەكان" دەكریت؛ دەنگدەداتەوەو ژاوەژاوەیكی زۆر لە ناوەندە سیاسییەكاندا دروست دەكات؛ چەندین رۆژنامە و گۆڤاری میسرو عەرەبیی دیكە و فەرەنسیش لە سەری دەنووسن و لیكی دەدەنەوە، لەوانە:

-رۆژنامەی (النهار) ژمارە (٢٣٠٤) لە رۆژی ١٩٤٦/٢/١٧.

-رۆژنامەی (لۆ ژووغ نووڤۆ)ی فەرەنسی، ژمارە (٧٠-٧١) لە ١٩٤٦/٣/١١ كە لە بەیرووت دەردەچوو.

بە پیی ئەو دوو سەرچاوە عەرەبی و فەرەنسییە، حزبیكی كوردی بە ناوی (رزگاریی كورد) لەو ماوەیەدا لە ئارادا هەبووەو ئەم داخوازینامەیەی پیشكەش بە "نەتەوە یەكگرتوەكان" كردووە. بە پیی لیكۆلینەوەیەكی دیكەش، بە ناونیشانی "الكورد فی الوثائق البريطانية"، لەندن: ١٩٩١، ل ٢٤٨) نووسراوی ولید حمدی: ژەنەرال شەریف پاشا پیش هەولدانی ئەم كۆمەلە كوردە لە قاهیرە، هەولدانی شەخسی و تایبەتیی داوە بۆ ئەم

مەبەستە. ئەمەش بە پیی یاداشتنامەیەك کە لـە رۆژی ۲٦/۱۱/۱۹٤٥ لـە لایـەن ڤالتـەر سمارتەری سەفیری بریتانیا لە قاهیرە پیشکەش بە حکومەتی بریتانیا کراوە.

ئـەم بەلگەنامـــە (داخوازینامـــە) میژووییـــە، لـــە پـــال هـــەموو بایەخـــە ئەرشـــیفیو سیاسـییەکانیدا، بایـەخیکی دیکەشـــی هەیــە: یەکیکـــە لــە یەکـــەمین ئـــەو بەلگەنامـــە میژووییانەی کە بۆ یەکەمین جار داخوازیی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی عیراق دەکات.

## ناواخنی بەلگەنامە ( یاداشتنامەکە )

**یەکەمیان:** برووسکە عەرەبییەکـەی وەزیـری دەرەوەی عـیراق (بـە زمـانی فەرەنسـیو عەرەبی) کە وەك پاشبەندیکی یاداشتنامەکە بۆ "نەتەوە یەکگرتووەکان" ناردوویەتی.

**دووەمیان:** یاداشتنامەکە (بە زمانی فەرەنسیو عەرەبی).


وزارة الخارجية
الدائرة السياسية
الشعبة الشرقية
العدد ش/٤٩٦/٤٩٦/٤/١٢١٨
بغداد ٢٥ شباط ١٩٤٦
سري

رئاسة الديوان الملكي
سكرتيرية مجلس الوزراء
نرسل طيه النسخة الفرنسية من الوثيقة التي ارسلها بعض الأكراد [illegible]
القاهرة الى رئيس جمعية الامم المتحدة في لندن مع ترجمتها للتفضل بالاطلاع.
وزارة الداخلية

**حکومەتی عیراق. وەزارەتی دەرەوە/ بەریوەبەرایەتی رامیاری، پۆلی رۆژهەلات**

**ژمارە: ش/ ٤٩٦/ ٤٩٦/٤/١٢١٨ / بەغدا: ٢٥ی شوباتی ١٩٤٦**

**نهینی**

**سەرۆکایەتیی دیوانی پاشایەتی / سکرتاریەتی ئەنجوومەنی وەزیران**

چلە فەرەنسییەکەی ئەو برووسکەیەتان بۆ دەنیرین کە ژمارەیەك لە کوردەکانی نیشتەجیی قاهیرە ناردوویانە بۆ سەرۆکی نەتەوە یەکگرتووەکان لە لەندەن. هەروەها وەرگیرانە عەرەبییەکەیشی لەگەلدایە، بۆ ئەوەی بفەرموون لیی بکۆلنەوە.

ئیمزای وەزیری کاروباری دەرەوە

وینەیەك بۆ:

-وەزارەتی ناوخۆ.

(٢)

نوینەرانی گەلی کورد لە عیراق، سەبارەت بەوەی متمانەیان بە داد پەروەریی "نەتەوە یەکگرتووەکان" هەیە، ئەمەی خوارەوە دەخەنە بەرچاو ریکخراوە شکۆمەندەکەتان:

هەموو ئەو مافانەی بۆ کورد دانیان پیدا نراوەو ئەو بەلینانەی پییان دراون، هیچ ریزیکیان لی نەگیراوە، فەرمانرەوە عیراقییەکان بە شیوەیەکی نەخشە بۆ کیشراو گەلی کوردیان لە هەموو بواریکی کولتووری و کۆمەلایەتی و ئابووریدا فەرامۆش کردووە. بیست سال زیاترە، بێ ئەوەی ریز لە مافەکانی ئەو گەلە بگیرێ، گوایە ئۆتۆنۆمیش هەیەو لەسەر خاکی خۆیشیدا دەژی، سەر تا پای چالاکییەکانی دەسەلاتداران بۆ ئەوە تەرخانکراوە تەفروتوونامان بکەن و بمانکەن بە عەرەب. بۆیە گەلی کورد داوای ئەوە دەکات کە لە چوارچیوەی مەملەکەتی عیراقدا سەربەخۆییەکی ناوەکیی خۆی هەبیت، واتە دامەزراندنی حکوومەتیکی ئۆتۆنۆمی کوردی تاقە ریگەیەك کە کورد بەرەو پیشکەوتن دەبات. لە بارەی پەیوەندییەکانی گەلی کورد بە دەرەوەیشەوە، ئەوا بە هاوبەش لەگەل حکوومەتی عیراقدا لە ریگای وەزارەتی دەرەوەی عیراقییەوە دەبیت.

لە هەموو حالەتیکدا، گەلی کورد خۆی بە هیچ ریککەوتنامەیەك نابەستیتەوە ئەگەر بە رەزامەندیی خۆی نەکرابیت. ئەمەش هەمان پرەنسیپی پەیماننامەی سان فرانسیسکۆیە.

ئیمزای

نوینەرانی گەلی کورد لە عیراق



MEMORANDUM

SUR

LES REVENDICATIONS

DU PEUPLE KURDE

PARIS

erif Paşa'nın Barış Konferansı'na sunduğu Kürt istemlerine ilişkin memo-
ndumun orijinali. (12 sayfa)

**مۆنۆ دراما**

# دووایین رۆژەکانی ژیانی
# ژەنەرال شەریف پاشا

ژووریکی نیمچە تاریکی هوتیلیک. قەرەویلەیەکی شڕ. کورسیو میزیکی شەپریو. چەندین بوتلە شەرابی بۆش. قوونکە جگەرە. رەسمیک بە دیوارەکەوە لاربۆتەوە، خەریکە بکەوێ. شەریف پاشا لە خەو رادەچلەکی. پەککەوتە، پیر؛ بە پرتاو بەتانیەکەی لەسەر خۆی لادەبا. هەناسەیەك هەلدەکیشێ. سەری خۆی لە نیو دەستەکانیدا دەگرێ:

هەموو نیوە شەویك، ئەمە حالمە! هەموو نیوە شەویك لە قوولایی خەونەکانمەوە رادەچلەکم.. بۆ رابردووم دەگریم ،بۆ منداڵیم دەگریم، بۆ سلیمانی.. ئاخ سلیمانی!

خوا بە خیری بگیرێ! چەنیك خۆش بوو! منداڵ بووم. شەروالیك و کورتەکیکی خاکیم لەبەر دەکرد، ورد ورد بەرەو مەکتەبی روشدیە هەنگاوم دەنا. دەچووم لەسەر کورسییەك دادەنیشتم. تەنیشتیکم شیخ مەحموود بوو، تەنیشتی دیکەم رەشید زەکی کابان. رەشید دوو سال لە من گەورەتر بوو، شیخ مەحموودیش.. "شیخ مەحموود"! ئەرێ ئەوە بۆ نالیم "مەحموود"؟ بە رەحمەت بێ، شیخ مەحموود؛ ئەو مندالە گورنەتەلەیەی کاتێ گەورە بوو دە ولاتی هەژاند! پیکەوە گەورە دەبووین، پیکەوە خەمان دەخواردن پیکەوە دەژیاین. کێ

دەیزانی ئەو منداڵە کەپوو بە چڵمە دەبێتە ئەو سەرکردە گەورەیەی کە ئینگلیز لیی بترسێ؟ هەزار حەیف و مەخابن: یادی ئەو ڕۆژە خۆشە دوورەدەستانە دەمکوژێ. دەمکوژێ.

(ماندوو، دەچێ پەنجەرەکە دەکاتەوە)

کورسییەکانی مەدرەسەی ڕوشدیەمان، درەختە جوانەکانی گۆیـژە، ئاوەکەی سەرچنار، خواجەکانی، میرزاو مامۆستاکانمان، ڕەشید زەکی کابان، مستەفا پاشای یامولکی، حاجی تۆفیق- بەم دواییە کە گەرابۆوە، دەڵین ناوی لە خۆی ناوە پیرەمیرد- هەقیەتی. مەعرووف جیاوك بوو کە پیرەمیردی پێ ناساندم. ئەوکاتە هەر دووکیان لە ئەستەمبۆل بوون، ئیوارەیەك پیکەوە خۆیان کرد بە ماڵەکەما و مەعرووف گوتی: "با کوردیکی ڕۆشنبیری دیکەت پێبناسینم، شەریفە قۆز". ئیتر بووینە هاورێ. ئاخ، ئەی هاورێ باشەکانم! ئەی هاوری شکۆمەند و دڵسۆزەکانم، لە کوین!، (دەگری وەدەقیژینێ) ئەی هاوریکانی منداڵیم؛ بیرتان دەکەم!

(بە دەم قوڵپی گریانەوە)

ئەو ڕۆژە خۆشانە ڕۆیشتن. ناگەرینەوە. ناگەرینەوە. مرۆڤ لە تەمەنی گەورەییدا، ڕاستە، هەموو تیکۆشان و هەوڵیکی لە پیناو ئەوەیە کە بتوانێ منداڵیی خۆی وەدەست بخاتەوە! بەڵام.. بەڵام، ئەمە کاریکە تەنیا شاعیر و هونەرمەندەکان دەتوانن بیکەن، نەك سیاسەتمەداریکی فاشیلی وەك من. خۆزگە منیش شاعیریك بوومایە و بمتوانیایە مانایەك بدەمە ئەو منداڵییە لە دەستچووەی خۆم؛ بمتوانیایە منداڵیو گەنجیتییە دوورە دەستەکەی خۆم ڕزگار بکەم. ئەو منداڵیو گەنجیتییەی کە ئیستا، وردوخاش، هەر پارچەیەکی لە لایەك، هیچی دیار نیە. هیچی لی نازانم! نازانم چۆنە! من لەوە ماندووترم کە بتوانم وەبیرە خۆمی بهینمەوە. ئاخ سلیمانی!.. سلیمانی! دەڵین بەم دواییە خەریکە ویرانتر و ویرانتریش دەبێ. چۆن ویرانتر نەبێ؟ هەرچی پیاوی گەورە و هەرچی دڵسۆز و هەرچی شەریف و

هەرچی بەخشندەو پیاوماقوول هەبوون، هەمووی لەناوچوون، یان سەری خۆیان هەلگرتو بە ولاتانی غەریبی کەوتن، یانیش کوژران و شەهیدبوون و لە سیدارەی دوژمن دران؛ یەکە یەکە، وەك ئەستیرەی دەمەوبەیان ئاوابوون.

(هەلدەستیتەوە سەیری ئاوینە دەکا)

هەر تۆ ماویت، شەریفە قۆز! تۆ! تـۆ لەوانەیـە دوایـین پـیری مـاوی ئـەم جیلـە بیـت!! دووایین دلسۆزی ئەم میللەتە پەراگەندە و ئاوارەیە! دوایـین غـەریبی لـە غـەریبی کـەوتووی کورد! "شەریفە قۆز!" ئەم نازناوەشت هەر لە تورکەکانەوە بەسەر دابرا. تـورك ئـەم ناوەیـان لیت نا. شەریفە قۆز! تف لە تورك! گەندەترین و بێوەفاترین میللەتی سـەر رووی زەمیـنـن؛ وەفایان تەنانەت بۆ دایکی خۆشیان نیە. دکتـۆر عـەبدولا جـەودەتی بەسـتەزمان، عـەبدولا جـەودەتی هـاوریم، لـە سـالی ١٨٨٩ لـە ئەسـتەمبۆل ریکخـراوی ئیتیحـادو تـەرەقیی بـۆ دامـەزراندن بـۆ ئـەوەی لەدەسـت دکتاتۆریـەتی سـولتان رزگاریـان بکـات، سـەرجەم شانۆگەرییەکانی شکسپیری بۆ یەکەمین جـار بـۆ تەرجەمـە کردنـە سـەر تورکـی.. وەلحاسـل زیاتر لە نیو سەدە خزمەتی تورك و تورکیای کرد، کـەچی هـەر ئـەوان بـوون، هـەر کـە لـە سالی ١٩٠٨دا حوکمی مەشروتەیان گرتە دەست، ئەویان بە خائین و غەیرە دین لـە قەلـەم دا، پیییان دەگوت "ماسۆنییە". سێ چوار جاران گرتیان، نەفیان کردن، چاپخانـە و کتیـب و گۆڤارەکەشیان لی سووتاندو فرییان دایە رووباری ئەستەمبۆلەوە. ئەگەر ئەو تورکانە هـەر لە بنەرەتەوە دژی کورد نەبوونایە، بۆچی ئاوها رەفتاریان لەگەل نووسەریکی کورد دەکـرد؟ ئەمەیە وەفاو غیرەتی تورك. شەپقەی ئەوروپایان لەسەر خۆ ناو کوردیان لەبیر کـرد. خـەتای خۆمـان بـوو. کـەریتیی خۆمـان بـوو. دەبووایـە زووتـر بمانزانیایـە چ خوینیکـی گـەن لـە دەمارەکانیاندا دەگەرێ. ئەوەتا خۆشم، لە ئەو خراپتر..

(دەچیتەوە بەرامبەر ئاوینەکە)

شەریفە قۆز! ژەنەرالی لەشکری سەربازییان بووم، بە درێژایی دە ساڵ سەفیری دەولەتیان بووم لە ستۆکهۆلم، لە پاریس حزبی رادیکالی عوسمانیم بۆ دانان. لەگەڵ عەبدوڵا جەودەت و دەیانی دیکەی کورد، بەرگریمان لە مافی تورکیاو تورکەکان دەکرد، کەچی ئەوەتا- سەیری خۆت بکە!

(بەرامبەر ئاوینەکە)

ئیستا هەست بە پەشیمانی و رووزەردی کەریتی خۆم دەکەم؛ هەست دەکەم بە درێژایی هەموو ئەو دە ساڵە لە کەر زۆر کەرتر بوومە. بە خۆم دەڵیم: یاخوا سەگ بتخوا؛ بۆچی ئەو تەمەنە درێژەی خۆتت لە ئەوەڵەوە لە خزمەتی کوردستاندا سەرف نەکرد؟ ئیمە هەموومان، جیلی کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای ئەم سەدەیە، جیلی کوردە عوسمانییەکان، ئەو جیلەی کە عەبدوڵا جەودەتی هاوریم پیی دەگوتن "کوردە گەنجەکان"؛ جیلیکی کەر بووین و خزمەتی بیگانەمان کرد؛ هەموومان لە خەوی غەفلەتدا دەژیاین، درەنگ بەخەبەرهاتینەوە. کە بە خەبەریش هاتینەوە، زۆر درەنگ بوو، پیستمان چووبووە دەباغخانە. ئەوەتا تەمەنم حەفتاو چەند سالیکە، هەست دەکەم پەنجا ساڵە مردووم، چۆن وا هەست نەکەم؟ چەند تیکۆشام و چەند هەولم دا، هەمووی هەر بۆ بەرژەوەندیی تورکیاو تورکەکان شکایەوە، لە کۆتاییشدا کوردیان لە تورکیا وەدەرناو گوتیان: "تورکیا تورکلەریدەر". کە بیداریش هاتمەوە، زۆر درەنگ بوو. ئەوکاتە تازە جەنگی یەکەمی دنیا خەریك بوو کۆتایی دەهات، ورەم هیشتا هەر بەرز بوو، وەختی ئەوە بوو ئینگلیزو فەرەنساو رووسیا رۆژهەڵاتی ناوەراستیان بەسەر خۆیاندا دابەش دەکرد، ئیدی دەستم پیکرد: لەم سەفارەتەوە بۆ ئەو سەفارەت، لەو وڵاتەوە بۆ ئەو وڵات: ئەمریکا، لەندەن، ئەستەمبول، قاهیرە، پاریس، ژنیف، ستۆکهۆلم.. دەستی ولسۆن ماچ بکە، دەستی کلیمەنصۆ ماچ بکە، راکە لای فلان گەواد، بچۆ لای فلان پیاوماقوول و سیاسیی گەورە. قاچم لە پاریس بوو، بیرم لە بریتانیا، دلیشم لە کوردستان.. هەتا توانیم لە کۆنفرانسی ئاشتیی ١٩١٩ لە پاریس، بلیم:

کوردستانیك هەیە و بێ دەوڵەتە! هەتا توانیم بلیم: کورد پێویستە دەوڵەتیکی سەربەخۆی هەبیت! لە کۆتاییشدا، دوای ئەم هەموو ماندووبوون و هەوڵ و قورپیوانەی کردم.. هیچ! هەمووی بووە هیچ. هیچ. هیچ. پەیمانی سیڤەر بریتی بوو لە چەند کاغەزو مۆریکی ئیمزاکراوی درۆزن. دەوڵەتی چی و حالی چی؟ تورکیا تورکلەریدەر! تورکیا هەموو شتیکی کوردی گا، بە منیشەوە، بە بەرچاوی ئینگلیزەکانەوە- کە زۆر رقیان لیم بوو-، نەفرەتیان لیدەکردم. (دەست بۆ ئاسمان دریژ دەکا) خوایەکا.. ئەو خەونە خۆشە چی بوو کە رۆیشت؟ ئەو خەونە خۆشەی کە کوردستان ئازاد بژیو منیش سەرەك کۆماری بم! کوردستان ئازاد بژیت. لە مەرەشەوە تاکو سلیمانی لەژیر دەسەلاتی مندا بووایە! ئەوکاتە..

(پیدەکەنی)

ئەوکاتە شیخ مەحموودم دەکردە جیگری خۆم، جیگری سەرەك کۆماری کوردستان؛ عەبدوڵا جەودەت: راویژکاری سیاسیم و وەزیری رۆشنبیری؛ سمکۆ: وەزیری لەشکر؛ عەبدولرەحمان بەدرخان: وەزیری پەروەردە.. ئاخ؛ چ خەونیکی جوان بوو! ئیواران لە مۆن کیف لەناو باخچەی قەسرەکەی خۆم دادەنیشتم و خەونم بەو دەوڵەتە کوردییەوە دەبینی کە پایتەختەکەی سلیمانی بوو: قاچی راستی لە کرمەنشا، قاچەکەی دیکەی لە مەرەش بوو! چ خەونیکی جوان بوو، خوایە! (لەسەر کورسییەکە دادەنیشی) خەون بوو! رۆیی..

(هەڵدەستیتەوە)

یەکەمین چووزەرەی ئەم خەونە لە پارس لە ١٩١٤ هاتە میشکم. ئیتر رۆژ بە رۆژ لەگەڵم گەورەتر دەبوو. سولتان عەبدولحەمیدیش هەر ئەوەی خیر بوو کە منی لە سالی ١٨٩٩دا کردە ئەمباسادۆری عوسمانی لە ستۆکهۆلم. ئەم نەفرەتلیکراوە ،باش بوو نەیدەزانی کوردم، دەنا داینەدەنام. چما ئەو وەختە من بۆ خۆشم دەمزانی کوردم، دەمزانی کورد چیە؟ ئەو کاتە تەنیا عوسمانی هەبوو. تورك عوسمانی بوو، ئەرمەن عوسمانی بوو،

کورد عوسمانی بوو، عــەرەب عوسمـانی بـوو، چەرکـەس عوسمـانی بـوو. نـەوەڵڵا بـۆ خۆشـم نەمدەزانی کوردم. بەڵام کە گەیشتمە ستۆکهۆلم دەمدیت ئەلمانیـەك دەیگـوت ئـەلمانیم، ئینگلیزیك دەیگوت ئینگلیزم، سویدییەك دەیگوت سویدیم. منیش رۆژێـك بـیرم کـردەوە، گوتم باشە ئەدی من چیم؟ دەبێ منیش شتیك بم. ئەوکاتـە لـە کوردسـتانیش شـەرو شـۆرو راپەرینەکان بلیسەیان سەندبوو. ئیتر ئاوها، هەستی پر سویی بێ ولاتیم لە ئـاخرو ئۆخـری ژیانی ستۆکهۆلمەوە دەستی پیکرد. یەکەمین چووزەرەی هەستی کوردایەتیشـم لـە پـاریس؛ هەستی ئەوەی کە کوردم و دەبێ کوردستانیکی ئازاد هەبێ. (پیدەکەنێ) ئازاد..

مەشرووتەخوازانی ١٩٠٨ بوون کە هــەموو شـتیکیان لـە کـورد تیکـدا. هـەر هـاتن و نەهاتن، بە ناوی عوسمانیبیەوە هەموویان، لی ویران کردین. کوردی بەدبەخت هەر تەنیا بەوە راگەیشت کە یەك دوو قوتابخانە و نادی و جەمعیەت بۆ خۆی لە ئەستەمبۆل پیکەوە بنیت. چــوار پینــج ســالی نــەبرد ئەوەشــیان لی تیکدایــن. ســالی ١٩٠٨ داوام کــرد بمکەنــە ئەمباسادۆری عوسمــانی لـە پـاریس، چونکـە کـورد بـووم رازی نـەبوون. بـۆ رازی نـەبوون؟ چونکە کورد بووم. خۆیان وایان لیکردم لە دژیان راوەستمەوە. سەرەرای ئەوەش تاوانباریــان کردم بەوەی مەحموود پاشام کوشتووە و حیزبی رادیکالی عوسمـانیم لـە پـاریس دامــەزراند. فەرەنسا لە خوای دەویست حیزبیکی وەك حیزبە رادیکالەکەی من دژی تورکیای ئــەو کاتـە دروست ببیت، پشتیوانیی ماددیشیان کردم. پاشان کـە ئیـتر جـەنگ لـە ١٩١٤دا دەسـتی پیکرد، دنیا بووە یەك پارچە ئاگر، ئیتر منیش وازم لە حیزبەکەم هیناو دانیشــتم. لـە هـەر چوار قورنەی دنیا شەر و فەرتەنە بوو، منیــش لـە مۆنتـی کـارلۆ دانیشـتبووم. بـە مۆنتـی کارلۆم دەگوت مۆن کەیف. ئینجا بە راستیش کەیف بوو. هـەموو دنیـا سـەرقالی جـەنگ بوو، منیش لە ڤیللاکەی خۆم دانیشتبووم. دووای رابواردن و خواردنەوەو قومار، کاتــێ لـە نایت کلبەکانەوە، سەرخۆش، دەگەرامــەوە مالـەوە؛ لـە کـاتژمیر دوازدەی نیوەشـەو بـەولاوە دادەنیشتم بە دیار پیکی ویسکییەوە، دەگریام؛ بیرم لە چارەنووسی کوردستان و داهــاتووی

کورد دەکردەوە. چۆن مەفەریك بدۆزمەوە بۆ ئەوەی بتوانم ئەم جارەیان بە بیریکی کوردانە تێ هەڵبچمەوەو داوای دەوڵەتیکی کوردی بکەم؟ ئیوارانیش، پیش چوونە دەرەوە، هەرچی کتیب بە فەرەنسی و ئینگلیزی لە بارەی کوردو میژووی کوردستان نووسرابوون، دامدەنانە بەردەم خۆم، دەمخویندنەوە بۆ ئەوەی بتوانم پیش هەر داخوازینامەیەك زەمینەیەکی باش بۆ رۆشنبیریی خۆم دروست بکەم. هەر کە لە خویندنەوەش بێتاقەت دەبووم، سەرلەنوێ شەوان سەرم دەکردەوە نایت کلەبەکان بۆ ئەوەی کەمیك لەناو ژناندا دەردی خۆمم بیربچیتەوە. داخی خۆمم بە ژنە تورکەکان هەڵدەرشت. هەندێ جار، لەناو ئەو کەیف و سەفایەی خۆمدا، لەناو ژناندا هەستم دەکرد سولتانیکی عوسمانیی سەدەی شازدەهەمم. پارە، ئوتومبیل، ڤیللا، شەمپانیا، ژنە ئەڵمانی، ژنە فەرەنسی.. ژنی هیچ میللەتیك نەما لەگەڵی نەخەوم.. هەمووشیان بوونە حەسرەتیك و بیرەوەرییەکی تاڵ. تاڵ. تاڵ، وەك رابردوو. تاڵ، وەك پیریێ، وەك ئەمرۆ. ئەوەتا..

هەر لەویوە بوو ئەم شەریفە قۆزەم دوواکەوت. لە پارەو سامانەوە تا کەشخەیی.. هەموو شتیکم هەبوو. ئینگلیزەکان خۆشیان نەدەویستم. سەگبابانە، دەیانگوت شەریفە قۆز پارەی زۆرە، بۆیە کوردەکانی تورکیا خۆشیان دەویم و دووای کەوتوون. ئەوان وایاندەزانی لەبەر دەوڵەمەندیمە کە کورد منی بە نوینەری خۆی داناوە. نەیاندەزانی کە من چ پروپاگەندەیەکی گەورەم بۆ خۆم لەناو کوردەکانی ئەستەمبۆل و دیاربەکردا دروستکردبوو. مەگەر تەنیا شیخ مەحموود هەمان شتی لە کوردستانی عیراقدا دروستکردبیت. ئەو ئینگلیزە بێ شەرەفانە دەیانگوت خەڵکی کورد میللەتیکی موسلمانی هەژارو بیپارەن، بە دەوڵەمەندی و پارەی شەریفە قۆز هەڵخەڵەتینراون. ئینگلیز نەیاندەویست دان بەوەدا بنین کە مەسەلەکە مەلەسەیەکی سیاسییە و دەمەوێ کوردستانیکی ئازاد هەبێ، پییان خۆش نەبوو کە من سەرۆکایەتیی دەوڵەتیکی کوردی بکەم. نەفرەت لە ئینگلیز، دەیانگوت شەریفە قۆز زۆر قەرووحە، بەلام زۆر کەرە. بە چاوی خۆم دەیان جار ئەمەم لە

رۆژنامەکانیاندا خوێندبووەوە. هەر ئەوانیش ڕێگەیان نەدایە شێخ مەحموودو هاوڕێکانی، کە لە لوبنانەوە بگەنە پاریس و بیانبینم.

(تەماشای دەوروبەری خۆی دەکا: بوتلە عەرەق، قونگە جگەرە)

ئای، هەی.. ژن، ڤیللا، ئوتومبیل، شەمپانیا، پارە، دەوڵەمەندی، کەشخەیی.. ئێستاش، ئەوەتا، لە پاریس، لە ئوتێلێکی دەرەجە پێنجی ئەرمەنییەك کەوتووم و پارەی ئەم سەرە مانگەم بۆ نادرێت. پارەی جەمێك خواردنی ئێوارەم نیە..

(دەچێتە لای پەنجەرەکە. پەنجەرەکەی بۆ ناکرێتەوە)پ

ئەم پەنجەرەیە ناکرێتەوە. ئەگەر بشکرێتەوە، پەنجەرەی غەریبیە، پەنجەرەی دوورەوڵاتییە. من لەم پەنجەرەیەوە کەس نابینم، کەس نامبینێ. کەس نامبیسێ.

(دەگری)

کەس نامبینێ..

(لەناکاو بە حرسەوە هاوار دەکا)

ژەنەراڵ. ژەنەراڵ شەریف پاشا. سەرۆکی حکومەتی کوردستان.. پارەی ئەم سەرە مانگەی هوتێلەکەی بۆ نادرێت، پارەی جەمێك خواردنی ئێوارەی نیە..

تف! تف لە غەریبی. تف لە بێ وڵاتی. تف لە دەردی بێ دەوڵەتی..! (چۆکێکی لەسەر عەرزەو دەگری. لە ناکاو لە دەرگا دەدرێ. سێ نامەی دەدەنە دەست. بە شاگەشکەییو بە پەلەپرووزێوە نامەی یەکەم دەکاتەوە. دەرگاکە پێوە نادا. لە دەرەوەرا دەنگی مۆسیقا پایزەکەی ڤیڤالدی دێتە ژوورەوە. نامەکە دەخوێنێتەوە):

برای گەورەمان، شەریف پاشا نووری چاوانم..

زۆر نیگەرانم و هەست بە ئازارێکی گەورە دەکەم، کە دەزانم جەنابت -کە ڕۆژێ لە ڕۆژان دانرابوویت ببیتە سەرۆکی حکومەتێکی سەربەخۆی کوردستان- کەچی ئەمڕۆ موفلیس بوویتە و لە پاریسەوە داوای پارەت لە نووسەرێکی کەساسی وەك من کردووە. منێك کە ئێستا، بە داخەوە، لە جەنابی پایەبەرزت زۆر موفلستر و بێ پارەترم.

لە هەموو دارات و سامانی بەدرخان پاشای باوکمەوە، کە بە ملیۆنان بوو، تەنیا ڕەزێکم مابوو، کارم تێیدا دەکرد، ئەویش مانگی ڕابردوو فرۆشتم و دامەوە قەرزەکانم. باوەڕم پێ بکە: ئێستا موفلیسم. هیچ نیە بۆتی بنێرم. لەگەڵ ئەم نامەیەی تۆدا نامەیەکم بۆ کامەرانی برای بچکۆلەم نووسیوە لە بەیرووت، بەڵکو ئەو لەوێوە -ئەگەر هەیبێت- هەندی پارەت بۆ بنێرێت.

چاوت ماچ دەکەم و داوای لێبووردنت لێدەکەم.

ئیمزا

جەلادەت بەدرخان

دیمەشق

(نامەی دووەم دەکاتەوە)

برای گەورەم، شەریف پاشا،

چاوانت ماچ دەکەم.

هەست بە کەمیو شەرمەزارییەکی گەورە دەکەم، کە ئەمڕۆ منیش لە تۆ گەلێك موفلیستر و بێ پارەترم. ببووره هیچم نیە بۆتی بنێرم. بیر لە خۆکوشتن دەکەمەوە.

ئیمزای

قەدری جەمیل پاشا

دیمەشق

(نامەی سێیەم دەکاتەوە)

زۆر بەڕێز، ئەی ئەو کەسەی بەناوی شەریف پاشاوە نامەیەکت بۆ کاك عوسمان سەبریی شاعیری کورد ناردبوو!

لە نامەکەتدا، وەك دەردەکەوێ، عوسمان سەبری برادەرێکی نزیك و خۆشەویستی بەڕێزتانە و داوای پارەتان لێی کردبوو کە بۆتان بنێرێ بۆ پاریس. بەڵام زۆر بە داخەوە پێتانی ڕادەگەیەنم کە ناوبراو ماوەیەکی زۆرە لێرە نەماوەو نەفی کراوەتە مەدەغەشقەر. لەوێ بە دەسبەسەری و بە نەفیکراوی دەژی. ناونیشانی نازانم.

من پیاوێکی حوتیاری دراوسێی ماڵی ئەوانم. بە ئەرکی خۆم زانی کە لە جیاتی ئەو، ئەم جەوابەتان بۆ بنووسم و ئاگادارتان بکەمەوە.

ئیمزای

فیکرەت ڕەسووڵ ئەڵلاوێردی

دیمەشق

(خاوەن هوتێلە ئەرمەنیەکە سێ پۆلیسی هێناوەتە سەری و بە پۆلیسەکان دەڵێ):

سێ سۆ مسیۆکی ناپازەنکۆغ پێیێ سێ لوایێ. ئێلفۆدغێ لەمپغێزۆنیێ، توت سویت.

پاریس: ئابی ١٩٩١

ژەنەڕاڵ شەریف پاشا

# بەڵگەنامەکان

Le [illegible] JUILLET 194[illegible].

HOTEL DE PARIS
MONTE-CARLO

Excellence,

Sur l'invitation du Gouvernement allemand, je me suis rendu à Paris le [illegible] Juin dernier et y suis resté jusqu'au [illegible] courant.

J'ai l'honneur de soumettre à la haute appréciation de Votre Excellence la copie des différentes questions que j'ai traitées avec les autorités compétentes allemandes.

Ci-inclus: la copie de la lettre Califale au Grand Mufti de Jérusalem;

La copie de la lettre que le Calife a adressée au Pape. A propos de la transmission de cette lettre, j'ai attiré l'attention des diplomates allemands à qui je l'ai transmise, de l'opportunité de faire parvenir ce document à sa haute destination après avoir consulté le Gouvernement Italien à cet égard;

La copie du télégramme du Calife à l'adresse de l'Empereur du Japon:

La copie de mon memorandum que j'ai remis au Gouvernement Allemand sur la teneur duquel j'ai réalisé mon mémorandum en date

A Son Excellence
Monsieur MUSSOLINI
Chef du Gouvernement Royal et Impérial d'ITALIE
ROME

نامەی یەکەمی شەریف پاشا بۆ مۆسۆلۆنیی

du 21 Juillet courant au Président de la République Turque;

La copie de mon mémorandum sur la question arabe et kurde;

Et la copie de mon memorandum au Président de la République Turque.

Mon déplacement à Paris, d'aprés un télégramme qui s'est parvenu entre-temps aurait soulevé des inquiétudes en Egypte.

L'intelligence service déploie une activité inimaginable, non seulement en France-occupée mais encore en zone libre. Les autorités allemandes sévirent sévèrement contre cette activité en France-occupée. Il est à déplorer qu'elle soit relachée en zone libre. D'autre part, il est notoirement connu que les agents de l'intelligence service envoient clandestinement la nuit par radio de Monte-Carlo des informations à Londres.

Fidèle à mon humble collaboration contre le bolchevisme, je prie Votre Excellence de bien vouloir agréer, l'hommage de mon respectueux et inaltérable dévouement à Sa grande oeuvre.

Général Chérif Pacha

Le 16 Décembre 1942.

HOTEL DE PARIS
MONTE-CARLO

Excellence,

J'ai l'honneur d'attirer respectueusement la haute attention de Votre Excellence sur un fait quoique purement personnel mais non moins important pour le cas qui doit L'intéresser tout particulièrement.

Sur une invitation spéciale des autorités Allemandes, je me suis rendu le 21 Juin dernier à Paris et dès mon retour à Monte-Carlo le 26 Juillet dernier je n'ai pas manqué de porter à la connaissance des autorités Allemandes et Italiennes que quelques jours aprés mon départ, celui-ci avait été signalé télégraphiquement au Caire, ce qui eut pour cause de jeter un trouble dans les milieux politiques Britanniques pouvant porter préjudice à mes intérêts personnels en Egypte. En partant pour Paris je n'ignorai pas les conséquences qui pouvaient résulter de ce déplacement, cependant ma participation à la cause de l'Axe contre le bolchevisme ne m'avait pas fait hesiter un seul instant pour aller accomplir mon devoir auprés des autorités Allemandes à Paris. Je n'ai pas manqué de soumettre à Votre Excellence la copie de mes mémoran-

A SON EXCELLENCE
Monsieur MUSSOLINI
Chef du Gouvernement Royal et Impérial d'Italie
ROME

**نامەی دووەمی شەریف پاشا بۆ مۆسۆلینی**

dums et c'est sur mes indications que les Légions Musulmanes ont été formées recrutant leurs membres parmi les prisonniers de guerre musulmans de Russie. Ayant donné quelques indices pour découvrir l'auteur de l'information concernant mon départ, j'ai été fort surpris que les autorités compétentes n'aient pas encore réussi à arrêter l'individu suspecté. Cependant cette découverte offrirait une importance primordiale pour la sécurité des armées occupantes des Côtes Méditerranéennes. Je n'ai pas manqué non plus de faire remarquer que Monte-Carlo fut durant la dernière et la présente guerre un foyer d'espionnage impénitent. N'est-il pas dans l'intérêt tout particulier de l'Italie d'assurer à ses soldats le maximum de sécurité ?... Si l'état actuel des choses continue sans un sérieux nettoyage des éléments nocifs des pays belligérants et juifs, on ne tardera pas à s'apercevoir de toutes les graves conséquences de cette imprévoyance.

Une personnalité Allemande m'a fait part dernièrement qu'une des pistes indiquées par moi avait produit un résultat probant, mais la lenteur des investigations était seule la cause du retard de l'arrestation de l'agent de l'Intelligence Service suspecté.

Je crois qu'il est de mon devoir d'humble mais fidèle collaborateur de la croisade contre le bolchevisme de me permettre de porter à la haute connaissance de Votre Excellence le fait précité avec l'espoir qu'il Lui plaira de donner des ordres pour activer les investigations nécessaires au sujet de ceux ou de celui qui s'est mis en relation avec l'ennemi pour signaler mon départ. Je La prie de bien vouloir agréer l'expression respectueuse de ma plus haute considération et de mon inébranlable dévouement pour la cause humanitaire qu'Elle poursuit.



# Le Programme Politique du Parti Radical Ottoman

Article Premier. — Le Gouvernement Ottoman est une Monarchie Constitutionnelle ayant une assemblée législative composée du Sénat et de la Chambre des Députés.

Art. 2. — Tous les Ottomans naissent et demeurent libres à quelque race ou confession qu'ils appartiennent, et jouissent d'une parfaite égalité en droits et en devoirs.

Art. 3. — La langue de l'État est le turc.

La religion officielle est la religion musulmane, néanmoins toutes les autres religions pratiquées dans l'Empire, sont sous la protection du gouvernement impérial et les traditions religieuses et morales de chaque race seront respectées, ainsi que les privilèges accordés par des firmans impériaux.

Art. 4. — Les droits et prérogatives de la Couronne, déterminés par les lois fondamentales, sont garantis par tous les Ottomans.

Art. 5. — Les membres actuels du Sénat et de la Chambre des Députés n'ayant pas été élus par le peuple en toute liberté d'opinion et de conscience, la dissolution de l'assemblée s'impose ainsi que de nouvelles élections exemptes de toute pression électorale.

Art. 6. — L'élaboration d'une nouvelle loi électorale conforme aux besoins actuels du pays est nécessaire. Les membres du Sénat, pour une période de 9 ans, seront la moitié élus par le peuple, la moitié nommés par le souverain. Et le ministère sera également responsable devant le Sénat. Notre parti défendra le suffrage universel.

Art. 7. — La libre communication des pensées et des opinions est un des droits les plus précieux de l'homme. Tout Ottoman peut donc parler, écrire, imprimer librement sauf à répondre de l'abus de cette liberté dans les cas déterminés par la loi. Il est donc urgent de modifier, conformément à la législation des pays les plus libres, les iniques lois actuelles, concernant la liberté de la presse, de réunion, de parole et de conscience, pour les appliquer immédiatement ensuite en toute justice.

Art. 8. — En dehors des limites arrêtées et prévues par les lois constitutionnelles, aucune association, aucune corporation, aucun individu ne peut influencer les décisions gouvernementales.

Art. 9. — Nous demandons la suppression immédiate de l'état de siège et la revision de tous les procès concernant les personnes vivantes ou décédés, qui ont été jugés illégalement et arbitrairement par les Cours martiales, et dans une plus faible mesure par les tribunaux civils, afin de réhabiliter leur mémoire et de rendre l'honneur à leur famille.

Art. 10. — Afin d'éviter de nouveaux abus de la part du pouvoir exécutif, on élaborera promptement une loi définissant clairement les cas où la proclamation de l'état de siège sera nécessaire.

Art. 11. — Interdiction formelle des tortures, de la bastonnade, de la persécution ; inviolabilité du domicile et de la correspondance.

Art. 12. — Personne ne peut être accusé, arrêté, ni détenu que dans les cas déterminés par la loi et selon les formes qu'elle a prescrites. Ceux qui sollicitent, donnent, exécutent ou font exécuter des ordres arbitraires, doivent être sévèrement punis.

Mais toute personne appelée ou saisie en vertu de la loi, doit obéir à l'instant : elle se rend coupable par la résistance.

Art. 13. — Nul ne peut être puni qu'en vertu d'une loi promulguée antérieurement au délit et légalement appliquée. Tout homme est présumé innocent jusqu'à ce qu'il ait été légalement déclaré coupable.

Art. 14. — La liberté dont jouit tout Ottoman consiste à pouvoir faire tout ce qui ne nuit pas à autrui, ainsi l'exercice des droits naturels de chacun n'a de bornes que celles qui assurent aux autres membres de la Société la jouissance de ces mêmes droits : ces bornes ne peuvent être déterminées que par la loi. Ces droits sont la liberté, la propriété, la sécurité, la réputation et la résistance à l'oppression.

Art. 15. — La loi n'a le droit de défendre que les actions nuisibles à l'humanité. Tout ce qui n'est pas défendu par une loi régulièrement promulguée ne peut être empêché et nul ne peut être contraint à faire ce qu'elle n'ordonne pas.

Art. 16. — La loi est l'expression de la volonté générale : tous les Ottomans ont droit de concourir, personnellement ou par leurs représentants, à sa formation ; elle doit être absolument la même pour tous : soit qu'elle protège, soit qu'elle punisse.

Art. 17. — Nul ne doit être inquiété pour ses opinions quelles qu'elles soient, pourvu que leur manifestation ne trouble pas l'ordre public établi par la loi.

Art. 18. — Les Ottomans ont le droit de constater par eux-mêmes ou par leur représentants, la nécessité de la contribution publique, de la consentir librement, d'en suivre l'emploi et d'en déterminer la quotité, l'assiette, le recouvrement et la durée.

Art. 19. — Interdiction des souscriptions et donations non autorisées par l'État, ainsi que de la formation sous quelque titre et dans quelque but que ce soit d'associations occultes ou sociétés secrètes.

Art. 20. — La propriété étant un droit inviolable et sacré, nul ne peut en être privé, si ce n'est que lorsque la nécessité publique légalement constatée l'exige évidemment et sous la condition d'une juste et préalable indemnité.

Art. 21. — Toute Société dans laquelle la garantie des droits n'est pas assurée, ni la séparation des pouvoirs déterminée, n'a point de constitution.

Art. 22. — Le principe de toute souveraineté réside essentiellement dans la nation. Nul corps, nul individu ne peut exercer d'autorité qui n'en émane expressément.

**پرۆگرامی حزبەکەی شەریف پاشا**

# بیبلۆگرافیا

## هەندێك لەو سەرچاوانەی باسی ژەنەڕاڵ شەریف پاشا دەكەن:

**بە كوردی:**

-عەبدولڕەحیم ڕەحمی هەكاری: ژین ژمارە (٢١) ل (١٥-١٦)، ئەستەمبۆڵ (١٩١٩).

-عبدالله جودت: بیر خطاب، گۆڤاری (ڕۆژی كورد)، ئەستمبۆڵ، ژمارە (١)، ئەستەمبۆڵ: ١٩١٣، ل ٤.

-عبدالله بابەكر حەمەد ئاغا: ڕۆژنامە و ڕێكخراوە كوردییەكانی توركیا، لە توركییەوە ئامادەی كردووە، كاروان، ژمارە ٦٤، س ١٩٨٨، ل ٨٨-٩٢.

-لاهووتی: كوردستان و كورد، و: جەبار قادر، گ. هەزارمێرد، ژ (٣)، سلێمانی: ١٩٩٨، ل ١٦٢.

٠ڕۆهات ئالاكۆم: دە ساڵ لە ژیانی جەنەڕاڵ شەریف پاشا لە ستۆكهۆڵم، گۆڤاری مامۆستای كورد، ژمارە (٢٧)، لە توركییەوە كراوەتە كوردی، ستۆكهۆڵم: پاییزی ١٩٩٥.

-عەبدولعەزیز یاموڵكی: بنەماڵەی خەندان، گۆڤاری پەیڤین، ژمارە (٢)، سلێمانی: ١٩٩٧، ل ٩٢-١٢٠.

-ئەکرەم مەحموود سالح ڕەشە: شاری سلێمانی، بەرگی یەکەم، بەغدا: ١٩٨٧، ل ٤٧٩ و ٤٩٢.

-ڕەفیق حیلمی: یاداشت، بەشی دووەم، بەغدا: ١٩٨٨، ل ٤٦٦، ٢٠٥.

-د. فەرهاد پیربال: ڕۆژنامەگەریی کوردی بە زمانی فەرەنسی، بڵاوکراوەکانی سەنتەری برایەتی، هەولێر: ١٩٩٨.

-فەرهاد پیربال: (کرۆنۆلۆژیای دوورەوڵاتی) لە گۆڤاری یەکگرتن، ژمارە: ١١- ١٩٩٠ کۆپنهاگن.

-د. فەرهاد پیربال: شەریف پاشا، گۆڤاری گوڵان، ژمارە (١١٩)، هەولێر، ١٩٩٧، ل ٢١،٢٣.

-فەرهاد پیربال: یاداشتنامەکەی شەریف پاشا، ژمارە (٢)ی گۆڤاری (ڕابوون)، ستۆکهۆڵم: ساڵی (١٩٩١)، ل ٦٣-٧٤.

-فەرهاد پیربال: زنجیرەی ژیاندنەوەی نووسراوە عوسمانییەکان ژمارە (٢)، شەریف پاشاو کۆنفرانسی ئاشتی لە پاریس، گۆڤاری یەکگرتن، ژمارە (١٣)، کۆپنهاگن: ١٩٩١، ل ١٠٠-١٠٤.

-د. فەرهاد پیربال: گۆڤاری کوردستان، بڵاوکراوەکانی دەزگای گوڵان، ژمارە (١٣)، هەولێر: ١٩٩٨، بڕوانە پێشەکی و ژمارە (٩)ی گۆڤارەکە، کە لە (١١)ی حوزەیرانی (١٩١٩)دا بڵاوکراوەتەوە.

-فەرهاد پیربال: زنجیرەی ژیاندنەوەی نووسراوە عوسمانییەکان، شەریف پاشاو کۆنفرانسی ئاشتی، گ یەکگرتن، ژمارە ١٣، کۆپنهاگن: ١٩٩١، ل ١٠٠-١٠٤.

-دەقی ئەم بەندانەی تایبەتن بە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردییەوە، لە لایەن مامۆستا (ڕەفیق حیلمی)یەوە تەرجەمەی کوردی کراون: یاداشت، بەشی یەکەم، لاپەڕە ١٩-٢٠.

-فوئاد حەمە خورشید: ژەنەڕاڵ شەریف پاشاو کۆنگرەی ئاشتی، گۆڤاری ڕەنگین، ژمارە (٨٩)، بەغدا، ١٩٩٦، ل ٧.

-محمد صالح زێباری: ژەنەڕاڵ شەریف پاشا، گۆڤاری گازی، ژمارە (٢٨)، دهۆك: ١٩٩٧، ل ٢٣-٢٤.

-بلەچ شێرکۆ: کێشەی کورد، و: حەمەی حەمە باقی، چ ٣: ١٩٩٢، ل ٥٠.

-د. جەبار قادر: د. عەبدوڵڵا جەودەت، گۆڤاری کاروان، ژمارە (٣٢)، هەولێر: ل٩. هەروەها بڕوانە: دیوانی پیرەمێرد، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم: چاپخانەی خاك، سلێمانی: ٢٠٠٠، ل ٢٣، ٢٧.

-محمود احمد محمد: بەشێك لە دیوانی ئەوڕەحمان بەگی بابان، بەغدا: چاپخانەی زەمان،١٩٨٩، ل ٨١.

**Malmisanij u M. Lawendi: rojnamegeriya Kurd 1908- 1981, JN stockholm 1980.**

**بە عەرەبی:**

-د. احمد عثمان ابوبكر: مذكرة الى وفود الحلفاء من الموفد الكردي، شريف پاشا، مجلة (كاروان) عدد ٣٩، اربيل: كانون الاول ١٩٨٥.

-جليلى جليل، نهضة الاكراد الثقافة و القومية في نهاية القرن التاسع عشر و بداية القرن العشرين، ترجمة باڤێ نازی، د. ولاتو، كدر. الطبعة الاولى: ١٩٨٤.

- د٠وليد حمدي: الكرد في الوثائق البريطانية ، لندن : ١٩١٩، ل ١٨٣٠

-زنار صلوبي: في سبيل كوردستان: ترجمة الى العربية: د. رضوان علي، منشورات رابطة كاوا، بيروت ١٩٨٧.

-البروفيسورم. أ. هسرتيان: كردستان تركيا بين الحربين، ترجمة د. سعدالدين ملا و باقي نازى، منشورات رابطة كاوا رقم ١١، دار االكاتب، بيروت: ١٩٨٧، ل ١٦.

-محمد امين زكي: تأريخ السليمانية- بغداد: ١٩٥١ ل ٢٠٥، ٢١٠، ٢٥٧.

-مير بصري: اعلام الكورد، رياض الريس للكتب و النشر، لندن: ١٩٩١.

-د. بلەچ شێركۆ: القضية الكوردية، قاهرة: ١٩٣٠، ل ٥٠-٥٢.

## به فەرەنسی و به ئینگلیزی:

G.Groc - I. Caglar: La Presse francaise de Turquie, ed. lsis, Istanbul, S.D., p. 194.

Hamit Bozarslan: La Question Kurde presse de Sciences po, paris: 1997, p.120

Chris KUTSHERA: Le Mouvement National Kurde, paris: 1979.

M.M. Van BRUINESSEN Agha, Shaikh and State on the social and political organization of Kurdistan, Ultech: 1978, p.369-374.

Mechrou Tiette, Organ du Parti Ottoman Sous La Patronage de G. cheriF Pacha, N. 47, Oct. 1913.

Hamit Bozarslan: Le Probleme National Kurde en Turquie, Diplome, Paris: 1986.

Hamit BOZARSLAN: L Opposition Libreal dans L
Empire Ottoman, Diplome Sous La direction deF.
Furet, Paris: 1987.

Memorandum Sur les Revendications du peuple Kurde, Paris: 1919. 15 pages.

Hamit BOZARSLAN: Tradition alisme ou Nationalisme, in “CEMOTi’, N.6, F.N.S.P.,

Christion MORE: Les Kurdes aujourd hui L. Harmattan, paris: 1984. p.61
Les Kurdes et Le Kurdistan, sous la direction de Gerard CHALIAND, ed. PCM., Paris: 1978, 64.

B. CHIR GUH: La QUESTION Kurde, Caire:1930, P. 23-29.

A. BEDIRKHAN:La Question Kurde, paris: 1959, p.g.

Rouillard clarence DANA: The Turk in the French hidtory, paris: 1938, P. 80

Bernard LEWIS: the Emergence of Modrne Turkey, oxford: 1961. p.55.

J.BISLUPSKI: La culture et l’influence Francaise en Turquie (1453- 1935) Sorbonne. paris.

1. LAGARDE: Notes sur les journaux Francais de Constantinople a Lepoqe revolutionnaire in (Jounal Asiatique) Paris: 1948 , p.271-276.

Francois Georgeon : Apercu sur la presse de la langue francaise en Turquie pendant la periode kemaliste, in “Collection turciacal , paris:1981

Statistique de vanet de bitlis, traduit du russe Par Mehemed Sadik Bey, Commandant de Cavalerie, auache au bureau de renseignements de L, etat-Major general. Imprimerie militaire, Con- stantinople, 1330(1924).

-Encylopedie de e, Islam, Dictionnaire Gcographique, Ethno., et Biogr., des Peuples muslmans, T.l (A-D), (Bedlis), PP, 733-734., Paris: 1913.

paul Fasch: Constantinople au dernieres joursY d’Abdul Hamid paresse: 1907 , p.52

mechroutiette, Constitutionnel Ottoman, organ du parti ottoman (1 entente liberale) sous la patron agedeG.cherif-pacha, N.47, Oct. 1913.

-Memorandum sur Les Revendicationsdu peuple Kurde, imprimerie A.-G. L, HOIR; 26,Ruedu Deltat 26 Paris: 1919.(15 pages).

RECLUS Elisee: Nouvelle Geographic Universelle, La terre et Les hommes, Paris: 1879- 1894

بەرگی نۆیەم بەناونیشانی (L,Asie Anterieur)

Le Temps, Journal parisien, 10 Mars 1920, Paris: 1920.

Bulletin Armenien, N. 1 (Juill, 1919 M25( Juillet 1920) paris.

Bulletin Armenien
30 Mors, 15-30 Avril l920,p.

## بە ئەڵمانیو بە کرمانجی ( کوردی لاتینی )و بە زمانی تورکی :

Aksin, sina, Istanbul Hükümetleri ve Milli Mücadele, Istanbul, 1983.

Alàkom, Rohat, General Serif Pasa Ii Stockholmê (Genera1 Serif Pasa Stockholm’de), Nüdem, No:16, 1995.

Alakom, Rohat, General Serif Pasa Ii Stockholmê, Hêvi, 31. Aralik/6 Ocak,1995.

Alakom, Rohat, General Serif Pasa Ii Stockholme, Mamostey Kurd, No:27, 1995.

AIakom, Rohat, Babeta Sala Mirina Serif Pasa (Serif Pasa’nin Olüm Yili Konusu), Cira, No:5 /1996.

Alakom, Rohat, Serpêhatiya Tabloyeke”Xwevesarti”(Kendini gizlôyen bir tablonun oykusu), Ananc, No:7, 1996.

Alakom, Rohat, Kurt Serif Pasa’nin Olümü, Tarih ve Toplum, No:162 ,1997.

**Alakom, Rohat; Salên Serif Pasa yen dawin, Nüdem, No:27, 1998.**

**Bayrak, Mehmet, Kürdĺoji Belgeleri, Ankara,1994.**

**Bave Goran, Ceneral Serif Pasa, Pirs Kovareke Rewsenbiri, Serbixwe ye, No:1, 1993.**

**Birinci, Ali, Hürriyet ve Itilaf Firkasi II. Mesrutiyet Dcvrlnde Ittihàt ve Terakki'ye Kàrsi cikanlar, Istanbul, 1990.**

**Birinci, Ali, Serif Pasa'nin Rüyasi, Dergah, No:28, 1992.**

**Bulut, Sedef, Paris Kouferansi'nda Serif Pasa'rnn Faaliyetleri ve.Dogu Anadolu Ahalisi'nin Durumu (Gazi Universitesi'nde hazirlanan ve yayimlanmamis bir master tezi, 1997).**

**Carlgren, W.M., "Informationssyctken" fran Abdul Hamids senare regerings ar'-En Kàllkritisk Studie, Historisk Tidskrift 1/1952.**

**Cemil, Arif, Ittihatci Seflerln Gurbet Maceralari, Istanbul, 1992.**

**Chief to speak for Turks, New York Times 20.1.1919.**

**Cherif le Delateur, La Tutquie 5.4.1910**

**Cherif Pascha, Hemmet—Lasning for ung och gammal. No:10, 1903, Stockholm.**

**Cherif Pascha, Ny Illustrerad Tidning, 33/1898.**

**Chark, Michael, Soviet Moves Watched in Paris, New York Times 6.1.1959.**

**Ciyan, Gabar, General Serif Pasa, Ozgur Poütika, 25 Ocak 1996.**

**Daniman, Hasan Basri, Kürt Serif Pasa ve Ailesi, Tarin ve Toplum, No:164, .1997.**

Fehmi, Yusuf, Paris'te Turkler, Broy Yayinlari, basim Lan-hi belli degil.

Fran Stockholms Corps Diplomatique, Dagens Nyheter' 7.8.1908.

Ghaiaty, Aly El, Les revendicatlons kurdes, Correspon-dance d'Orient, 1919 355 (Serif Pasa burada kendisine yoneltilen Kürtlere iliskin bes soruyu yanithyor).

Goldas, Ismail, Kürdistan Teali Cemiyetl, ,Istanbul, 1991.

Govsa, Ibrahim A1aettin, Turk Meshurlari Ansiklopedisi

Serif Pasa maddesi: s.369. Istanbul, 1946

Hanioglu, M. Sukru, Osmanli Ittihad ve Terakki Cemiyeti ve Jon 'Turkler 1985

Hos General Cherif pasche Stckholms' Dagblad 23.5.1908.

Kuneralp, Sinan, Kurt Serif Pasa' nin Olümü, Tarih ve Toplum, No:164, 1997.

Kutlay, Naci, Ittihat- Tarakke ve Kurtler Ankara, 1992

Kutschera, Chris, La mouvement national kurde, Paris 1979.

Lazarev, M.S., Emperyalizm. ve kurt Sorunu (1917—1923) Ankara. 1993.

Levy, Sam, Le Declin du Croissant; Paris, 1913 Serif Pasa bu kitap için bir onsoz yazmstir.

Mevlanzade Rifat'in Anilari, Istanbul, 1992.

Nur, Riza, Hayat ve Hatiratim I, Istanbul, 1991.

Nouni, Ali. Abdul-Hamid i Karikatyr, Stockholm, 1903.

**Oke, M. Kema1, Belgelerle Türk-Ingiliz Iliskilerinde Musul ve Kürdistan Sorunu, Ankara, 1992.**

**Ozalp, A., Serif Pasa ve Muhalefeti (Serif pasa, Bir Muhàlifin Hatiralari, Istanbul,1990 basimli kitaba yazilan on-soz).**

**Petterson, Fanny, Prinsessan Emine, Svenska Dagbladet 31.5.1908.**

**Selahaddin Bey, Mehmed, Ittihad ve Terakki'nin Kurulusu ve Osmanli Devleti'nin Yikilisi Hakkinda Bildiklerin, Istanbul, 1989.**

**Serif Pasa, Mesrutiyet Gazetesi, Paris, 1909—1914 (Paris'te Serif Pasa tarafindan toplam 54 sayisi cikan bir gazete.**

**Fransizca ve Osmanlica olarak cikmistir).**

**Serif Pasa, Mücahede-i Vataniye Muhalefet-i Ittihad Ve Terakki: Mesuriyet'e Dogru, Ben ve Hayatim, Istanbul, 1911.**

**Serif Pasa, Ittihat ve Terakki'nim Sahtekarliklarna Denatlerine Bülend Bir Sada'yi Lanetimiz, 1911.**

**Serif Pasa, Quelques Reflexions sur Ia guerre turcobalkanique, Paris, 1913.**

**Serif Pasa, Ahvali Hazira, Istanbul, 1914 (Martin van Bruinessen'in 14 Mart 1997 tarihli mektubuna gore Serif Pasa' nin bu kitapciginin bir nüshasi Kalifornia Stanford Universitesi, Hoover Institüsu'nün kütuphanesinde bulunmaktadir). Bazi kaynaklarda Serif pasa'nin baska kitapciklar da**

**kaleme aldigi goruluyor. Bkz. Serif Pasa, Bir Hasbihal (Bkz. Ali Birinci, Huriyet ve Itilaf Firkasi). Serif Pasa, Tehlike, Daima Tehlike (Bkz. Mehmet Bayrak, Kürdolo ji Belgeleri).**

**Serif Pasa, Union et Progres et Ies Armeniens, Journal de Geneve 18**

**Septembre 1915.**

**Serif Pasa, Les revendications des kurdes, L'Asie Francaise, No: 175, 1919.**

**Serif Pasa, Les revendications kurdes, Correspondance d'Orient, 1919 (Serif Pasa burada kendisine Aly El Ghaiaty tarafindan yoneltilen Kürtlere iliskin bazi sorulari yanntliyor).**

**Serif Pasa, Memorandum sur les revendications de peuple kurde, Paris,1919. (Serif Pasa'nin Paris Baris Konferansina sundugu Kurt istemlerinin metni).**

**Serif Pasa, Bir Muhalifin Hatiralari-Ittihat ve Terakkiye Muhalefet, Istanbul, 1990 (Serif Pasa'nin 1911 yilinda Istanbul'da yayimlanan anilarirnin yeni basimi).**

**Timur, Taner, Bir Ittihatci Düsmani Serif Pasa ve Mesrutiyet Gazetesi, Tarih ve Toplum, Aralik/ 1989.**

**Tunaya,Tarik Zafer, Türklye'de Siyasi Partiler III Istanbul, 1984,1986, cilt I, cilt II.**

**Turkiet infor sin undergang Cherif Pascha om det ungturkiska "mordàrpartiets" politik, Stockholms Tidningen 19.1.1914.**

**Une tragedie turque a Paris, Le Matin 16.1.1914.**

**Vaktombyte pa turkiska legationen (Serif Pasa ile yapilan bir soylesi), Svenska Dagbladet 22.5.1908.**

**Yildiz, Hasan, Fransiz Belgeleriyle Sevr-Lozan-Musul Uçgeninde Kürdistan, Stockholm, 1990.**

**Yildiz, Hasan; Kurt Siyasasi ve Modernizm, Istanbufl, 1996.**